جوتیار تۆفیق

# بیبلیۆگرافیای

# ڕۆژنامەگەریی کوردی

## لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا

(ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە
لە نێوان ساڵانی ١٩٠٨ ـ ١٩٨٨دا دەرکراون)

بنکەی ژین
سلێمانی ٢٠٠٧

٠٧٠
ج ٣٣٤ جوتيار تۆفيق
بيبليۆگرافياى ڕۆژنامەگەريى كوردى له ڕۆژهەڵاتى كوردستان و دەرەوەيدا/ دانانى جوتيار تۆفيق.
١٨٢ل: ١٦،٥ × 32 سم، پاشكۆ ، وێنه، ( بنكەى ژين-٦٦)
١-ڕۆژنامەگەريى كوردى ٢-(بنكەى ژين ٦٦) ٣-ناونيشان
كتێبخانەى گشتى سلێمانى زانيارى سەرەتايى پێڕست و پۆلێنى ئامادە كردووه

**سەرپەرشتى لەچاپدراوەكانى بنكە: سديق ساڵح**

زنجيره: ٦٦
كتێب: بيبليۆگرافياى ڕۆژنامەگەريى كوردى
له ڕۆژهەڵاتى كوردستان و دەرەوەيدا
دانەر: جوتيار تۆفيق
تايپ: دانەر
مۆنتاج: لاس
بەرگسازى: قادر ميرخان
خەتى بەرگ: ئەحمەد سەعيد
تيراژ: ١٠٠٠
نرخ: ٢٥٠٠ دينار
ژمارەى سپاردن: ٤٣٢ى ساڵى ٢٠٠٧
شوێنى چاپ: سلێمانى ، چاپخانەى شڤان

له بڵاوكراوەكانى
**بنكەى ژين**
بۆ بووژاندنەوەى كەلەپوورى بەڵگەنامەيى و ڕۆژنامەوانىى كوردى
هەرێمى كوردستان: سلێمانى، ئەندازياران، گەڕەكى ١٠٥، كۆڵانى ٥، خانووى ٢٣
نۆرماڵ: ٣١٨٣٦٣١ ئاسيا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ يا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩
E. Mail: bnkaizhin@yahoo.com ١٤ :سنووقى پۆستrojhelati kurdistan

## گوتەیەکی سەرەتا:

سازکردنی بیبلیۆگرافیایەکی دەوڵەمەند و تێروتەسەل کە بەشی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان لەخۆ بگرێت، کارێکی هەروا سوک و ئاسان نییەو ماندوبون و گەڕان و وردبونەوەی زۆری دەوێت. هەروەها نوسینەوەی مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردیی هەر پارچەیەکی کوردستان هەوڵ و کۆششێکی بێ وچان و چڕوپڕی دەوێت. ئەگەر ئەو کارە لە باشوری کوردستان جۆرە ئاستەنگێکی هەبێت، ئەوا بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاستەنگەکە زۆرترو دژوار ترە. چونکە باشوری کوردستانی لێدەرچێت، هەمیشە لە پارچەکانی دیکەدا زمانی کوردی قەدەغە بوەو پێی نەنوسراوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک هەر بەشێکی دیکەی کوردستان، لەماوەی سەد ساڵی ڕابوردودا بەردەوام لەژێر سایەی داگیرکەراندا بوەو لە چەند دەرفەتێکی کورتدا نەبوبێت، هەندێک ناوچە ئازادییان بەخۆوە بینیوە، ئیدی بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێراندا بوەو هەردەمیش خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی قەدەغە بوە.

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مێژویەکی پچڕپچڕی هەیەو بەشی زۆری بە ساغنەکراوەیی و تێکەڵوپێکەڵی ماوەتەوە. هەوڵ و ماندوبونی چەند کەسێک نەبێت کە چەند گۆشە لەو مێژوەیان ڕونکردوەتەوە، ئیدی بەشی زۆری بە گومی و نارۆشنیی ماوەتەوە.

نەبونی ئەرشیڤ و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند کە بەشی زۆری گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە و کتێب و دەستنوسە کوردییەکانی تیادا پارێزرابێت، کێشەیەکە لە زۆربەی بوارە زانستی و ڕۆشنبیرییەکاندا پێمانەوە دیارە.

سەرەتای دەستپێکردنی ئەم کارەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە لە قۆناغی ئامادەیی دەمخوێند (واتە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤). لەو ساڵانەدا لەپاڵ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندندا، بەردەوام دەچومە «کتێبخانەی گشتیی سلێمانی» و گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنەکانم دەخوێندەوە و هەرچی پەیوەندیی بە

مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە هەبوایە لای خۆم یاداشتم دەکردو دەمنوسییەوە. هاوکات سودم لە (کتێبخانەی مۆزەخانە) و (کتێبخانەی ئەوقاف)یش دەبینی و هەرچی لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەست نەکەوتایە لەو دو کتێبخانەیە پەیدام دەکرد. هەندێک جاریش پەنام بۆ ئەو دۆست و هاوڕێیانە دەبرد کە لە ماڵی خۆیاندا کتێبخانەیان هەبو. هەروەها لە ئەرشیڤ و کتێبخانە بچکۆلەکەی خۆشمدا هەندێک گۆڤارو ڕۆژنامەی دەگمەنم پاراستبو کە بە ئاسانی دەست نەدەکەوتن و بۆ ئەو کارەی من سودبەخش بون. کاتێک چومە زانکۆی بەغداد، ئەوەندەی کە دەچومە (کتێبخانەی نیشتمانی) و (کتێبخانەی کۆڕی زانیاری) و کتێبخانەکانی زانکۆکان و کۆلیژەکان، ئەوەندە کاتم بۆ سەعیکردن و ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن نەبو. بەردەوام بە نێو کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنەکان (چ کوردی و چ عەرەبییەکان)دا دەگەڕام و زانیاریی جۆراوجۆرم دەربارەی مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوردی کۆدەکردەوە. هەر لەو ساڵانەدا چەند وتار و لێکۆڵینەوەم لەو بوارەدا بڵاوکردەوە. زۆر مامۆستاو نوسەرو کەسانی دڵسۆز هانیاندام کە ئەو کارانەم درێژە پێبدەم و خزمەتەکەم بەردەوام بکەم. پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆش بە شێنەیی درێژەم بەم کارەم داو ئەم بیبلیۆگرافیایە بەشێکی ئەو ڕەنجەمە.

گەلێک فاکتەر هاندەرم بون کە ئەوەندە بایەخ بە مێژوی ڕۆژنامەگەریی کوردی بدەم، سەرەکی ترینیان ئەوەیە کە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی بە بڕبڕەپشتی مێژوی ڕۆشنبیریی نەتەوەکەمان دەزانم. باوەڕم وایە کە بەشێکی گرنگ لە مێژوی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، هونەری... نەتەوەکەمان پەیوەستە بەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی ...یانەوە کە ڕوناکبیران و تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەریان کردون. چ لە نێو خودی گۆڤارو ڕۆژنامەکانداو چ ئەوەی کە پەیوەندی بە هەلومەرجی دەرکردنیانەوە هەیە، هەمویان بەشێکی گرنگ لە مێژوی سیاسی و ڕۆشنبیریی نەتەوەکەمان پێکدێنن. ئیدی ئەمەم لا ببوە کارێک کە هەرگیز لێی نەوەستم و لێی سارد نەبمەوە. تەنانەت لەم ساڵانەی دواییشدا کە کەوتمە نێو جموجوڵی «چەپی»ـەوە، هەر وازم لەو

کارەم نەهێنا. بەڵکو دەستم کرد بە نوسینەوەی مێژوی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییە مارکسی و چەپییەکان و زانیارییەکی ئەوتۆم لا کۆبوەوە کە زۆری هەر لەبیرچوبونەوە.

ئەرکی سەرشانی زانکۆو پەیمانگاو دامودەزگا زانستی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستانە کە بیبلیۆگرافیای دەوڵەمەندو پڕ لە زانیاریی بۆ کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان ساز بکەن. بەڵام کاتێک ئەوان بەڕادەی پێویست بایەخ بەم جۆرە کارانە نادەن، یاخود بە شێوەی پڕ لە هەڵە ئەوکارانە دەکەن. ئیدی کەسانی وەکو من ناچارین بەشێکی زۆر لە کاتەکانمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە تەرخان بکەین !

لێرەدا دەمەوێت بە ڕۆشنی ئەوە بڵێم کە ئەم کارەی من لە هەڵەو کەموکوڕیی بەدەر نییە. چونکە هەوڵی تاکە کەس لە باشترین حاڵەتدا هەر ناتەواوی پێوە دیاردەبێت. بەتایبەتی لای ئێمەی کورد، کە نە خاوەنی ئەرشیڤ و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندین، نە مێژوشمان بە پوختی و تێروتەسەلی نوسراوەتەوە.

داوام لە خوێنەرانی هێژا ئەوەیە کە هەرچی کەموکوڕی و زانیاریی هەڵە لەم بیبلیۆگرافیایەدا دەکەوێتە بەرچاویان، لە شێوەی وتارو لێکۆڵینەوەدا ئاماژەیان بۆ بکەن و ڕاستیان بکەنەوە. یان بە نامە و ئیمایل ڕاستەوخۆ خۆمی لێ ئاگادار بکەنەوە. منیش لەڕێز و سوپاس بەولاوە، هیچی دیکەم نابێت بۆیان. دیارە ئەوەش بەر لە هەرچی خزمەتە بە ڕۆشنبیریی نەتەوەکەمان.

هەر لێرەشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم بیبلیۆگرافیایە بەری ڕەنج و هەوڵ و کۆشش و ماندوبونی چەند ساڵەی خۆمە. هاوکات گەلێک دۆست و هاوڕێ هاوکارییان کردوم و زانیارییم لە گەلێک وتار و کتێب و نامە و دەستنوس وەرگرتوە کە لە جێی خۆیاندا ئاماژەم بۆ هەمویان کردوە. لێرەدا دەمەوێت سوپاسی تایبەتی خۆم ئاراستەی: ئەحمەدی شەریفی، سەید محەمەد سەمەدی، عەبدوڵلای سەمەدی و ڕێناس نەورۆزی، بکەم کە چ لە ڕێگای نامەوەو چ بە ئیمایل زۆر هاوکارییان کردوم. هەروەها سوپاسی ڕوناکبیر و تێکۆشەری نەتەوەکەمان صارم خانی صادق وەزیری دەکەم کە لە

چەند نامەیدا کە لەکاتی جیاجیادا بۆی ناردوم، زۆر باس و ڕوداوی بۆ ڕونکردومەتەوە کە بەشێکیان پەیوەندییان بە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە هەیەو، بۆ ئەم بیبلیۆگرافیایە سودم لێوەرگرتون. هەروەها پڕبەدڵ سوپاسی ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە دەکەم کە بەشێوەی جۆراوجۆر هاوکارییان کردوم.

**جوتیار تۆفیق هەورامی**
**سوید ـ ستۆکهۆڵم ـ سۆللێنتونا**
**٢٠٠٦/٦/٢٩**

## چەند سەرنجێک:

١. لەم بیبلیۆگرافیایەدا هەندێک جار زاراوەی (بلاوکراوە)م بەکارهێناوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەو پەخشنامەیەی کە باسم کردوە خەسڵەتەکانی گۆڤار یان ڕۆژنامەی بە ڕۆشنی لەخۆ نەگرتوە، واتە بەئاسانی ناتوانین بڵێین کە ڕۆژنامە بوە یان گۆڤار! هەروەها هەندێک لە پەخشنامەکان تا ئێستا هیچ دانەیەکیان لێدەست نەخراوە، لەبەر ئەوە هەر بە بلاوکراوە ناوم بردوە، هەتاکو ڕۆژێک بۆمان ساغ دەبێتەوە کە گۆڤار بوە یان ڕۆژنامە.

٢. نیازم بو لە پاشکۆی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا بیۆگرافیی زۆربەی ئەو تێکۆشەرو ڕوناکبیرە کوردانە کە لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەڵسوڕاون بنوسمەوە، بەلام لەم دەرفەتەدا تەنها توانیم دەربارەی هەندێکیان بنوسم. ئومێدەوارم کە لە چاپێکی دیکەدا بتوانم بیۆگرافیی زۆر کەسایەتی دیکەی وەک: ئەبولقاسم لاهوتی، سەعید ناکام، غەنی بلوریان، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، دوکتۆر ڕەحیمی قازی، دوکتۆر عەلی گەلاوێژ، ئەحمەد تۆفیق و گەلێکی دیکە کە لەو بورەدا ڕەنجیانداوە بە تێروتەسەلی بنوسمەوە.

٣. لەم بیبلیۆگرافیایەدا زۆر هەوڵمداوە کە ئاماژە بۆ زۆربەی ئەو وتارو لێکۆڵینەوانە بکەم کە دەربارەی گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاوکراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بلاوکراونەتەوە. لەو باوەڕەدام کە گەلێکی دیکەش بلاوکراونەتەوەو تا ئێستا دەست من نەکەوتون.

٤. ڕەنگە لەم بیبلیۆگرافیایەدا ئاماژەم بۆ ناوی هەندێک بلاوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامە کردبێت کە پەیوەندییکی ئەوتۆیان بە کوردەوە نەبێت، بەلام هەر ئەوەندە کە لە شارەکانی کوردستان دەرچوبن، یان کەسانی کورد دەریان کردبن، پێم باش بوە ئاماژەیان بۆ بکەم. ئەگەر ڕۆژێک بوینە خاوەنی چەند بیبلیۆگرافیای دەوڵەمەند، ئەوسا دەتوانین کار بۆ ئەوەش بکەین کە هەرکام لەوانە کە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا جێیان نابێتەوە، وەلایان بنێین !

٥. ناوی گەلێک گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەم لای خۆم نوسیوە کە لە تاران و هەندێک شاری دیکەی ئێران بە فارسی و ئینگلیزی و زمانی دیکە دەرکراون و کەسانی کورد دەریان کردون یان لە دەرکردنیاندا ڕۆڵی دیاریان هەبوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زانیاریی تەواوم دەربارەیان لەبەردەستدا نیەو دڵنیانیم لەوەی کە ئاخۆ پەیوەندییان بە نەتەوەی کوردەوە هەبوە یان نا! لەبەر ئەوە لەم بیبلیۆگرافیایەدا ئاماژەم بۆ هیچکامیان نەکردوە.

٦. ئەگەر لە هەندێک جێدا چەند باسێک دوبارە بوبنەوە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەمجار نیازم بو کە بیبلیۆگرافیاکە سەربەخۆ چاپ بکەم و هیچ باس و بابەتێکی دیکەی لەگەڵ نەبێت. پاشان، بە پرسوڕا لەگەڵ چەند دۆست و هاوڕێ، هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە باشترە کورتەی بیۆگرافیی کۆمەڵێک لەو کەسایەتییە کوردانەی کە لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەڵسوڕاون و پێشتر وتار و لێکۆڵینەوەم دەربارەیان نوسیوە، وەک پاشکۆیەک لەگەڵیدا چاپ بکرێت. دواتریش بە پێویستم زانی لێکۆڵینەوەیەکی دیکەم کە ئەویش هەر پەیوەندیی بە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە هەیە، ئەویشی بخەمە پاڵ و بەم جۆرەی ئێستای لێبێت. ئیدی ئەگەر هەندێک باس دوبارە بونەوەتەوە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەم بۆ ئەوە نوسیبون کە بە جیا بڵاویان بکەمەوە، نەک هەمویان پێکەوە. هەرچەند هەندێکیان پێشتر لە چەند گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕی کوردیشدا بڵاوبونەتەوە.

# ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاوكراوانەی كە
# لە نێوان سالآنی ١٩٠٨ - ١٩٨٨ دا
# لە ڕۆژهەلاتی كوردستان و دەرەوەیدا دەركراون




## (١) گۆڤاری «كوردستان میشنێری»:

لە سالّی ١٩٠٨ دا میسیۆنێكی مەسیحی لۆتەری بە زمانی ئینگلیزیی دەریكردوەو بەشی هەرە زۆری وتارەكانی تایبەت بون بە شاری مەهابادو ناوچەی موكریان و ڕۆژهەلاتی كوردستان. هەروەها لە گەلێك ژمارەیدا وێنەی مەهابادو خەلّكی مەهابادو دەوروبەری بلاوكراونەتەوە. هەتاكو سالّی ١٩٢٨ بەردەوام بوە. ژمارە ١٠ی سالّی پانزەهەمینی لە ئۆكتۆبەری ١٩٢٣دا دەرچوە.

دوكتۆر ئەمیر حەسەنپور، دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیویەتی: گۆڤاری كوردستان میشنێری، مانگانە بوو و هەوەلّ ژمارەی لە ئۆكتۆبەری ١٩١٠ لە شاری شیكاگۆ لە هەشت لاپەڕەدا دەردەچوو و دوایە ژمارەی لاپەڕەكانی گەیشتە ١٦. مەبەستی گۆڤارەكە ئەوەبوو كە هەوالّی چالاكی میسیۆنەكە، بە لووترەكانی ئامریكاو ولآتانی تر ڕابگەیێنێ و بەو چەشنە یارمەتی بۆ

میسیۆنەکە کۆبکاتەوە. گۆڤارەکە، پڕە لە نامەو وێنەو ڕاپۆرتی کاری میسیۆنێرەکان (وەک دوکتۆر فۆسووم، مزداڵ/میس داڵ خانم، میس گودار/گودهارت، دوکتور شالک و ئەوانی تر) و وێنەی خەڵک و دیمەنی شاری سابڵاغ و موکریان. ئەو ژمارانەی ئەمن وەدەستم کەوتوون بریتین لە: ساڵی ۱ و ۲ (۱۹۱۲ ـ ۱۹۱۰ چەند ژمارەی کەمە)، ساڵی ٦ و ۷ و ۸ (۱۹۱۷ ـ ۱۹۱٥ تەنیا حەوت ژمارەم هەیە) و ساڵی ۱۰ هەتا ۱۹ (۱۹۱۸ هەتا ۱۹۲۷). {گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ۱۹۹۷، ل٤٢}.

دوکتۆر ئەمیر حەسەنپور، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیوە، بڕوانە:

Amir Hassanpour, Kurdistan Missionary, svensk-Kurdisk Journal, nr. 8, 1987,16 17

* سوسان مەیسێلاس، وێنەی بەرگی ژمارە ۱۰ی ساڵی پانزەهەمینی ئەم گۆڤارەی بڵاوکردوەتەوە. بڕوانە:

Susan Meiselas, Kurdistan In The Shadow of History, New York, 1997, p113 .

## (۲) ڕۆژنامەی «کرمانشاه»:

لە ۱۹۰۹/۱۱/١٦ دا لە شاری کرماشان بە فارسی دەرکراوە. پاش سێ مانگ وەستاوە. ژمارە ۱۱ی لە ۱۹۰۹/۱۲/۲۰ دا دەرچوە. «صاحب امتیاز و مؤسس: میرزا احمد خان وزیری معتضد الدوله و «مدیر: سید هدایت الله فصیح المتکلمین» بوە. هەتاکو ساڵی ۱۹۱۱ بەردەوام بوە.

{دەربارەی بڕوانە: محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، جلد اول، چاپ سوم، تهران، ۱۳۸۱، ص۳۳۳}. هەروەها {بڕوانە: محمد صدر هاشمی، تاریخ جرائد و مجلات ایران، جلد چهارم، چاپ دوم، ١٣٦٤، انتشارات کمال، اصفهان، ص۱۳۳ ـ ١٣٤}.

## (٣) ڕۆژنامەی «کوردستان»:

لە ساڵی ١٩١٣ دا عەبدولڕەزاق بەدرخان لە شاری خوی بە زمانی کوردی دەریکردوە. {لە هەندێک سەرچاوەدا ساڵی ١٩٠٨ و لەهەندێکی دیکەدا ١٩١٢نوسراوە}.

* محەمەد تۆفیق وردی، ساڵی (١٩٦٩) نوسیویەتی: «ڕۆژنامەی کوردستان: ١٩١٣ ـ ١٩١٤ لەلایەن کۆمەڵێك لە لاوانی کوردستان، لە شاری ورمیە ـ رضائیە لە کوردستانی ئیران دەر ئەچوو، خاوەنی ئیمتیازی خوالیێ خوشبوو عبدالڕەزاق بگ بدرخان بوو، لە نووسینا چەند لاویکی خویندەوار و یەکیک لە پیاوە ماقوڵەکانی سابلاغ ـ مهاباد، یارمەتی عبدالرزاق بگ یان ئەدا. دوای گرتنی عبدالرزاق بگ، لەلایەن رووسە قەیسەری یەکانەوەو ناردنی بو رووسیا، ڕۆژنامەکە پەکی کەوت. بەڵام کە سمکو ـ اسماعیل ئاغای شکاک شاری ورمی ی گرت، ڕۆژنامەکە جاریکی تر دەست کرایەوە بەدەرکردنی، بەڵام هیندەی پی نەچوو، پاش چەند ژمارەیەک بە یەکجاری ڕاوەستا».

{ بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی - النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل٤١.}

عەبدوڵلا سەمەدی لە نامەیەکی چەند لاپەڕەیی خۆیدا کۆمەڵێک سەرنج و تێبینیی گرنگی دەربارەی ئەم بیبلیۆگرافیایە بۆ نوسیوم و چەند هەڵەشی بۆ ڕاستکردومەتەوە، لەو نامەیەدا نوسیویەتی: «ڕۆژنامەی کوردستان، ئەم ڕۆژنامەیە کە عەبدولڕەزاق بەدرخان لە شاری خۆی دەریکردووە، وەک لە هەندێ سەرچاوەدا نوسراوە هەر بە ناوی «خۆی» دەرکراوە».

{عەبدوڵلا صەمەدی، نامەکەی لە ٢٠٠٦/١١/١٤دا لە مەهاباد نوسیوە}.

## (٤) گۆڤاری «کوردستان»:

چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاپریلی ١٩١٤دا لە ورمێ بە کوردی دەریانکردوە.

* پرۆفیسۆر ڤ. ف. مینۆرسکی، له کتێبی کوردەکان دا نوسیویەتی: «ژماره یەکی ئەم گۆڤارەم هەیەو له ئاپریلی ١٩١٤ دا دەرکراوه.
». بڕوانه: الپروفیسور، ڤ. ف. مینورسکی، الاکراد ملاحظات و انطباعات، ترجمه و علق علیه وقدم له: الدکتور معروف خزندار، بغداد، ١٩٦٨، ص٤٤.

## (٥) ڕۆژنامەی «غرب ایران»:

له مانگی سێپتێمبەری ١٩١٦ دا له کرماشان له لایەن «میرزا کاظم خان ملک زاده»ەوه، به فارسی دەرکراوه. گەلێک نوسەری ئازادیخوازی کرماشان، وەک: میرزا مەهدی خانی فەرەهپور، سەید ئەحمەد کزازی، شێخ عەلی (ڕەوشەن)، فەرەجوڵلا کاویانی ... وتارو بابەتی جۆراوجۆریان تیادا نوسیوه.

{دەربارەی بڕوانه: محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، جلد اول، چاپ سوم، تهران، ١٣٨١، س٣٣٤}.
* له کتێبی (تاریخ جرائد و مجلات ایران)دا، نوسراوه: "ڕۆژنامەی غرب ایران له ذیلحجەی ١٣٣٥ (که دەکاته ئۆکتۆبەری ١٩١٧) دا دەرکراوه. {بڕوانه: محمد صدر هاشمی، تاریخ جرائدو مجلات ایران، جلد چهارم، چاپ دوم، ١٣٦٤، انتشارات کمال، اسفهان، ص٥٨}.

## (٦) ڕۆژنامەی «بیستون»:

ساڵی ١٩١٧ ئەبولقاسم لاهوتی به هاوکاریی فەرەجوڵلا کاویانی له کرماشان به فارسی دەریکردوه. ١٢ ژمارەی لێدەرچوه و ئیدی وەستاوه. دواتر چەند خولێکی دیکەی لێدەرکراوه و چەند ساڵ بەردەوام بوه.
* عەبدوڵلا مەردوخ، سەبارەت بەم ڕۆژنامەیه نوسیویەتی: «ڕۆژنامەی بێستوون، له ساڵی ١٩١٧ دا له لایەن ئەبولقاسم لاهووتی و یارمەتی فەرەجوڵلا کاویانیەوه به زمانی فارسی له کرماشان دا بڵاو بووەوه پاش دەرکردنی ١٢ ژماره، دوژمنانی ئازادی زۆریان بۆ لاهووتی هێناو، ئەویش

ناچار کرماشانی بەجێ هێشت و ڕۆژنامەکە داخرا. لە ساڵی ١٩١٨ دا ئەحمەی عەلی خان شەیبانی بوو بە بەرپرسی و نۆ ژمارە تری دەرکرد. هەر لەو ساڵەدا میرزا مەهدی خان سەدیق دەفتەر فەرەهپوور سنەیی ئەرکی بڵاو کردنەوەی گرتە دەست. ڕۆژنامەی بێستوون، ئۆرگانی ئەنجۆمەنی یەکێتی کرێکارانی کرماشانی سەر بە حێزبی توودە بوو. ئەم ڕۆژنامە هەتا ساڵی ١٩٤٨ دەوامی کرد. پاش کودێتای ١٩ ئووتی ١٩٥٣ شاو ئەمریکا لە دژی موسەدیق، ڕژیم مەهدی خان فەرەهپووری بەوە تاوانبار کرد کە لایەنگری حێزبی توودە بووە و پێنج ساڵ زیندانیان بۆ بڕیەوەو، ڕۆژنامەکەش بە تەواوی داخرا». {بڕوانە: ئەحمەد خودادادە، چارەڕەشیی وەرزێر، عەبدوڵلا مەردوخ کردوویە بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، پاریس، ١٩٩٥، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری بڕوا، ل ج، پەراوێزی ١}.

## (٧) ڕۆژنامەی «کورد»:


(واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا)
جیگی ادارە ورمی چاپخانەغیرات
مدیر محمد ترجانی
مقالاتیك منفعت کردان تیبدابی ورد گیری
جاری لە هرهفتەدا یکیك چاپ دکری
١٢ مانك شوال ١٣[illegible]
حق ڕوزنامە پیشکی ورد گیری
داخله | خارجه
سالیك ٥٠ | ٦٠ قران
شش ماهك ٢٧ | ٣٥
قیمت یك نسخه دە شاهی
قیمت اعلانان هر دیری دو قران
روزنامیکە سیاسی ادبی اخباری سرمقالی ترجمەد کری بفارسی دینوسی کردیك بوهمو کردان

لەلایەن مەلا محەمەد تورجانی لە شاری ورمێ، لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل ئاغای شکاکدا، بە کوردی و فارسی دەرکراوە. بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٢٢/٦/١ (٥ ی شەوالی ١٣٤٠ بەرامبەر بە ١٠ی خرداد ١٣٠١) و دومم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٢٢/٦/٨ (١٢ی شەوالی ١٣٤٠ بەرامبەر بە ١٧ی خرداد ١٣٠١) دا دەرکراوە. مەلا محەمەد تورجانی (پاشتر بە قزڵجی ناسراوە)، مەلا ئەحمەد تورجانی زادە (برا بچوکی مەلا محەمەد قزڵجی) و سەید عەبدوڵڵای گەیلانی و چەند کەسی دیکە بەشدارییان لە دەرکردنیدا کردوە. تەنها چوار ژمارەی لێدەرکراوە.

* تائێستا کلێشەی (دو) ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بلاوکراوەتەوە، بەڵام کۆپیی هەردوکیان نەشارەزایانە وەرگیراون و نازانرێت کام ژمارەن و کەی دەرکراون! یەکەمیان لە کتێبی (محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول جهان یا تاریخ رضائیه، تهران، ١٣٥٠) و دوەمیان لە (گۆڤاری گرشەی کوردستان، ژمارە ٩، ١٣٦٠ (١٩٨٠)، ل١١).

* ساڵی ١٩٨٧ لە زانکۆی بەغداد دەمخوێندو دومم ساڵی خوێندنم بو، ئەودەم بە شێنەیی کەوتمە کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیەو سەرەنجام لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی نوسی، بەو بۆنەیەوە بە پێویستم زانی کە کورتەیەک دەربارەی بیۆگرافیی مەلا محەمەد قزڵجی بنوسم و لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدا بلاویبکەمەوە. ئیدی بە ڕێنوێنیی مامۆستایان محەمەدی مەلا کەریم و شوکور مستەفا توانیم ماڵە کۆنەکەی مەلا محەمەد قزڵجی لە گەڕەکی (اعظمیە)ی شاری بەغداد بدۆزمەوە کە حەسەن (کوڕی مەلا محەمەد قزڵجی) تێدا دەژیا. پاش چەندین جار هاتوچۆو دەستی دەستی، ئەو کوڕەی هیچ جۆرە هاوکارییەکی نەکردم و بچوکترین سودم لێی نەبینی. پاشتر لێکۆڵینەوەکەم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری نارد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئاماژەم بۆ چەند سەرچاوەیەکی فارسیی کردبو، بەرپرسانی ڕۆژنامەکە بەبیانوی ئەوەکە عیراق و ئێران لە جەنگدا بون و بابەتی فارسیی لە ڕۆژنامەی کوردیدا جێی گومان بو، بلاویان نەکردبوەوە! دواتر وتارێکم دەربارەی بیۆگرافیی

(مەلا محەمەد قزڵجی) نوسی و لە پەراوێزی وتارەکەدا کورتەیەکم دەربارەی ڕۆژنامەی (کورد) نوسی و بە پۆستدا ناردم بۆ گۆڤاری کاروان. ماوەی چەند مانگ تێپەڕی و من بەتەمای ئەویش نەمام، کەچی لە ژمارە (٦٦) دا بڵاویان کردەوە.

بڕوانە: جوتیار تۆفیق، مەلا محەمەد قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٦، تەموزی ١٩٨٨، ل٨ ـ ١٠.

* عەلادین سجادی ساڵی (١٩٥٢) لە کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی) دا نوسیویەتی: «کورد، رۆژنامەیەکی کوردی و زمانی حالی سمایل ئاغای سمکو بووە، لە ١٩٢١ لە شاری «ورمی» دەرچووە، تەنها سێ چوار ژمارەی لی دەرچو، لەوەدوا پەکی کەوت».

{بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢، ل٥٥٣}.

* هەندێک کەس پێیان وایە کە «ڕۆژنامەی کورد- ورمێ ١٩٢٢» یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە کە زاراوەی «ڕۆژنامە»ی لەسەر نوسرابێت. ئەوەندەی من ئاگادارم یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی کە زاراوەی «ڕۆژنامە»ی لەسەر نوسرابێت ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»یە کە لە ١٩١٨ دا- واتە چوار ساڵ بەر لە ڕۆژنامەی کورد- دەرکراوە. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە: «رۆزنامەییکی سیاسی و اجتماعی و خادمی یک بون و سربستی کردانە».

* مەحمود زامدار، لە چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەکیدا لەم ڕۆژنامەیەی کۆڵیوەتەوەو زانیاریی گرنگی دەربارە نوسیوە. {بۆ نمونە، بڕوانە: مەحمود زامدار، ڕۆژنامەی کوردو شۆڕشی سمکۆی شکاک، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (١١- ١٢)، ساڵی ٢٠٠٣}.

* نەوشیروان مستەفا ئەمین، بە پشت بەستن بە کتێبەکەی محمد تمدن «اوضاع ایران در جنگ اول جهان»، کورتەیەکی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە نوسیوە. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم - مێژوی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چاپی دوەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ل٤٣٢ ـ ٤٣٣.

## (٨) ڕۆژنامەی «نامەی کوردستان»:

میرزا غولام عەلی هۆشمەندی کرماشانی، لە مانگی جولای ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سنە دەریکردوە. بەرلەدەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە، میرزا غولام عەلی هۆشمەندی کرماشانی، بە پارە و هەوڵ و کۆششی خۆی ئامێرێکی چاپ دەکڕێت و پاش زەحمەتێکی زۆر لە شاری سنە دایدەمەزرێنێت. ئیدی بە هاوکاریی محەمەد جەوهەری سەعید دیوان و ناسری توانا (کوڕی محەمەد جەوهەری) و شێخ محەمەد مەردوخ، یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی نامەی کوردستان دەردەکات و بەخۆڕایی بلاوی دەکاتەوە. پاش بلاوبونەوەی ڕۆژنامەکە، میرزا غولام عەلی هۆشمەندی کرماشانی دەکەوێتە بەر هەڕەشەو پیلانگێڕیی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران و دوچاری کێشە و گرفتارییەکی زۆر دەکرێت. چەند کوردی خۆفرۆش لەو کارە چەپەڵەدا دەستیان دەبێت و لێناگەڕێن ئەو مرۆڤە دڵسۆزە لەسەر کارە پڕ خزمەتەکەی بەردەوام بێت. سەرەنجام چاپخانەکەشی لەژێردەست دەردێنن و توشی قەرزێکی زۆرو دەربەدەری دەکەن. {ئەم ڕاستییە تاڵە لە لایەن ناسری توانا وە لە وتارێکی کورتدا خراوەتە ڕو.

{بڕوانە: ناسر توانا، سرنوشت یک روزنامەنگار، نامە هفتگی کوهستان، شمارە ٨، ٢٧ فروردین ١٣٢٤ (دو شەممە ١٩٤٥/٤/١٦)، س٤ - ٥. {هیمدادی حوسێن ئەم وتارەی کردوە بە کوردی و لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٣)، ساڵی ١٩٩٨، ل٢٣١ دا بلاوی کردوەتەوە}. هەروەها (یاسین سەردەشتی)، لێکۆڵینەوەیەکی کورتی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە نوسیوەو وتارەکەی (ناسری توانا)شی کردوە بە کوردی. بڕوانە: یاسین سەردەشتی، ڕۆژنامەی نامە کردستان قوربانیی ستەم و چەوسانەوەی کاربەدەستانی ئێران، گۆڤاری مەتین، ژمارە ٩٩، نیسان ٢٠٠٠، ل٣٥ـ ٣٨.

## (٩) ڕۆژنامەی «کوکب غرب»:

لە ١٩٢٥/٥/٢٧ (٦ خرداد ١٣٠٤) دا لە کرماشان لەلایەن (حاجی میرزا عەبدوڵلا کرماشانی)یەوە، بە زمانی فارسی دەرکراوە. {بڕوانە: محمد صدر

هاشمی، تاریخ جرائد و مجلات ایران، جلد چهارم، چاپ دوم، ١٣٦٤، انتشارات کمال، اصفهان، ص١٥١}.

## (١٠) گۆڤاری «نفحات»:

لە ١٩٢٦/٤/١٩ (٢٩ فروردین ١٣٠٥) دا لە کرماشان لەلایەن (میرزا حەبیبوڵلا خان)ەوە، بە زمانی فارسی دەرکراوە.

{بڕوانە: محمد صدر هاشمی، تاریخ جرائد و مجلات ایران، جلد چهارم، چاپ دوم، ١٣٦٤، انتشارات کمال، اصفهان، ص٣٠٨}.

## (١١) ڕۆژنامەی «کرمانشاه»:

لە ئاپریلی ١٩٢٧ دا لە کرماشان لە لایەن (فەرەجوڵلا کاویانی)یەوە بە فارسی دەرکراوە. هەر ژمارەیەکی چوار لاپەڕەی قەوارە گەورە بوە. هەتاکو ساڵی ١٩٣٤ بەردەوام بوە. ژمارە ٩٦ی لە ١٩٣٢/١١/١٥ دا دەرچوە.

{دەربارەی بڕوانە: محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفڵل کرمانشاهان، جلد اول، چاپ سوم، تهران، ١٣٨١، س٣٣٣}. هەروەها {بڕوانە: محمد صدر هاشمی، تاریخ جرائد و مجلات ایران، جلد چهارم، چاپ دوم، ١٣٦٤، انتشارات کمال، الڤهان، ڵ١٣٣ ـ ١٣٤}.

## (١٢) گۆڤاری «کوکب درخشان»:

لە ١٩٢٧/٩/٢٢ دا لە کرماشان بە زمانی فارسی دەرکراوە. (مدیر مسئول: میرزا احمد جواهری - بروجردی)، (سردبیر: واحدی).

{بڕوانە: محمد صدر هاشمی، تاریخ جرائد و مجلات ایران، جلد چهارم، چاپ دوم، ١٣٦٤، انتشارات کمال، اصفهان ، ص١٤٩ ـ ١٥٠}. هەروەها {بڕوانە:

شناسنامه مطبوعات ایران، گرداورنده: مسعود برزین، تهران، پائیز ۱۳۷۱، ص۳۳۵}.

## (۱۳) گۆڤاری «اخوت»:

ساڵی ۱۹۲۸ لە کرماشان لەلایەن (حاجی میرزا عەبدوڵلا کرماشانی)یەوە بە زمانی فارسی دەرکراوە. ژمارە ۱۰ و ۱۱ بەیەکەوە لە ۱۹۲۹/٤/۲۱ (۱ اردیبهشت ۱۳۰۸)دا دەرچوە. {بڕوانە: اسناد مطبوعات ۱۲۸٦- ۱۳۲۰، بە کوشش: کاوە بیات - مسعود کوهستانی نژاد، جلد اول، تهران، بهار ۱۳۷۲، انتشارات سازمان اسناد ملی ایران، ص۸٦ ـ ۸۷}. (سەرنج! لە لاپەڕە ۸۷ی ئەم کتێبەدا (تعهد نامه)ی ئەم گۆڤارە نوسراوەتەوە، لەوێدا ناوی تەواوی خاوەنەکەی بەم جۆرە نوسراوە: الحاج عبداللە ابن حاج علی اکبر کرمانشاهانی).

## (۱٤) ڕۆژنامەی «طاق بستان»:

هەفتەنامەیەکی هەواڵیی بوە، ساڵانی ۱۹۳٤-۱۹۳۵ لە شاری کرماشان بە زمانی فارسی دەرکراوە. خاوەنەکەی «عبدالرسول پشمی» بوە و چوار ژمارەی لێدەرکراوە.
{بڕوانە: شناسنامه مطبوعات ایران، گرداورنده: مسعود برزین، تهران، پائیز ۱۳۷۱، ص۲۸۱}.

## (۱۵) گۆڤاری «نیشتمان»:

ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە، بە زمانی کوردی دەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ۳۰ی پوشپەڕی ۱۳۲۲ (۱۹٤۳/۷/۲۲) دەرکراوە. لەسەر بەرگی خودی گۆڤارەکە تەنها پوشپەڕی ۱۳۲۲ نوسراوە، بەڵام لە «ڕۆژ ئەژمیری تایبەتی کومەڵەی ژ. ک ۱۹٤٤» دا نوسراوە: « ۳۰ی پوشپەڕ سەرسالی گوواری نیشتمان». ئەم گۆڤارە بە نهێنی لە تەورێز لە چاپخانەی خەلیفەگەری

ئەرامینە، بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحمان زەبیحی و هاریکاریی محەمەد شاپەسەندی و مەحمودی وەلیزادەو چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ک. دەرکراوە. ژمارە (٧ و ٨ و ٩)ی لە یەک بەرگدا لە بەهاری ١٩٤٤دا دەرکراوە. هەمو ژمارەکانی دەستخراون و گەلێک لێکۆڵینەوەی دەربارە نوسراوە.



بژی سەروك و كورد و كوردستان و هیوا !

كم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة باذن الله

J. K

# نیشتمـــــــان

كوواریكی كومەلایەتی ؛ ئەدەبی ؛ خونیدەواری و مانگی كوردیە

ژمارەی ـ١ سالی یەكەم پوش‌پەری ١٣٢٢ جولای ١٩٤٣

## آمانجی ایمە

ئەی برای كوردی خوشە ویست :

كومەلەی ژ.ك بە پیچەوانەی هەمو بەر هەلست و قورت و چەلەمەییكی وەكو دوژ منـایەتی خوبەخو ؛ - دوبەرەكی و خوخوری ؛ پول پەرستی‌و بیگانە دوستی كەلەریگای پیش كەوتن‌وە سەركەوتنی كوردا هەیە بەهەمو هیزو توانای خوی تی‌ئەكوشیت

* دوکتۆر جەمال نەبەز، ساڵی ١٩٨٥ ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥ و ٦)ی بەسەر یەکەوە چاپکردوەتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی سەنگینی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک.

و گۆڤاری نیشتمان (بە کوردی و ئەڵمانی) نوسیوە، بڕوانە: جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان (تەمووزی ۱۹٤۳ - مایسی ۱۹٤٤) زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیونالیست لە کوردستاندا، سوید، ۱۹۸۵، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد.

* سەید محەمەد سەمەدی گەلێک زانیاریی وردو گرنگی دەربارەی ئەم گۆڤارەو کۆمەڵەی ژ. ک. تۆمار کردوە، بڕوانە: سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد، انتشارات رهرو، ۱۳۷۳، ص۱۱۵ - ۱۱٦.

* عەلی کەریمی لە کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما»دا ژمارە (۷، ۸ و ۹)ی چاپکردوەتەوە و هەندێک زانیاریی جۆراوجۆری دەربارەی سەرجەم گۆڤارەکە و چۆنێتی دەرچونی تۆمارکردوە، بڕوانە: عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی «مامۆستا عولەما»، سوید، ۱۹۹۹، ل۵۷۵ - ٦۰٦.

* نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە چەند کتێبیدا زانیاریی وردو گرنگی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک. و گۆڤاری نیشتمان نوسیوە. بۆ نمونە لە کتێبی (حکومەتی کوردستان - کورد لە گەمەی سۆڤیێتی دا، ۱۹۹۳)دا ئاماژەی بۆ ناوەرۆکی گشت ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان کردوە. هەروەها بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانیی کوردی ۱۹۳۸ - ۱۹۵۸، ڕۆژنامەوانیی نهێنی، بەرگی یەکەم - بەشی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰٤، ل۱۹-٦۰.



* جگە لە گۆڤاری نیشتمان، کۆمەڵەی ژ. ک. چەند نامیلکەیەکیشی چاپکرد، وەک:

۱. دیاری ی کومەلەی ژ.ک بۆ لاوەکانی کورد، ۱۹٤۳.

۲. گول بژیریک لە دیوانی حاجی قادری کویی، بلبلی نیشتمانی کورد، ۱۹٤۳.

۳ . دەستە گولیکی جوان و بونخوش لە باغی نیشتمان پەروەری، ۱۹٤۳.

ئەم سێ نامیلکەیە بەسەریەکەوە ٩٦ لاپەڕەن. {عەلی کەریمی لە کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی - مامۆستا عولەما»دا هەرسێ نامیلکەکەی بە ڕێکوپێکی، وەک خۆیان چاپکردوەتەوە.
بڕوانە: عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی «مامۆستا عولەما»، ل٥٣٦ـ ٥٦٠}.

## (١٦) بڵاوکراوەی «دەنگی ڕاستی»:

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ دا لە سلێمانی، لە لایەن لقی (کۆمەڵەی ژ. ک. لە باشوری کوردستان)ەوە تەنها (دو) ژمارەی لێدەرکراوە. (ئیبراهیم ئەحمەد کە لێپرسراوی لقی کۆمەڵەی ژ. ک. لە باشوری کوردستان بوە، بەهاوکاریی چەند ڕوناکبیرێکی دیکە دەریکردوە).{هەرچەند ئەم بڵاوکراوەیە لە سلێمانی و لەلایەن ڕوناکبیرانی ئەو شارەوە دەرکراوە، بەڵام چونکە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. وە هەیە پێم باش بو لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم}.

## (١٧) ڕۆژنامەی «نامەی هەفتەگی کوهستان»:

ئەم هەفتەنامەیە لە تاران بە فارسی دەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ (١٩٤٥/٢/٢٦) دا دەرکراوە. لە پاڵ ناوی هەفتەنامەکەدا نوسراوە: (صاحب امتیاز و مدیر مسئول: دکتر اسمعیل اردلان)، (بهیچ حزب - دسته یا جمعیتی بستگی ندارد). دو ساڵ و دو مانگ بەردەوام بوەو، ڕۆژانی دوشەممان بڵاوکراوەتەوە. ڕوناکبیران و شاعیران و نوسەرانی کورد لە زۆر شوێنی جیاجیاوە بەرهەم و نامەیان بۆ ئەم هەفتەنامەیە ناردوە.
دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان لە گەلێک ژمارەیدا لەژێر کاریگەریی ئەو نامانەدا وتارو بابەتی نوسیوە. هەتاکو مانگی ئاپریلی ١٩٤٧ بەردەوام بوەو نزیکەی ٨٥ ژمارەی لێدەرچوە. لە هەندێک ژمارەیدا شیعرو بابەتی کوردی بڵاوکراوەتەوە. جگە لە دوکتۆر ئیسماعیل ئەدەڵان کە زۆربەی بابەتەکانی هەر ژمارەیەکی نوسیوە، چەند کەسایەتی دیکەی کورد بە وتارو بابەتی

جۆراوجۆر بەشدارییان لەم هەفتەنامەیدا کردوە، وەک: ئیحسان نوری پاشا، ئیبراهیمی نادری، محەمەدی قازی، ناسر ئازاد پور و گەلێکی دیکە. چەند شاعیر و نوسەری باشوری کوردستانیش بەرهەمی خۆیان لەم هەفتەنامەیەدا بڵاوکردوەتەوە، لەوانە: شاکر فەتاح، کاردۆخی، محەمەد عەلی کوردی، زەکی ئەحمەد هەناری...


وفيق صالح احمد

سال دوم شماره ٦٦

صاحب امتیاز و مدیر مسئول دکتر اسمعیل اردلان

روز های دوشنبه منتشر میشود

نامەی هەفتەگی

کوهستان

تکشماره ۴ ریال

دوشنبه ۷ مرداد ۱۳۲۵
« ۲۹ شعبان ۱۳۶۵
« ۲۹ ژوئیه ۱۹۴٦

روزنامه ... ... اداره

# آیا کردستان نفرین کرده است؟

# مسئله کرد در عراق

«این مقاله بقلم آقای دکتر جعفر محمد کریم درشماره ۵ روزنامه السیاست ارگان حزب الاتحاد الوطنی عراق چاپ بغداد نگارش یافته است»

* ئەحمەد شەریفی، چوار ژمارەی «نامەی هەفتەگی کوهستان»ی بە تێروتەسەلی ناساندوە، ئەوانیش ژمارەکانی: (١٩، ٦٧، ٧١، ٧٦)ن. بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، ناساندنی چوار ژمارە لە ڕۆژنامەی کوهستان، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٨، هاوینی ١٩٩٥، ل٥١ ـ ٥٢.

* د. هیمدادی حوسێن، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی نوسیوە، بڕوانە: گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٥،ساڵی ١٩٩٨. (دواتر لە نامەی دوکتۆراکەیدا سەرلەنوێ بڵاویکردوەتەوە).




## (١٨) گۆڤاری « هاوار... هاواری کورد»:

لە ڕەزبەری ١٣٢٤ (کۆتایی سێپتێمبەر ـ سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥)دا دەرکراوە. تەنها ئەو ژمارەیەی لێدەرکراوە.

* عەبدوڵڵا سەمەدی، لە نامەیەکیدا نوسیویەتی: « گۆڤاری هاواری کورد: لە پێشدا بە ناوی هاوار چاپکراوە. لە دوای چاپکردن و بەر لە بڵاوبکردنەوە، کاربەدەستانی کۆماری کوردستان، پێیان باش نەبووە بە ناوی هاوار بڵاوبکرێتەوە، سەرلەنوێ بەرگی تازەی بە ناوی هاواری کورد بۆ چاپکراوەو ئینجا بڵاوکراوەتەوە. وێنەی بەرگی پێشوو بە ناوی هاوار لە ئارشیوی خۆمدا هەیە.
گۆڕینی ئەم ناوە پێوەندی هەیە بە کێشەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ک. و کاربەدەستانی حیزبی دێموکراتی ئەو سەردەم».{عەبدوڵڵا سەمەدی نامەکەی لە ٢٠٠٦/١١/١٤دا لە مەهاباد نوسیوە}.

* دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیویەتی: «ژمارە یەکی لە رەزبەری ساڵی ١٣٢٤، ئەیلول - تەشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا چاپکراوە. لەسەر بەرگی یەکەمی تەنها «هاوار» و لەسەر بەرگی دووەمی «هاواری کورد» نوسراوە. ژمارە یەکی ٣٠ لاپەڕەیە. (٢٠ × ١٤ سم)ە». {دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٣٨ هەروەها ل٨٢ - ٨٣}.

## (١٩) گۆڤاری «ئاوات»:

لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە: (گوواریکی ادبی و تاریخی و کومەلایەتی کوردی یە)، (خاوەن امتیاز و مدیری مسئول: محمد اذر). لە ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤) بە کوردی و فارسی

لە شاری مەهاباد بە ئامێری چاپەکەی کۆمەڵەی ژ. ک. دەرکراوە. پێوانەکەی (١٥ بە ١٩,٥ سم). وێنەی شێخ عەبدولقادری شەمزینی لەسەر بەرگەکەی چاپ کراوە.



پەنا بە خوای مەزن

آوات

آمانجی ایمە

PERLANI AYYUBIYAN

«...ش لە پێناو سەرخستنی کورد»

«و زیاد لەوەی فەرهەنگی کورده»

گوواریکی ادبی وتاریخی و کومەلایەتی کوردیە

ژمارە ١ سالی یەك ١ خەرەلوەی ١٣٢٤ — ١٩٤٥

نویسندەگان فارسی بخوانند!

م. ح

حقوق سیاسی و ... کرد با پارس

زۆربەی بابەتەکانی محەمەد شاپەسەندی بە ناوی (محمد اپر)، (اپر) و (م. ا.)ەوە نوسیونی. دو پارچە شیعری هێمن، شیعرێکی هەژار بە نازناوی (ر. هـ.) و شیعرێکی (اشکەی) و وتارێکی فارسی لە لایەن (م. ح.) لەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە. تەنها ئەم تاقە ژمارەیەی لێدەرچوە.

ئەم گۆڤارە لەسەر وەختی گۆڕانی کۆمەڵەی ژ. ک بە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرچووە. پاش بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارەیەی ئاوات، چەند کەس لەبەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، محەمەد شاپەسەندییان بانط کردووەو، ڕەخنەیان لێگرتوە کە چۆن لە خۆیەوە، گۆڤارێکی دەرکردوە! ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باسکردون و ڕەخنەکەیانی قبوڵکردوە. ئیدی نەیتوانیوە لەسەری بەردەوام بێت و ژمارەی دیکەی لێدەرکات! هاوکات پێیان ڕاگەیاندوە کە

بەو نزیکانە لە یەکێتی سۆڤێتەوە ئامێری چاپی پێشکەوتومان بۆ دێت و ئەوسا بە بڕیاری حیزب دەست دەکەین بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەو تۆش (واتە شاپەسندی- جوتیار) لەو بوارەدا دەبێت ڕۆڵی خۆت ببێت.

محەمەد شاپەسەندی، سەبارەت بەم گۆڤارە گوتویەتی: "ئەوسا ئەوەندەی ئەقڵم پێدەشکا خولیای ئەوەم هەبو مجەلیەکی وەک (خواندنیها) ساز بکەم. خواندنیها، شتی کەم دەنوسی، بەڵام باسی هەمو جەریدەکانی ئێران و دەروەی تیادا بو".

{بڕوانە: هانا (قادر وریا)، مامۆستا محەمەد شاپەسندی، پیتچن و نوسەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کورستان، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ۲۵۷، ۲۲ی نیسانی ۱۹۹۸، ل۹}.

دەربارەی گۆڤاری ئاوات بڕوانە:

١. جمال خزندار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، بەغداد، ١٩٧٣، ل١٤٣.

٢. عبدالجبار محمد جباری، مێژوی رۆژنامەگەری کوردی، کەرکوک، ١٩٧٠، ل١٤٣.

*حەسەن قزڵجی، لە گۆڤاری هەڵاڵەدا، ئامارەی بۆ ئەوە کردوە کە هەژار شیعری لە گۆڤاری ئاوات دا بڵاوکردۆتەوە. {بڕوانە: ح. قزلجی، شاعری میللی و بەناوبانگی کورد هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥، ل١٨}.

*هەروەها هێمن لە دیوانی تاریک و روون، ل٢١دا نوسیویەتی: "کۆمەڵە، گۆواری ئاواتیشی چاپ دەکرد و من لەویشدا نووسیم".

*دلشاد رەسولی لە رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤١، کەلە رۆژی دو شەممە ١٩٤٦/٤/٢٩دا دەرکراوە، وتارێکی کورتی لەژێر ناوی (کورد شایانی شانازیە)، نوسیوەو تێیدا ناوی گۆڤاری نیشتمان، هاوار، ئاوات، کوردستان، رۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری هەڵالە و گروگاڵی منداڵانی کورد)ی هێناوە.

*سوپاسی عەبدوڵڵای سەمەدی دەکەم کە لە ڕۆژانی ٢٤و ٢٦ی دێسێمبەری ٢٠٠٥دا لە ڕێگای ئیمایلەوە کۆپیی هەمو لاپەڕەکانی گۆڤاری "ئاوات"ی بۆ ناردم. بەوەش کۆمەڵێک کێشەمان بە چارەسەر گەیشت ومێژوی دەرچون و ناوەرۆکی گۆڤارەکەمان بۆ رونبوەوە.

{دەستخستنی ئەم گۆڤارە لەلایەن عەبدوڵڵای سەمەدییەوە جێی ڕێزو سوپاسە}.

## (٢٠) گۆڤاری ماد:




لەلایەن (ناسر ازاد یور و دوکتۆر محەمەد موکری)یەوە لە تاران بە فارسی دەرکراوە. یەکەم ژمارەی لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥داو، دوەم ژمارەی لە جێنیوەری ١٩٤٦دا دەرکراوە.

* دەربارەی گۆڤاری «ماد»، بڕوانە: ڕۆژنامەی «ڕۆژا نو»، ژمارە ٦٦، ١٩٤٦/١/١٤، ل ٤، (ڕۆژنامەی ڕۆژانو بە پیتی لاتینی لە بەیروت دەرکراوە).

* لە کتێبی (شناسنامه مطبوعات ایران) دا نوسراوە: «سەردبیر: دکتر محمد عسگری». {وای بۆ دەچم کە ناوی «مکری»یەکە کراوە بە عسگری}. {شناسنامه مطبوعات ایران، گرداورنده: مسعود برزین، تهران، پائیز ١٣٧١، س٣٥١}.

* ڕێناس نەورۆزی، لە نامەیەکیدا کە لە ٢٠٠٦/٣/١٤دا نوسیویەتی، زانیاریی وردی دەربارەی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نوسیوم. سەبارەت بەم گۆڤارەش نوسیویەتی: «گۆڤاری ماد، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بووە، گرنگی بە لایەنی مێژوویی کوردو سەرزەمینی مادەکان (کوردستان) داوە. گۆڤاری ماد، بە زمانی فارسی بووە و لە هەندێک لاپەڕەدا بە زمانی کوردیش نووسراو هەبووە. ژمارە: (١)ی لە شهریورماه ١٣٢٤ (کۆتایی مانگی ٨ و سەرەتای مانگی ١٩٤٥/٩) دەرچووە، هەندێک لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە: (یزیدیها، گلکوی تازە لەیلی، دانشمندان کردستان: ملک الکلام المجدی، عشایر جاف ... هتد). ژمارە: (٢)ی

له دی ماه ١٣٢٤ (کۆتایی مانگی ١٩٤٥/١٢ و سەرەتای مانگی ١٩٤٦/١) دەرچووە، هەندێک لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە: (سرزمین ماد، ریشه شناسی واژه های کردی، عشایر جاف... هتد). دکتۆر محەممەد موکری، رۆڵێکی گەورەی لە دامەزراندنی ئەم گۆڤارەدا بینیوەو، زۆربەی وتارەکان لەلایەن ئەوەوە نووسراون».

* دوکتۆر محەمەد موکری کە دواتر بە (دوکتۆر محەمەد کەیوان پور) ناسراوە، ساڵی ١٩٢١ لە کرماشان لەدایکبوە. قۆناغەکانی خوێندنی لە کرماشان تەواوکردوە، پاشان چوەتە تاران و لە زانکۆی تاران چەند ساڵ خوێندویەتیو سەرەنجام بڕوانامەی دوکتۆرای لە (دیالێکتەکانی ڕۆژئاوای ئێران)دا وەرگرتوە. گەلێک وتارو لێکۆڵینەوەی دەربارەی زمان و ئەدەب و هونەری کوردیی نوسیوە. تا ئێستا لە ژیاندایەو، لە پاریس دەژی.

{دەربارەی ژیاننامەی دوکتۆر محەمەد موکری، بڕوانە: وەصفی حەسەن، چەندەک ژ بزاڤا ڕەوشەنبیری یا زانیارێ کورد د. محەمەد موکری، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٥١، نۆڤێمبەری ٢٠٠٠، ل٧٥ ـ ٧٦}.

## (٢١) گۆڤاری «کوردستان»:

ئەم گۆڤارە لە شاری مەهاباد، بە زمانی کوردی و فارسی دەرچوە. لەسەر بەرگەکەی نوسراوە: «کوردوستان، بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان، گوواریکی ئەدەبی کومەلایەتی سیاسی کوردیە، هەر پازدە رۆژ جاریک بڵاودەکریتەوە». یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٥/١٢/٦ دەرکراوە. نوسەرەکانی بریتی بون لە: سەید محەممەدی حەمیدی، محەمەد عەتری گلولانی،

هێمن، هەژار، عەزیز مەولەوی، دڵشادی ڕەسوڵی، محەمەد تۆفیق وردی، ئەنوەر دڵسۆزو گەلێکی دیکە. تا ئێستا پێنج ژمارەی ئەم گۆڤارە دەستخراوەو بەتەواویش ڕون نەبوەتەوە کە چەند ژمارەی لێدەرکراوە. هەندێک کەس پێیان وایە کە لە ٩ ژمارە زیاتری لێدەرنەچوەو هەندێکی دیکەش نوسیویانە (١٨) ژمارەی لێدەرکراوە.

* عەلادین سجادی، ساڵی (١٩٥٢) لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا نوسیویە: «کوردوستان، گوڤاریکی ئەدەبی و پیلانی بووە، لە پاییزی ١٩٤٥ تا کانونی دوەمی ١٩٤٦ بە ناوی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردوستانەوە لە سابلاخ ١٨ ژمارەی لی دەرچوهو ئیتر پەکی کەوتوە».
{بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢، ل٥٥٦}.


کوردستان

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستا ن

✡ گوواریکی ئەدەبی، کومەلایەتی، سیاسیە ✡

هەرمانگی جاریك بلاو دە کریتەوە

زمارە ۴ — سالی یکەم مانگی — بانەمەر — مە ١٩٤٦

| | |
|---|---|
| ١ـ زانابانی کورد | سید محمدی حمیدی |
| ٢ـ بومیلتی ضعیف | مرحوم سیف القضات |
| ٣ـ سوسیا لیستی | انوری دلوز |
| ۴ـ کتیب | عزیز مولوی |
| ٥ـ منونەو | دلشادی رسولی |
| ٦ـ لە ریگەی‌نان‌پیدا کردن | ووردی |
| ٧ـ تیشکی سەربەستی | گلولانی |
| ٨ـ دەکاپیروزی سەربستی | گلولانی |
| ٩ـ جوتیاری بەمشور | هەزار |
| ١٠ـ جیژنی تشکیلی لشکری سور | هیمن |
| ١١ـ هەتاو | عزیز مولوی |
| ١٢ـ قەی پیاوانی گەورە | عزیز مولوی |
| ١٣ـ بەشی دینی | سیدمحمدی حمیدی |

وگەلیك باسی خوشتریش دخوینیتەوە

مهاباد ـ چاپخانەی کوردستان

* محەمەد تۆفیق وردی، نوسیویەتی: «١٨ ژمارەی بلاوکراوەتەوەو لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دوای تیکچوونی کۆماری کوردستان پەکی کەوتوە».
{بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی - النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل٤٣}.
* دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیویەتی: «گۆڤاری کوردوستان، ژمارە یەکی لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٤، ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا دەرچووە. تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ چەند ژمارەیەکی لێ دەرچو. ژمارە یەک و دووی هەریەکەیان ٢٠ لاپەڕەیە. ژمارە سێ و چواری هەریەکەیان ٣٨ لاپەڕەیە. ژمارە ٦ و ٧ی پێکەوە دەرچون و بەسەر یەکەوە ٦٠ لاپەڕەن. ژمارە چواری مانگی بانەمەڕ، مایسی ١٩٤٦ چاپ کراوە. (بیست و یەک و نیو بە چوارده سم)ە». {دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردییدا، ل٢٣٨ -٢٣٩ هەروەها ل٨١}.

* دوکتۆر ئەمیر حەسەنپور، ساڵی (١٩٩٢) لە کتێبی «ناسیۆنالیسم و زمان لە کوردستان ١٩١٨- ١٩٨٥»دا لە چەندین لاپەڕەدا زانیاریی وردو گرنگی دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیوەو کۆپیی یەکەم لاپەرەی ژمارە (٤)یشی بەجوانیی بڵاوکردوەتەوە، بڕوانە:

Hassanpour, Amir, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 – 1985, San Francisco, Mellen Research University Press, 1992, p.262.

* نەوشیروان مستەفا ئەمین، ساڵی ١٩٩٣ پوختەیەکی دەربارەی گۆڤاری کوردستان نوسیوە و ئاماژەی بۆ بابەتەکانی ژمارە (١)، (٢) و (٣) کردوە. {نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان-کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، ١٩٩٣، شوێنی چاپ نەنوسراوە، ل١٥٤ - ١٥٦}.

* دوکتۆر هیمدادی حوسێن، لە نامەی دوکتۆراکەیدا ڕۆشنایی خستوەتە سەر زۆر لایەنی ئەم گۆڤارە. {بڕوانە: د. هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، سلێمانی، ل١٢٩- ١٣٩}.

## (٢٢) ڕۆژنامەی «کوردستان»:

یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/١/١٠دا لە مەهاباد دەرکراوە. سەید محەمەدی حەمیدی، سەرنوسەری بوە. ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئاگایان لێیە نوسیویانە (١١٤) ژمارەی لێدەرچوە. گومانی نییە کە دوا ژمارەی لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری ١٩٤٦دا دەرکراوە.

* عەلادین سجادی، ساڵی (١٩٥٢) لە کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی) دا نوسیویەتی: «١١٣ ژمارەی لی دەرچووە». {بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢، ل٥٥٦}.

* محەمەد تۆفیق وردی، نوسیویەتی: «١١٣ ژمارەی لی بڵاوکراوەتەوە». {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی - النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل٤٣}.



بەنێوی خودای بەرزویی هاوتا

کوردوستان

| |
|---|
| آبونمان |
| یەکساڵە ۳۰۰ ریاڵ |
| شەش‌مانگە ۱٦۰ ریاڵ |
| دانەی ۱ ریاڵ |

کوردوستان لە لایەن هەیئەتی تحریریە دەر دەچی

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

ژمارەی ۱ — ساڵی یەکەم — پێنج شەممو ۲۰ – ۱۰ – ۱۳۲۴ — ۱۱– ژانویە ۱۹٤٦

آمانجی ایمە

ژنرالیسموس ستالین (بەبونەی شصت وشەشەمین ساڵی لەدایك بونی)

گفتوگوی جنابی قاضی محمد

پێشوای بەرزی کوردوستان دەگەل خاوەنانی روژنامەی تاران

* سەعید ناکام، لە بیرەوەرییەکانیدا تاڕادەیەک باسی چاپخانەکەی کۆماری کوردستانی کردوە (لاپەڕەکانی ٦١ و ٦٢ و ٦٣ ...)، هەروەها باسی ئەوەی کردوە کە پاش ئەوەی کە لە مەهاباد گیرساوەتەوەو لە چاپخانەکەدا دەستبەکار بوە، سەید محەمەدی حەمیدی (سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستان) پێشنیاری کردوە کە سەعید ناکام جێگای بگرێتەوەو خۆیشی بچێتەوە سەر کاری پێشوی لە فەرمانگەی ئامار. دوایی سەرۆک کۆماری کوردستان «قازی محەمەد» پێشنیارەکەی پەسەند کردوەو سەعید ناکام بوەتە سەرنوسەری ڕۆژنامەکە. {بڕوانە: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۳، ل٦٣.}

* سەعید ناکام، لە نامەیەکیدا کە لە ١٩٩٣/٤/٦دا لە شەقلاوە نوسیویەتی و ئاڕاستەی سەرکردە کوردەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردوە، لە دێڕێکدا نوسیویەتی: «ساڵی ١٩٤٦ خۆم گەیاندە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان، لەوێ کرام بە سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستان». (کۆپی نامەکە لە گۆڤاری دلانپار، ژمارە ٣ و ٤، ساڵی ١٩٩٥دا بلاوکراوەتەوە). بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە بڕوانە:

* د. هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، ل١٤٠ ـ ١٥٦.

* د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ ـ مەهاباد، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ٨، ٢٠٠٢/٤/٢٢، ل٣١٥ ـ ٣٢٦.

## (٢٣) گۆڤاری «هەڵاڵە»:




یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبروەری ـ سەرەتای مارتی ١٩٤٦) دا لە بۆکان، لە لایەن حەسەنی قزڵجییەوە دەرکراوە. ژمارە ٢ی لە خاکەلێوەی ١٣٢٥ (کۆتایی مارت - سەرەتای ئاپریلی ١٩٤٦) و ژمارە ٣ی لە بانەمەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی ئاپریل ـ سەرەتای مای ١٩٤٦)دا دەرچوە.

نوسەرەکانی بریتی بون لە: حەسەنی قزڵجی، هەژار، هێمن، سەید کامیل ئیمامی، حەسەنی مدەرسی، حەقیقی، عەبدولڕەحمانی

ئیلخانی زادە، ئەبو بەکری ئیلخانی زادەو مەلا محەمەد سادقی قزڵجی بە نازناوی م. ص. قزلجی.

* هەژار لە چێشتی مجێور، (ل٨٧)دا نوسیویەتی: «چوار ژمارەی لێ دەرچووە».
* دوکتۆر کەمال مەزهەر، ساڵی (١٩٧٨) ئاماژەی بۆ «سێ» ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە کردوەو مێژوی دەرچونیانی بە دروستیی نوسیوە. دەربارەی نوسیویەتی: «ژمارە یەکی بەر مانگی رەشەمێی ساڵی ١٣٢٤ دەکەوێ، واتە سەرەتای مارتی ١٩٤٦، لە بۆکان چاپ دەکرا. ژمارە ٢ی مانگی خاکەلێوە و ژمارە ٣ی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ (نیسان و مایسی ١٩٤٦) چاپ کراون. مودیری ئیدارەی ح. قزڵجیی بوو». (تێگەیشتنی ڕاستی، ل٨٢). لە هەمان کتێبداو، لە ل٢٣٩دا دوکتۆر کەمال پێوانەی گۆڤارەکەی نوسیوە (٢٣ × ١٥ سم).
* موحسین قزڵجی، ژمارەکانی (١، ٢ و ٣)ی هەڵاڵەی بە ڕێکوپێکی بڵاوکردوەتەوە. {بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، ئامادەکردنی: موحسین قزڵجی، سلێمانی، ٢٠٠٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل٤٠٧ -٥٠٨.

## (٢٤) گۆڤار/ ڕۆژنامەی «هاواری نیشتمان»:




یەکەم ژمارەی ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٣/٢١ دەرکراوە. لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نوسراوە: «بڵاوکەرەوەی بیری یەکەتی جەوانانی دیموکرات، گوواریکی: ادبی. سیاسی. کومەلایەتی ، مدیری مسئول: ص. انجیری. اذر». ئەم ژمارەیەی «هاواری نیشتمان» وەک گۆڤار دەرکراوە، پاشتر لەشێوەی ڕۆژنامەدا دەرکراوە، بەڵام لە ژمارە یەکەوە دەستی پێکردوەتەوە، یەکەم



رگان پەکیەتی جەوانانی دیموکرات کوردستان

# هاواری نیشتمان

لە لایەن

هەیئەتی نوسەران وەدەردەکەوی

میللەتی کورد ئیمانی بەرەهبەری پیشوای خوی هەیە بۆیە چەکی هەلگرتووە و دای نانی هەتاحەقی خوی نەستینی ! .

ژمارە ١ سالی یەك پینجشەمو ١٩ بانەمەر ١٣٢٥ ٩ مە ١٩٤٦

## آقای قوام السلطنه

## شەهامەتی عشائری ولاتی کوردەواری

**برو بەهیزیەتەگەرسەر بەرزیت دەوی چونکە لەپەیرووی خورسکاو ضعیف پامالە**

ژمارە لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٥/٩، دوەم ژمارە لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٦/٥/١٩، سێیەم ژمارە لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٥/٣٠، چوارەم ژمارە لە ڕۆژی شەممە ١٩٤٦/٦/٨ و پێنجەم ژمارە لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٦/٦/٢٣ دا دەرکراون.

* عەلادین سجادی، ساڵی (١٩٥٢) لە کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی) دا نوسیویە: «هاواری نیشتمان: تاقە ژمارەیەکی بە گوڤارو ئەوانی تری بە وێنەی ڕۆژنامە لە لایەن لاوانی کوردوستانەوە لە سابلاخ لە ١٩٤٥- ١٩٤٦ چەن ژمارەیەکی لی دەرچوە». {بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢، ل٥٥٧}.

* محەمەد تۆفیق وردی، ساڵی (١٩٦٩) سەبارەت بە «هاواری نیشتمان»، نوسیویەتی: «ڕوژنامەیەکی هەفتەیی و بڵاوکەرەوەی بیری لاوانی کوردستان بوو. لە لایەن (شەهید سدیق ئەنجیری) لە (سابلاخ - مەهاباد) بڵاوئەکرایەوە، دوای چەند ژمارەیەک ئەنجا بە وێنەی گوڤار چاپ ئەکرا. (محمد توفیق وردی) سەرەک نووسەری بوو، هەر لە ساڵی (١٩٤٦) دا پەکی کەوتوە». {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی- النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل٤٣}. لێرەدا

محەمەد تۆفیق وردی، کە نوسیویەتی: «سەرەتا وەک ڕۆژنامە و دوای چەند ژمارەیەک ئەنجا بە وێنەی گوڤار چاپ ئەکرا»، کەوتوەتە هەڵەوە، ڕاستییەکەی سەرەتا وەک گۆڤار و پاشان وەک ڕۆژنامە دەرچوە.

* {سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/١٨ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ لەندەن کردو لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی (مامە قالەی دەباغی) سەبارەت بە هەندێک باسی پەیوەند بە کۆمەڵەی ژ. ک. و گۆڤاری هاواری نیشتمان و سدیق ئەنجیری ئازەر وتوێژمان کرد، مامە قالە سەبارەت بە گۆڤاری هاواری نیشتمان گوتی: «سدیقی ئەنجیری ئازەر ئەم گۆڤارەی بە پارەی خۆی و بە تیراژی ٢٠٠ دانە چاپکرد. لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا سدیق ئەنجیری ئازەر وەک دۆست و لایەنگری حیزبی تودەی ئێران ناسرابو، لەو گۆڤارەشیدا هەندێک بابەتی لەو جۆرەی بلاوکردبوەوە، ئیدی خەڵک پێشوازیی لە گۆڤارەکە نەکردو هەرچەند کەمیشی لێ چاپکردبو، بەڵام زۆربەی لای خۆی مایەوەو بۆی نەفرۆشرا. سدیق ئەنجیری ئازەر، بەر لەوەی گۆڤارەکە چاپ بکات بە قازی محەمەدی گوتبو نیازم هەیە گۆڤارێکی لەو جۆرەو بەو ناوەرۆکە دەربکەم. قازیش گوتبوی: باشە دەریبکە، بەڵام دەبێت تۆ بڕوات بە دیموکراتیی هەبێت و ئەگەر ڕەخنە لە ناوەرۆکی گۆڤارەکەت گیرا نیگەران نەبیت و ڕەخنەی خەڵک قبوڵ بکەیت...».

* ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٦/٦/٢٠ لە شاری سلێمانی، لە «بنکەی ژین»، مامۆستا «ڕەفیق ساڵح»، پێنج ژمارەی «هاواری نیشتمان» کە وەک ڕۆژنامە دەرچون، خستنییە بەردەستم و بەسەرپێیی هەندێک سەرنج و تێبینیم دەربارەیان نوسی و زۆر سودم لێوەرگرتن.

* دوکتۆر ئەمیر حەسەنپور، ساڵی (١٩٩٢) لە کتێبی «ناسیۆنالیسم و زمان لە کوردستان ١٩١٨ - ١٩٨٥»دا لە چەندین لاپەڕەدا زانیاریی وردو گرنگی دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیوەو کۆپیی یەکەم لاپەرەی ژمارە (١)ی بلاوکردوەتەوە، بڕوانە:

Hassanpour, Amir, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 – 1985, San Francisco, Mellen Research University Press,1992 ,p.262

## (٢٥) گۆڤاری «گڕوگاڵی منداڵانی کورد»:




یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٦/٤/٢١دا دەرکراوە. ژمارە ٢ ی لە ١ی جۆزەردانی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٥/٢١) و ژمارە ٣ی لە پوشپەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی جون ـ سەرەتای جولای ١٩٤٦)دا دەرچوە. نوسەرەکانی بریتی بون لە: «قادر مدەرسی، محەمەد تۆفیق وردی، سەعید زەرگەیی (هومێد)، محەمەد ئازەر (محەمەد شاپەسەندی)، محەمەد عطری گلولانی، محەمەد سادق قزلجی، سدیق بەکری، حسێن فەقێ زادە».

* دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ساڵی (١٩٧٣) لە گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد» دا زانیاریی دروست و پێویستی دەربارەی ئەو گۆڤارە نوسیوەو (دو) ژمارەی گۆڤارەکەی لەبەردەستدا بوەو کلێشەی بەرگی ژمارە (٢)ی بەجوانیی بڵاوکردوەتەوە. {بڕوانە: پاراستنی پاشماوەی کۆنمان لە کاری کۆڕدا ـ یەکەم گۆڤاری منداڵان بە کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ل ٤١٧ و ٤١٨. دوکتۆر کەمال مەزهەر ناوی خۆی لەسەر ئەو وتارە نەنوسیوە، بەڵکو هەر بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاویکردوەتەوە}. شایانی باسە دوکتۆر کەمال مەزهەر، هەمان ئەم وتارەی لە لاپەڕە (١٥٠)ی کتێبی «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی

گەلی کورد»دا بڵاوکردوەتەوە. {دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٥٠} جێی سەرنجە دوکتۆر کەمال مەزهەر لەو لاپەڕەیەدا، (واتە لاپەڕە ١٥٠) لە پەراوێزی ژمارە ٥٦ دا نوسیویەتی: «ژمارە ٢ و ٣ ی گڕوگاڵی منداڵانی کورد لای خۆم هەن، هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت کەڵکیان لێوەربگرێت. هەروەها وێنەیان لە کتێبخانەی کۆڕ هەیە». دوکتۆر کەمال لە کتێبی « تێگەیشتنی ڕاستی»شدا لە لاپەڕەکانی ٨٢، ٨٣، ٢٣٩ و ٢٤٠دا زانیاریی وردو دروستی دەربارەی گۆڤاری «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» نوسیوە.

* عەبدوڵڵا سەمەدی، لە گۆڤاری (ڕامان، ژمارە ٤١، ١٩٩٩/١١/٥) دا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیوەو وەکو پێویست ناساندویەتی.

## (٢٦) بڵاوکراوەی «ئاگر»:

مەهاباد، ١٩٤٦. وای بۆ دەچم ئەم بڵاوکراوەیە ناوی (ئاگری) بو بێت و لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماردا دەرکرابێت.

* ساڵی ١٩٩٨ لە وتارێکی کورتدا سەرنجی ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی کوردم بۆ ناوی ئەو بڵاوکراوەیە ڕاکێشاوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەرو شوێن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ١٩٩٨/٤/٢٣، ل١٠.

* لە هەندێک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەدا، لە ڕیزی ناوی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا ناوی (ئاگر)یش هاتوە، بەبێ ئەوەی لە هیچ کامیاندا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی نوسرابێت. گرنگترینی ئەو سەرچاوانە، کتێبەکەی ویلیام ئیگڵتۆنە:

William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of 1946, Oxford University Press,London ,1963, P. 10.

## (٢٧) گۆڤاری «زانست»:

له ژماره ٦١ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا که له ڕۆژی شەممه ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٢٢)دا دەرکراوه، له لاپەڕه (٢)دا ئاگادارییەک له لایەن دڵشاد ڕەسوڵییەوه بڵاوکراوەتەوه و تیایدا ڕایگەیاندوه که نیازی ئەوەی هەیه گۆڤارێکی مانگانه بەناوی «زانست»ەوه دەربکات، جا بەو بۆنەیەوه داوای هاوکاریی له نوسەران کردوه که به بابەتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ گۆڤارەکه بنێرن. دەقی ئەو ئاگادارییه بەم جۆرەیه:

*بۆ زانین*

*زانست* Zanist

*گوواری زانست گوواریکی زانستی، کومەلایەتی، تربیتی ئەدەبیه له مانگی پووشپەری سالی ١٣٢٥ وه مانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی. له نوسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ادبی زانستی کومەلایەتی تربیتی به نشانی (وزارەت فەرهەنگ دەفتەری گوواری زانست) بومان بنیرن تا له گوواری زانست دا دەرج بکری.*

*مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز*

*دلشاد رسولی*

ئەگەر بێت و پاش ئەم ئاگادارییه، ئەم گۆڤاره دەرکرابێت، ئەوا پێویسته ناوەکەی له ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا بنوسرێت. {ئەوەندەی من ئاگادارم تائێستا له هیچ وتار و لێکۆڵینەوەیەکدا ئاماژه بۆ ناوی ئەم گۆڤاره نەکراوه}.

## (٢٨) بڵاوکراوەی «دەنگی کورد»:

ساڵی ١٩٤٦ ئیبراهیم نادری به هاوکاریی مەحمود مەحدود و ساڵح ئیقلیدۆس و چەند کەسی دیکه له مەهاباد دەریکردوه. دوا ژمارەی له کاتی ڕوخانی کۆماری کوردستان دا دەرچوه. {محەمەد عەلی سوڵتانی ئەم زانیارییه کورتەی له زمانی (دوکتۆر عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان)ەوه له ڕێکەوتی

١٣٧٤/٤/١٥- ١٩٩٥/٧/٦دا له تاران تۆمارکردوه. بڕوانه: محمد علی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن های سری در کرمانشاه، جلد دوم، تهران، ١٣٧٨، ص٤٩٢}.

## (٢٩) ڕۆژنامەی «کوردستان»:

یەکەم ژمارەی لە ١٩٤٧/١٢/٦دا لە باکۆ دەرکراوە. دوکتۆر عەلی گەلاوێژو دوکتۆر عەزیز شەمزینی و دوکتۆر ڕەحیمی قازی دەریانکردوە. هەر ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە بریتی بوە لە (یەک لاپەڕە) لە چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەی (ئازەربایجان) کە ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوە. ١٤ ساڵ بەردەوام بوە و (١٣٣٧) ژمارەی لێدەرکراوە. دوا ژمارەی لە مانگی ئاپریلی ١٩٦١ دا دەرکراوە.

{بڕوانە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، ل٢٢٣}.

## (٣٠) بڵاوکراوەی «ڕاوێژ»:

بڵاوکراوەی ڕاوێژ ساڵی ١٩٤٨؟، لە سنە دەرکراوە.

{دەربارەی بڕوانە: جمال خزندار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردیی، بەغداد، ١٩٧٣، ل ٦١}.
* لە بڵاوکراوەی ڕێگا (خەزەڵوەری ١٣٢٧/کۆتایی ئۆکتۆبەر ـ سەرەتای نۆڤێمبەری ١٩٤٨)دا ناوی (ڕاوێژ) هاتوە.

## (٣١) گۆڤاری «نیشتمان - ژمارە ١٠»:

لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسەندییەوە، لە گوندی سیتەک (نزیک شاری سلێمانی) بە هاوکاریی

شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە: (ئۆرگانی نەهزەتی مقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ. ک.). ئەم ژمارەیەی نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتییانەی بە گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) ەوە نییە. بەم ژمارەیەی نیشتمان نە کۆمەڵەی ژ. ک. زیندوبوەتەوە و نە توانراویشە درێژە بە دەرکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان بدرێتەوە. جێی سەرنجە کە لەم گۆڤارەدا هێرش کراوەتەسەر پارتی دیموکراتی کورد-عیراق. هەمزە عەبدوڵلا ـ سکرتێری (پارتی دیموکراتی کورد- عیراق) لە گۆڤاری (مرۆڤ)، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، دیسێمبەری ١٩٤٨ دا وتارێکی توندی لە دژی ئەم (ژمارەیەی گۆڤاری نیشتمان) نوسیوەو تیایدا نوسیویەتی: «گۆڤاری نیشتمان، لە دەورەی دوهەمیدا بوەتە زمانحاڵی دەستەیەک ئاژاوەچی».

* محەمەد شاپەسەندی لە چەند وتاردا زانیاریی کورت و گرنگی دەربارەی ئەم ژمارەیەی نیشتمان و ئەو هەلومەرجەی کە تیای دەرکراوە خستوەتە ڕو. بڕوانە:

١. محەمەد شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی- نهێنییەکانی چاپی ژمارە (١٠)ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٠٢، ل١٢١ - ١٢٥.

٢. محەمەد شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٢، بانەمەڕی ٢٠٠٢، ل ٣٦ ـ ٣٩.

* محەمەد تۆفیق وردی، ساڵی ١٩٦٩ لە گۆڤاری (ڕووناکی) دا دەربارەی ئەم ژمارەیەی نیشتمان نوسیویەتی: «ژمارە (١٠)ی دوای تیکچونی کوماری مەهاباد لەلایەن نەهزەتی مقاوەمەتی کومەلەی ـ ژ. ک سالی (١٩٤٨) دەرچووە». {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی - النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل٤٣}.

* جێی سەرنجە غەفوری میرزا کەریم لە چەند بەشی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم ژمارەیەی نیشتمان کردوهو هەندێک وردە زانیاریی دەربارەی

تۆمارکردوه. هەروەها نوسیویەتی گوایا وتارێکی دەربارەی لەسێدارەدانی (فەهد) تێدا بوە! ئەمە زۆر دورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەم گۆڤارە لە مانگی جولای ١٩٤٨دا دەرکراوە، فەهدیش لە ١٤ی فێبروەریی ١٩٤٩دا لەسێدارە دراوە!! {بڕوانە: غەفوری میرزا کەریم، سەرەتاڵێ لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٩٥. هەروەها بڕوانە: غەفوری میرزا کەریم، چۆن چاپمان بۆ حیزب دابین کرد، گۆڤاری هاڤیبون، ژمارە ١٢ و ١٣، ساڵی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣، ل٢٤٥}.

* جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان (تەمووزی ١٩٤٣ - مایسی ١٩٤٤) زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیونالیست لە کوردستاندا، سوید، ١٩٨٥، بنکەی چاپەمەنی ی ئازاد. ل٢٩ و ٦٨.

* دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە کتێبی «تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا» کە دەربارەی گۆڤاری «نیشتمان»ی کۆمەڵەی ژ. ک. ی نوسیوە، زۆر بە کورتی نوسیویەتی: «دوای روخانی کۆماری مەهاباد مامۆستا زەبیحی بە نهێنی ساڵی ١٩٤٨ ژمارەیەکی تری «نیشتمان»ی لە عیراق دەرکرد کە وەک خۆی دەڵێت ٢٤ لاپەڕە بو» {بڕوانە: تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، ل٨١ و ٢٣٧}.

## (٣٢) بڵاوکراوەی «ڕێگا»:

لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ (کۆتایی ئۆکتۆبەر ـ سەرەتای نۆڤێمبەری ١٩٤٨) لە گوندی سیتەک (نزیک شاری سلێمانی) لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. لەژێر ناوی ئەم بڵاوکراوەیەدا نوسراوە: (اورگانی کومەلەی ژیانی کورد)، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بابەتیانەی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک. دا نییە! جێی سەرنجە کە هەندێک کەس ویستویانە بەپێی ناوی ئەم بڵاوکراوەیە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. ساغ بکەنەوە! لێکدانەوە و ساغکردنەوەی ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. بەپێی ئەم بڵاوکراوەیە، لە بێ ئاگایی بەولاوە هیچی


ریگا

دیکە نییە !! کەسێک کە کەمترین شارەزایی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک. هەبێت، ئەوەی لەلا ڕۆشنە کە بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٥/٨/١٦دا کۆمەڵەی ژ. ک. کۆتایی هات. جیا لەوە غەنی بلوریان زۆر بە ڕۆشنی ئەوەی باسکردوە کە کاتی دەرکردنی (ڕێگا) بۆ ئەوەی کە حکومەتی ئێران نەکەوێتەوە گرتنی کەسانی تێکۆشەری نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتون ناوێکی وەهمیی وەک (کۆمەلەی ژیانی کورد) یان لەسەر داناوە. ئەگینا ئەوان مەبەستیان زیندوکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوە.

* دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە وتارێکم نوسیوەو بیروڕای خۆمم دەربارە دەربڕیوە، {بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند سەرنجێک دەربارەی بڵاوکراوەی ڕێگا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٨٢، پێنج شەممە ١٩٩٨/٣/٢٦، ل١٠ ـ ١١}.

* جەمال خەزنەدار، لە ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی دا ساڵی ١٩٧٣ دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە نوسیویەتی: ڕێگا، ڕۆژنامەیەکی سیاسی بووە، لە شاری مەهاباد دەرچووە، سەرنووسەری حەسەنی قزڵجی بووە. تەنها یەک ژمارەی لە ١٩٤٨دا لێ دەچووە. {جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغداد، ١٩٧٣، ل٥٤}.

* کەریمی حسامی، لە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: زستانی ساڵی ١٣٢٧ گۆواری ڕێگا لە مەهاباد بڵاوکرایەوە. گۆواری ڕێگا، بەناوی ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریانەوە لە سولەیمانی بە ڕۆنیۆ لە شەش لاپەڕەدا بە کوردی و فارسی بڵاوکرابووەوە. {کەریمی حسامی، لە بیرەوەریەکانم، بەرگی یەکەم، سوید، ئاداری ١٩٨٦، ل١٥٦}.
* دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، سەبارەت بەم بڵاوکراوەیە نوسیویەتی: ساڵێک پاش شەهید بوونی پێشەوا قازی، لاوانی ناوچەی مەهاباد چالاکی سیاسییان دەست پێ کردەوەو پێوەندییان پێکەوە گرت و یەکەم ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتیان زیندوو کردەوە. گۆوارێکیان بەناوی ڕێگا بڵاوکردەوە کە چەند ژمارەی کەمی لێ دەرچوو. ئەم گۆوارە درێژەپێدانی خەباتی حیزبی دیموکراتی لەبەر چاو بوو و خەڵکی بەرەو تێکۆشان هان دەدا. دەرچوونی ڕێگا، شوێنێکی باشی لەسەر لاوەکان دانا. {دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، فەسڵی سێهەم، چاپی یەکەم، ١٩٩١، ل١٤}.
* لەم کتێبانەشدا ئاماژە بۆ ئەم بڵاوکراوەیە کراوە:
١. کەریمی حسامی، کاروانێک لە شەهیدەکانی کوردستانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧١، ل١١.
٢. كريم حسامي، قافلة من شهداء كردستان ايران، ت: نزار محمود، ١٩٧٣، ص٣٣.
٣. المؤتمر الثالث للحزب الديمقراطي الكردستاني في ايران، ١٩٧٣، ص١٦.
* کۆپیی یەکەم لاپەڕەی بڵاوکراوەی (ڕێگا) لەگەڵ هەندێک زانیارییدا لەم دو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە:
١. کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٣٣٨.
٢. غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٣٧٥.

{جێی سەرنجە کەریمی حسامی، لە کتێبی (گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا) لە ل١١٥ ـ ١١٦ دا نوسیویەتی: «ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ڕێگا کە لە لایەن کاک حەسەنی قزڵجی و کاک غەنی بلوریانەوە دەرچوە و تاقە ژمارەی لە لای منە و کاک حامیدی گەوهەری بە ئەمانەت لێی وەرگرتبووم و بەبێ پرس و

ئیجازەی من لە ئاڵەکۆک دا کلێشەی کردوە و بلاوی کردۆتەوە». هەروەها لە ل١٨٥ یشدا نوسیویەتی: «کاک حامیدی گەوهەری (لە ئامادەکردنی کتێبی ئاڵەکۆک دا ـ جوتیار) داب و نەریتی چاپەمەنیشی لەبەر چاو نەگرتوە. گۆڤاری ڕێگا ی بە ئەمانەت لە من وەرگرتوە، بێ ئەوەی پرس بە من بکا لە ئاڵەکۆک دا چاپی کردوە. کاک حامید، ئەگەر تۆزقاڵێک لەگەڵ داب و شێوازی چاپەمەنی شارەزا بایەو ئوسوڵی هاوکاریی نێوان نووسەرو ناسیارانی ڕەچاو کردبایە، دەبوایە پرس بە من بکاو ئەودەم چاپی کردبایە. {بڕوانە: کەریمی حسامی، گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا، سوید - ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل١١٦ و ١٨٥}.

## (٣٣) ڕۆژنامەی «کوەنور»:

ساڵی ١٩٤٩ لە تاران لە لایەن «سلێمان نەوشیروانی»یەوە بە فارسیی دەرکراوە. {دەربارەی بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، کورتە بیبلۆگرافی روژنامەگەری ئوستانی کوردستان ١٣٢٠ - ١٣٥٧، هەفتەنامەی ئاویەر، ژمارە ١٠، ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٧٦، ل٧}.

* لە کتێبی (شناسنامه مطبوعات ایران)دا نوسراوە: «روزنامه سیاسی خبری. ارگان حزب وحدت ایران». {بڕوانە: شناسنامه مطبوعات ایران، گرداورنده: مسعود برزین، تهران، پائیز ١٣٧١، س٣٣٦}.

* دوکتۆر سلێمان نەوشیروانی، لە شاری سەقز لەدایک بوە. کوڕی قادر خان نەوشیروانی و لە هۆزی فەیزوڵلابەگی بوە. لە تاران خوێندویەتی و دوکتۆرای لە یاساناسیدا وەرگرتوە. ساڵی ١٩٧٧ لە تاران کۆچی دواییکردوەو لە گوندی کەریم ئاباد لە نزیک شاری سەقز نێژراوە. جگە لە ڕۆژنامەی «کوەنور» لە دەرکردنی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیکەشدا بەشداربوە، وەک: سەحەر و شیرنامە کە ئەوانیش هەر بە زمانی فارسی بون.{دەربارەی بڕوانە: عمر فاروقی، نظری بتاریخ و فرهنگ سقز کردستان، سقز، ١٣٦٩؟، ص١٢١}.

## (٣٤) ڕۆژنامەی «رهبر کرد»:

لە مانگی جێنیوەری ١٩٥٢ دا لە کرماشان لەلایەن خەسرەو ئەکبەری کوردستانی)یەوە بە فارسی دەرکراوە. تەنها دو ژمارەی لێدەرچوە. {دەربارەی بڕوانە: محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، جلد اول، چاپ سوم تهران، ١٣٨١، ص٣٤٢}. هەروەها {شناسنامه مطبوعات ایران، گرداورنده: مسعود برزین، تهران، پائیز ١٣٧١، س٢١٩}.

## (٣٥) ڕۆژنامەی «صدی کرد»:

محەمەد عەلی سولتانی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە نوسیویەتی: «ئیمتیازی ڕۆژنامەی (صدي کرد) بە پێی مۆڵەتی ژمارە ٣٢١٢٥/٥٤٥ لە ڕێکەوتی ٣ی ئابانی ١٣٣١ دا بە ناوی (ئیسماعیل شاکری) مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکانی کرماشانەوە دەرچوە، بەڵام بڵاونەکراوەتەوە. {محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان، جلد اول، چاپ سوم، تهران، ١٣٨١، ص٣٤٣}. {٣ی ئابانی ١٣٣١ دەکاتە ١٩٥٢/١٠/٢٥}.

## (٣٦) بڵاوکراوەی «صدای کردستان»:

محەمەد کەریم معتمد وەزیری، لە سنە؟ دەریکردوە.

{دەربارەی بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، کورتە بیبلۆگرافی رۆژنامەگەری ئوستانی کوردستان ١٣٢٠ ـ ١٣٥٧، هەفتەنامەی ئاویەر، ژمارە ١٠، ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٧٦، ل٧}.

## (٣٧) بڵاوکراوەی «ارین»:

میر موسا موشیری ساڵی ١٩٥٢ لە تاران بە فارسیی دەریکردوە.

{دەربارەی بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، کورتە بیبلۆگرافی ڕۆژنامەگەری ئوستانی کوردستان ١٣٢٠ - ١٣٥٧، هەفتەنامەی ئاویەر، ژمارە ١٠، ٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٧٦، ل٧}.

## (٣٨) ڕۆژنامەی «پیک کرد»:

لەلایەن (مەنسوری ئەردەڵان)ەوە، لە شاری سنە دەرکراوە.

{شناسنامە مطبوعات ایران، گرداورندە: مسعود برزین، تهران، پائیز ١٣٧١، س٤٥٥}.

## (٣٩) ڕۆژنامەی «زاگروس»:

لەسەر ڕۆژنامەکە نوسراوە (صاحب امتیاز و مدیر مسئول: ناسر آزاد پور). ژمارە ٨ی ساڵی یەکەمی لە ڕۆژی دو شەممە ١٩٥١/١٠/٨ (١٥ مهر ١٣٣٠) دا دەرکراوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە فارسی بووەو، لە سنە دەرکراوە.

## (٤٠) ڕۆژنامەی «خۆرنشین»:


خورنشین
سیاسی ادبی اجتماعی
سال اول
شماره هشتم
شنبه ١٣ مهر ١٣٣٠
مدیر داخلی
مدیر و صاحب امتیاز
عبدالحمید معرفت
قضیه ایران یا سنگ محک شورای امنیت
عزیمت هیئت نمایندگی ایران به لیک ساکسس
آثار باستان
جراید فحاش یا دشمنان آزادی مطبوعات
استرداد لایحه بخشودگی نظام وظیفه

لەسەر ڕۆژنامەکە نوسراوە (مدیر وصاحب امتیاز: عبدالحمید معرفت)، (مدیر داخلی: دکتر وکیل کردستانی). بە زمانی (فارسی و کوردی) لە تاران دەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممە ١٩٥١/٨/١١دا دەرکراوە. عەبدولحەمید مەعریفەت و دوکتۆر وەکیلی کوردستانی و دوکتۆر محەمەد موکری و گەلێک شاعیرو نوسەری دیکە بەرهەمیان تیادا بڵاوکردوەتەوە. ژمارە ١٨ی لە ڕۆژی چوار شەممە ١٩٥٢/١١/١٢دا دەرکراوە. وادیارە ژمارەی دیکەشی لێدەرکرابێت.

{بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، ڕۆژنامەو ڕوژنامەگەری لە ئوستانی کوردستاندا- ناساندنی چەند ژمارەی خۆرنشین، هەفتەنامەی ئاویەر، ژمارە ٥، ١٩ی ڕەزبەر ١٣٧٦، ل٩}.

* ڕێز و سوپاسی زۆرم بۆ ئەحمەد شەریفی کە کۆپیی یەکەم لاپەڕەی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی دەگمەنی بۆ ناردوم کە یەکێکیان یەکەم لاپەڕەی ژمارە ١١ی (خۆرنشین)ە. ئەو ژمارەیە لە ڕۆژی سێ شەممە ١٢ ئازەر ١٣٣٠ (١٩٥١/١٢/٤)دا دەرچوە.

### (٤١) گۆڤاری «بغستان»:


بە غستان
(= بستون)
گوواریکی مانگانەی میژوویی وە خویندەواری
بلاو کراوی:
ادارۀ گشتی بلاو کردنەوە و راگیاندن
سالی ١
ژمارە ١
آذرماه ١٣٣١ خورشیدی = ٢٥٦٤ مادی

مانگنامەیەکی فارسی و کوردی بووە، ساڵی ١٩٥٢ لەلایەن ئیدارەی ڕادیۆی ئێرانەوە بە سەرپەرشتیی دوکتۆر محەمەد موکری دەرکراوە.

{دەربارەی بڕوانە: شناسنامه مطبوعات ایران، گرداورنده: مسعود برزین، تهران، پائیز ١٣٧١، ص٨٩}.

**(٤٢) ڕۆژنامەی «برید شمال»:**

ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوە لە شاری خۆی لەلایەن (ئاقا سەید مەهدی)یەوە بە فارسی دەرکراوە.

{بڕوانە: اسناد مطبوعات ١٢٨٦ - ١٣٢٠، بە کوشش: کاوە بیات- مسعود کوهستانی نژاد، جلد اول، تهران، بهار ١٣٧٢، انتشارات سازمان اسناد ملی ایران، ص٥٠، ٣٨٣}.

**(٤٣) ڕۆژنامەی «کردان»:**

ساڵی ١٩٥٣؟ تەیموری ئەفشاری لە تاران بە فارسی دەریکردوە.

{بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، کورتە بیبلۆگرافی ڕۆژنامەگەری ئوستانی کوردستان ١٣٢٠-١٣٥٧، هەفتەنامەی ئاویەر، ژمارە ١٠، ٢٤ی خەزەڵوەر ١٣٧٦، ل٧}.

**(٤٤) ڕۆژنامەی «شهباز»:**

ئۆرگانی «جمعیت ملی با مبارزه با استعمار» بوە، ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەی نهێنی سەربە حیزبی تودەی ئێران بوە. خاوەن ئیمتیازی «ڕەحیم نامور» و سەرنوسەری «صارم الدین صادق وەزیری» بوە و لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٣دا لە تاران دەریان کردوە. زۆربەی سەروتارەکانی صارم الدین صادق وەزیری خۆی نوسیویەتی. لەکاتی خۆیدا یەکێک بوە لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئێران. لە گەلێک ژمارەیدا هەواڵی ناوچەکانی کوردستان و بابەتی جۆراوجۆری دەربارەی کوردو کوردستان تیادا بڵاوکراوەتەوە.

{مامۆستا صارم الدین صادق وەزیری لە چەند نامەیدا کە بۆی ناردوم، زانیاریی گرنگی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ نوسیوم. بۆ نمونە لە نامەیەکیدا

که له ۲۰۰۳/۱۰/۲۹دا نوسیویەتی، ئەوەی ڕونکردوەتەوە که زیاتر لەهەر ڕۆژنامەیەکی دیکەی ئەو ڕۆژگارە بایەخی بە هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردستان داوە}.

**(٤٥) ڕۆژنامەی «اریز»:**

ڕۆژنامەی ئاریز لە لایەن ناسر ئازاد پور و میر موسا موشیری، لە ساڵی ۱۹۵۳؟ لە شاری سنە بە فارسیی دەرکراوە.

{دەربارەی بڕوانە: برهان ایازی، ائینه سنندج، ۱۳۷۱، چاپ و صحافی پیام، ص۷۹۸}.

**(٤٦) ڕۆژنامەی «ندای غرب»:**

عەبدولحوسێن مونیعی، ساڵی ۱۹۵۳ لە شاری سنە، بە زمانی فارسی دەریکردوە. پاش کودەتای ۱۹۵۳/۸/۱٦ وەستاوە. چەند ساڵ دواتر سەرلەنوێ و وەک ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەست بە دەرکردنی کراوەتەوە. ئەم جارەیان هەتاکو ساڵی ۱۹۷۷ بەردەوام بوە. وێڕای وتارو بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، لاپەڕەکانی زیاتر بە ئاگاداری و (اعلان)ی دامودەزگاکانی حکومەت و هەواڵ پڕکراوەتەوە.

{دەربارەی بڕوانە: برهان ایازی، ائینه سنندج، ۱۳۷۱، چاپ و صحافی پیام، ص۷۹۸}.

**(٤٧) ڕۆژنامەی «کوردستان»:**

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەورەی دوەم، یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ٥ی بانەمەڕی ۱۳۳۳ (۱۹٥٤/٤/۲٥) لە تەورێز لە چاپخانەیەکی نهێنیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەرکراوە. ژمارە ۲ی لە

١٩٥٤/٥/٥ و ژماره ٣ی له ١٩٥٤/٦/٩ و ژماره ٤ی له جولای ١٩٥٤ و ژماره ٥ی له سێپتێمبەری ١٩٥٤دا دەرکراوە. غەنی بلوریان، سدیق ئەنجیری ئازەر، عەبدولڕەحمان قاسملو، عەزیزی یوسفی و دەریان کردوە. صارم الدین صادق وەزیری ڕۆڵی گەورەی لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەدا هەبوەو، بە پێشنیاری ئەو سود لە چاپخانەی نهێنیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وەرگیراوە. تەنها پێنج ژمارەی لێدەرکراوە، ژمارە پێنجی بەر لەوەی بڵاوبکرێتەوە، لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە چاپخانەکەی «فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان»دا دەستی بەسەردا گیراوە.

* مامۆستا صارم الدین صادق وەزیری، لە چەند نامەیەکیدا زانیاریی گرنگی دەربارەی هەلومەرجی دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەی بۆ نوسیوم، لە یەکێک لەو نامانەدا ئەوەی ڕونکردوەتەوە کە لەو کاتەدا پێویستیان بە کەسێک بوە کە لە پیتچنینی کوردیدا شارەزایی هەبوبێت، بەڵام کەسی شارەزایان دەستنەکەوتوە، دواتر قادری یوسفی برای عەزیزی یوسفی دەنێرن بۆ چاپخانەکەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە تەورێزو فێری پیتچنینی دەکەن. بەو جۆرە قادری یوسفی بەشداریی لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا دەکات {مامۆستا صارم الدین صادق وەزیری ئەم نامەیەی لە ٢٠٠٢/١٢/١٦دا بۆ نوسیوم}.

* غەنی بلوریان، لە بیرەوەرییەکانیدا بەسەرهاتی دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیەی گێڕاوەتەوەو نوسیویەتی: مانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٥٤«خۆم گەیاندە تەورێز. قاسملو و عەزیز لە تەورێز بوون ... دوای چوونی من بۆ تەورێز، «سەدیقی هەنجیری ئازەر»یش لە تارانەوە هات بۆ تەورێز. ئێمە ئەو چوار کەسە کۆ بووینەوەو لەسەر دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان بریارماندا، قاسملو، ئێمە بە ڕێبەرانی فیرقەی دێموکڕات بناسێنێ و ئێمەش داوایان لێبکەین بۆ چاپی رۆژنامەی کوردستان، یارمەتیمان بدەن. ڕێبەرایەتی فیرقەی دێموکڕات، بۆ چاپی رۆژنامەی کوردستان یارمەتی پێکردین و ئێمە لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ یەکەم ژمارەی کوردستانمان دەرخست. سەدیقی هەنجیری و عەزیزی یۆسفی بە زمانی فارسی وتاریان بۆ کوردستان دەنووسی و من

دەمکردن بە کوردی و بۆ خۆیشم بە کوردی وتارم دەنووسی. ئەو نامە و وتارانەش کە بە زمانی فارسی لە کوردستانەوە دەگەیشتن، من دەمکردن بە کوردی و قاسملو بەسەریاندا دەهاتەوە. قاسملو هەروەها بە زمانی کوردیش وتاری دەنوسی. هەموو بە یەکەوە رۆژنامەکەمان مۆنتاژ دەکردو من دەمبرد بۆ چاپخانەی فیرقەی دیموکرات. ئەوان نوسراوەکانیان تایپ دەکردو پاش تەواو بوونیان من هەڵەکانم راست دەکردەوە و پاشان چاپ دەکران. دوای چاپی کوردستان، ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئازەربایجان ئورگانی فیرقەی دیموکراتی ئەزەربایجان ئەوانمان دەبرد بۆ ماڵی ئەندامێکی فیرقە بە ناوی «حوسێن» کە لە سۆڤێت گەڕابۆوەو لەو ماڵەوە بڵاومان دەکردنەوە. ئێمە کوردستانی ژمارە ١ و ٢مان بە «مەحمودی مەنگوڕی»دا ناردەوە بۆ مەهاباد، بەڵام پاشان لەگەڵ برادەرانی فیرقە بریارمان دا تەتەرێکی هاوبەشمان هەبێ و بۆ ناردنی رۆژنامەکانی کوردستان و ئازەربایجان. لە هەر ژمارەی کوردستان ١٠٠ دانەمان دەنارد بۆ کوردستانەکانی ژێر دەستی عێراق و تورکیەو ١٩٠٠ دانەشمان لە کوردستانی ژێر دەستی ئێراندا بڵاو دەکردەوە. خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان نامەیان بۆ دەناردین. مامۆستا هێمن، لە نامەیەکدا سوپاسی لێکردبووین. رێکخراوەکانی کوردستانی ژێر دەستی عێراق داوای ژمارەیەکی پتریان لێدەکردین، بەڵام ئێمە نەماندەتوانی پتر لە دوو هەزار دانە چاپ بکەین. زۆرمان هەوڵدا چاپخانەیەک لە ورمێ دانێین، بەڵام سەرنەکەوتین. دوای بڵاوکردنەوەی هەشت ژمارەی کوردستان، چاپخانە فیرقە ئاشکرا بوو. «جەعفەری قەوسی» سەرنووسەری رۆژنامەی ئازەربایجان گیراو، رژیم دەستی بەسەر چاپخانەکە داگرت. دوای ئاشکرا بوونی چاپخانەی فیرقە، ئێمە لە ترسی پەلاماری مەئمورەکانی حکومەتی ئێران لەگەڵ قاسملو چووین بۆ تاران. ئەوەش دەبێ بڵێم، کە عەزیزی یۆسفی، بە دوای دەرچوونی دووهەمین ژمارەی کوردستاندا لە مسافیرخانەی «شەبستەری» گیراو، نزیک بە ساڵێک لە زیندان مایەوە».

{غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، ل١٥٢ ـ ١٥٣}.

* کەریمی حسامی، کلێشەی یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەی بڵاوکردوەتەوە و ئاماژەی بۆ ئەوەش کردوە کە تەنها ٥ ژمارەی لێدەرکراوە. {کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دوەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٣٢٦}. هەروەها بڕوانە: کەریمی حسامی، لە بیرەوەریەکانم، بەرگی یەکەم، سوید، ئاداری ١٩٨٦، ل٢٦٠-٢٦١.

## (٤٨) ڕۆژنامەی «کوردستان»:


لەلندنا لەلایەن ملکەوگەلەرەمیو اندار ییکی بێ وینەلەشاهنشای ایر ان کرا

کوردستان
ڕۆژنامە یێکی حەوتەیی کوردیە حەوتەی جارێ چلێکی دەرئەچێ ژمارەی دوەم
ساڵی یەکەم

بایی:
ساڵانە: ٨ تمەن
شەش مانگە: ٥
چل: ٢ قەران

خاوەنی امتیاز ومدیری لێپرسراو
عبدالحمید . بدیع الزمانی
بەچاودیری
دەستەی نوسەر

یانەی ڕۆژنامە:
تاران ـ شەقامی امیر کبیر ـ پاساژی ٢٠
تەلەفون: ٣٠٤٥٦٣

کوردستان
سیاسی ـ زانیاری ـ ویژەیی ـ کومەڵایەتی

چوارشەمە ٢٢ گوڵان ٢٥٧١ ک ٢٢ اردیبهشت ١٣٣٧ ش ٤ ذی القعدە ١٣٧٨ ق ١٣ مە ١٩٥٩ م

کورتەیی لە هەواڵەگرنگەکانی ناوخودەرەوە لەمحەوتەدا
کپنهاك بو میو انداری لە شاهنشا آمادە ئەبێ
ملکەی دانمارك ئەلامە وپیش سفری بوایران گردوە زور بە ایران علاقەی هەیە
تیك چوونی نیوانی عبدالکریم قاسم وشیوعیەکانی عراق
قسەکانی کوری خوالی خوش بو قاضی محمد

سپاس و ١
بێ خوهەلکێشان و شانازی ئەلێین، قەت لامان وانەبو، کە ڕۆژنامەی ایمە ئەوەندە جێگای چاودێری وعلاقەی ها ونیشتمانە خوشەویستەکانمان بێ ،وە وەما پێشواز یکی لێەوەبکری، کەتائەم ئەندازە بوگەیشتن بەوآمانجە خاوێنە، کە واڵە پێش چاومانا، هل مان نێ.
ماوەل ٢

خاوەنی ئیمتیاز و مدیری لێپرسراو: عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی (ناسراو بە مهی فرهی - مەهی فەڕڕەهی) و سەرنوسەری: دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە بوە، لە تاران بە کوردی و فارسیی دەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٥٩/٥/٦دا دەرکراوە. ژمارە ٢٠٩ ی لە ١٩٦٣/٥/٢٩دا دەرکراوە. ڕەنگە ژمارەی دیکەشی لێدەرچوبێت. عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی، دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە، عەبدولڕەحمان مفتی

زاده، شوکرولڵای بابان، عابد سیراجەدینی، خەسرەو شێخ کانلویی میلانی، ئیحسان نوری پاشاو هێمن و چەند شاعیر و نوسەری دیکە بەرهەمیان تیادا بڵاوکردوەتەوە. ژمارە ١٩٧ی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٦٣/٢/٢٧ (٨ی اسفند ١٣٤١) دا دەرکراوە، تایبەت بوە بۆ یادی یەکەم ساڵەی کۆچیدوایی (گۆران). لەو ژمارەیەدا گەلێک وتارو بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکراونەتەوە کە بەشی زۆریان تایبەت بون بۆ یادی گۆران.

* عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی شاعیرو ڕۆژنامەنوسێکی لێهاتوی نەتەوەکەمان بوە. لە ١٩٠٥/١/١١دا لە شاری سنە لەدایکبوە. لە ١٩٧٧/٧/٢٧دا لە تاران کۆچی دواییکردوە. لە پاش خۆی گەلێک دەستنوسی بەنرخی بەجێهێشتوە.

* {خۆم چەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیەم هەبو، لەگەڵ گەلێک گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکەدا لە مەنع تەجەولەکەی ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٧ شاری سلێمانیدا هەمویان سوتێنران}.

* {ساڵی ١٩٨٥ لە بەغداد، لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی زۆربەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەم دیوە کە لە دو بەرگدا هەڵگیرابون. هەر ئەودەم گەلێک سەرنج و تێبینیم لەسەر وتارو بابەتەکان و ناوی نوسەرەکانی نوسیوە. وەکو بزانم مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی کاتێک لە تارانەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد، گەلێک کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆنی لەگەڵ خۆی بۆ کۆڕی زانیاری کورد بردوەو ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی (کوردستان)یش بەشێک بون لەوانە}.

## (٤٩) ڕۆژنامەی «سنندج»:

ساڵی ١٩٦٠ بە فارسی لە شاری سنە دەرکراوە. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا دەنوسرا: «سیاسی، ادبی، اجتماعی، فکاهی- صاحب امتیاز و مدیر مسئول احمد کمانگر وکیل پایە ١ دادگستری». ژمارە ٤٦ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٦١/٧/١٣ (٢٢ی تیر ١٣٤٠)دا دەرکراوە. ئەحمەد خانی کەمانگەر ناسراو بە سالار ئەرشەد، ساڵی ١٩٨٣ کۆچیدا دەریکردوە).

## (٥٠) ڕۆژنامەی «کوردستان»:




ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەورەی سێیەم. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممە ١٩٦٠/٧/٢٣ (ی گەلاوێژی ١٣٣٩) و ژمارە ٤ی لە ڕۆژی هەینی ١٩٦٠/٩/٢٣ دەرکراوە. بەپێی هەندێک زانیاریی ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری سلێمانی بە ڕۆنیۆ دەرچوە.

{دوکتۆر یاسین سەردەشتی، وتارێکی لەژێر ناوی (لاپەڕەیەکی ون لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی سیاسیی کوردی) لە سایتی دیمانە، ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٧دا بلاوکردوەتەوەو ڕۆشنایی خستوەتە سەر ئەم ڕۆژنامەیە}.

کەریمی حسامی، لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: «هەوەلی زستانی ١٩٥٩ من و ئەحمەد توفیق و قادر شەریف و سمایلی قاسملۆ چوینە سولێمانی لە ماڵی قالە تەگەرانی میوان بوین. ناکرێ بڵێم میوان لە راستیدا ماڵەکەی بۆ ئێمە وەک بنکەی حیزبی بوو. هاتینە ئەو باوەرە کە ژمارەیەک ڕۆژنامەی کوردستان دەرکەین. وتارەکانمان نووسی بە رۆنیو چاپمان کرد. ئەحمەد توفیق، دەیبردە نێو شار دەیدا بە خەڵکی دەیگوت لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوە...».

{بڕوانە: کەریمی حیسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٥٧ ـ ١٩٦٥، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، چاپخانەی ئارارات، ١٩٨٧، ل٥٩}. هەروەها دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە بڕوانە:

١. ڕۆژنامەی دەنگی کورد، ژمارە ٢٣، ڕۆژی چوار شەممە ١٩٦٠/٨/٣١، ل١.
٢. ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٠، بەفرانباری ١٣٥٤ ـ ژانویەی ١٩٧٦، ل٣.

## (٥١) بڵاوکراوەی «دیسان بارزانی»:


دیسان بارزانی
ژمارە ١
مانگی شوبات
سالی ١٩٦٢
(( دیسان بارزانی ))

عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) وەک بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دا دەریکردوە. ناوەڕۆکی هەر ژمارەیەکی بریتی بوە لە ستایش کردنی ڕابەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان. یەکەم ژمارەی لە فێبروەریی ١٩٦٢ و ژمارە ٦ی لە ١٩٦٢/٣/٢٩ دا دەرچوە.

## (٥٢) ڕۆژنامەی «کوردستان»:

لە پراگ لە لایەن «دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، محەمەد موهتەدی، کەریم حسامی و حەسەن قزڵجی»یەوە دەرکراوە. یەکەمین ژمارەی لە مانگی

فێبروەریی ١٩٦٥ و ژمارە ٢٦ی لە سێپتێمبەری ١٩٧٠ دا دەرچوە. دوکتۆر مارف خەزنەدارو چەند کەسی دیکە بە وتارو بابەتی جۆراوجۆر هاوکارییان کردوە. کەریمی حسامی، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوەی کردوە کە حیزبی تودەی ئێران ویستویەتی ناوی ڕۆژنامەکە « مەردوم» بێت و وەکو ئۆرگانی کوردیی حیزبی تودەی ئێران بڵاوبکرێتەوە، بەڵام دوکتۆر قاسملوو هاوڕێکانی گوتویانە دەبێت ناوی «کوردستان» و ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێت. سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە ناوی «کوردستان» بێت بەڵام ناوی «حیزبی دیموکراتی کوردستان»ی لەسەر نەبێت.

{بڕوانە: کەریمی حیسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٥٧ - ١٩٦٥، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، چاپخانەی ئارارات، ١٩٨٧، ل١٤٦ - ١٤٧}. هەروەها {کەریمی حیسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٦٥ - ١٩٧٠، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٨، ل٧-٩}. هەروەها{بڕوانە: دوکتۆر مارف خەزنەدار، من و ڕۆژنامەی (کوردستان)ی دەورەی ئەوروپا ١٩٦٥-١٩٧٠، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٢٥٧، ١٩٩٨/٤/٢٢، ل١٣}.


یەکیەتی خەبات سەربەخویی دیموکراتی
کوردستان خوراد پسکینی وبەسەرهەمو بەرهەلستیك دا زال ئەبیت !!
گوفاری
ئورگانی لکی ٣ی حزبی دیموکراتی کوردستان
سالی یەکەم ژمارە ٣
ڕێبەندانی ١٣٤٥ هەتاوی
لە شاردانەی ٢ تمن
لە لادی دانەی ١ تمن
لە روژی ١٥/١١/١٩٦٦ گەورەترین کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ...
دونیالە چەرخی ١٨ دا توشی گورانیکی بن چینەیی بوو
هیچ شتیك لە خورا بەوجود نایە

## (٥٣) بڵاوکراوەی «ڕۆژ»:

کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی دەریکردوە، سلێمانی موعینی سەرپەرشتی کردوهو خۆیشی زۆربەی بابەتەکانی نوسیوە. لە یەکەم لاپەڕەی ژمارە ٣ی ئەم بڵاوکراوەیە نوسراوە: «گۆڤاری ڕۆژ، ئورگانی لکی ٣ی

حزبی دیموکراتی کوردستان، ریبەندانی ١٣٤٥ هەتاوی- ژانویەی ١٩٦٧ میلادی». لەسەرو ناوی بلاوکراوەکەوە نوسراوە: «یەکیەتی، خەبات، سەربەخویی، دیموکراتی - کوردستان خۆ رادەپسکینی و بەسەر هەمو بەرهەلستێك دا زالْ ئەبیت !!». هەروەها لەملاو لەولای ناوەکەیەوە هەندێک دروشمی دیکەش نوسراوە. یەکەم ژمارەی لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٦ و، دوەم ژمارەی لە نۆڤێمبەری ١٩٦٦ و، سێهەم ژمارەی لە جێنیوەری ١٩٦٧ دا دەرکراوە.

* کەریمی حسامی، لە بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی ئەم بلاوکراوەیە نوسیویەتی: «پاش بەستنی کونگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێو ئەندامانی حیزب دا ناکۆکی پەیدا دەبێ. شەهید سولەیمانی موعینی لەگەلْ دەستەیەکی چەکدار وەک کادری رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەگەرێتەوە بۆ کوردستانی ئیران و بە چەکەوە لە کوردستان دەسورێتەوەو تێ دەکۆشی هەر لەو کاتەدا رۆژنامەیەکیش بە ناوی ڕۆژ ئورگانی لقی سێ حیزبی دیموکرات بە رۆنیو بلاودەکاتەوە. برادەرانی لە کوردستان بوون سێ ژمارەیان بۆ من ناردبوو. لە نێوەرۆکی رۆژنامەکە لە نامەکەی کاک سولەیمانەوە دەردەکەوێ کە سولەیمانی موعینی کاتیکی لە کوردستانی ئیران بووە هیچ پێوەندی لەگەلْ ئەحمەد توفیق و دارودەستەکەی نەماوەو، سیاسەتیکی سەربەخۆی گرتۆتەپێش». بڕوانە: کەریمی حیسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٦٥- ١٩٧٠، بەرگی سێیەم، ستۆکهۆلم، ١٩٨٨، ل١٩. لەهەمان کتێبدا لە لاپەڕە ٢٠٥دا کەریمی حسامی کۆپی یەکەم لاپەڕەی ژمارە ٣ی ڕۆژی بلاوکردوەتەوە.

## (٥٤) بلاوکراوەی «تیشک»:

کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦٧ دا دەریکردوە. سێ ژمارەی لێدەرکراوە.



لە لایەن کومیتەی شورشگیری حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچی

سەرماوەزی ١٣٤٥ هەتاوی | ژمارەی ١ سالی ١ | نوامبری ١٩٦٦ زایینی

{عبدلله حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل٤٤ و ٤٥}.
{عەولای مینایی، مەلا ئاوارە، ل١٨}.
{ئەم بلاوکراوەیە بە قەوارەی فولسکاب و لەسەر کاغەزی ڕایزو بە تایپرایتەر تایپ بووەو، ژمارە یەکی، ساڵی یەک، لە نۆڤەمبەری ١٩٦٦ز-سەرماوەزی ١٣٤٥ی هەتاوی، بە چوار لاپەرە، دەرچووە. ڕەفیق ساڵح. (ئەرشیڤی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە)}.

## (٥٥) ڕۆژنامەی «کوردستان»:



کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارە ١ | ڕیبەندانی ١٣٤٩ | ژانویەی ١٩٧١ | لاپەڕە

یادی نووی ڕیبەندان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتادا لە بەغداد دەرکراوە. یەکەم ژمارەی لە ژانویەی ١٩٧٠ دەرچوە. هەتاکو ئێستا بەردەوامەو زنجیرەی ژمارەکانی لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ دا گەیشتوەتە (٤٢٢). لەماوەی ئەم ٣٥ ساڵەی تەمەنی ئەم ڕۆژنامەیەدا گەلێک جێگۆڕکێ و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە. پاش جیابونەوەی باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە ١٩٨٨/٣/٢١دا لە ژمارە (١٣٤)ەوە دریژەیان بە دەرکردنی دایەوە.

## (٥٦) ڕۆژنامەی «ڕێگای یەکێتی»:



ڕێگای یەکیەتی

یەکیەتی-تیکوشان-سەرکەوتن

ڕوژنامەیەکی مانگانەیە

• پایەداربێ جەژنی هەموەنی مانگی ئەیار روژی یەکیەتی کارگەرانی جهان.

ریگای یەکیەتی بە زبانی میللەتە مەزنەکانی ئیران دەردەچیت کە: کوردو فارس و تورکو عەرەبو بلوچن.

جوزەردان - ١٣٥٢-١٩٧٣ ریگای یەکیەتی زمارە (٥٢) لاپەرە (١)

بە هوی سالی سییەم لە بلاو بوونەوەی روژنامەی ریگای یەکیەتی

سەلاو بو گیانی شەهیدانی ریگای رزگاری فەلەستین

سەلاو بو دانشجویە تیکوشەرەکان

لە شەهید خەسرەوی روزبە دەبێ دەرس فێر بین

خەباتی میللەتی کورد لە پشتگوە شان بەشانی میللەتانی ژیر دەستی ئیران

• سەلاوی ئاگرین پیش کەش بێ بە کریکارانی تیکوشەری ئیران کە شان بەشانی هیزەکانی رەهبەرو میلی و روشەن بیران لە دژی رژیم لە خەباتن.

ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری بەغداد لە لایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسەندی و چەند ڕوناکبیری دیکەی کوردو فارس و ئازەرەوە دەردەکرا. مانگی یەک ژمارەی لێدەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ئاپریلی ١٩٧١ و ژمارە (٣١) کە وا دیارە دوا ژمارەی بوبێت لە نۆڤێمبەری ١٩٧٣ دەرچوە. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا دەنوسرا: (یەکیەتی- تێکۆشان- سەرکەوتن).

{دەربارەی بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٢٨}. هەروەها بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنەو ڕەفیق سالح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٣، ٢٠٠٥، ل١٥٠.

## (٥٧) گۆڤاری «تێکۆشەر»:

یەکەم ژمارەی لە جۆزەردانی ١٣٥١ (ژوئەنی ١٩٧٢)دا لەلایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەرکراوە. لەم دەورەیەدا (٢٠) ژمارەی لێدەرکراوە. دەورەی دوەم، یەکەم ژمارەی لە خاکەلیوەی ١٣٦١ دا دەرکراوە. تا ئێستا بەردەوامەو گۆڤارێکی وەرزییە.



تێکۆشەر

نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەورەی ۲    هاوینی ۱۳۷۷    ژمارە

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە

★ ...ێکی دڵتەزێن لەبارەی ...ی کوردستانی ئێرانەوە ...۲

★ باسێکی کورت لەسەر پەیمانی ئێزامیی «ناتۆ»............ ۱۰

★ باسێک لەسەر مودیرییەت........ ۱۵

★ سازماندەهی تازە.................. ۲۱

★ کات بەنرخە باکەڵکی لێوەرگرین...۲٦

ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە

{بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە، ۲۲٤، ئووتی ۱۹۹٥، ل۳۱}. هەروەها بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە و ڕەفیق سالّح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ۳، ۲۰۰٥، ل۱٥۱ - ۱٥۲.

* س. ماکوان، سەبارەت بەم گۆڤارە نوسیویەتی: «نامێلکەی نێوخۆی (حدکا)یە و هەر چەند مانگ جارێک دەردەچێ، دەورەی دووهەمی ئەم گۆڤارە لە ئاوریلی ۱۹۸۲ەوە دەستی بە وەشان کردووەو هەر ئێستا بەردەوامە». ڕاستەوخۆ دوای ئەم زانیارییە نوسیویەتی: «زۆربەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لای نووسەری ئەم وتارە پارێزراوە». {س. ماکوان، ڕۆژنامەنووسی کوردی لە چیا، ئەم بابەتە لە «ماڵپەڕی دیمانە»دا بڵاوکراوەتەوە و من لە ۲۰۰۳/۱۰/۱۳دا خستومەتە سەر کاغەز}.

(٥۸) بڵاوکراوەی «کوردستان»:

بڵاوکراوەیەک بوە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە پاریس و ستۆکهۆڵم بە کوردی دەرکراوە. یەکەم ژمارەی لە ساڵی ۱۹۷۸ و ژمارە ۱٤۳ی لە ۱۹۸۸دا دەرچوە.

{بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە و ڕەفیق سالّح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ۳، ۲۰۰٥، ل١٦٤}



بژی یەکێتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران

چوارچرا

بلاوکراوەی کوردی زمانی کۆنفدراسیۆنی جیهانیی خوێندکارانی ئێرانە

ژمارە ١، ساڵی یەکەم

بیرەوەری ٢ی ڕێبەندان

چوارچرا... بۆچی؟

وتاری کردنەوەی

هەژدەهەمین کونگرەی کونفدراسیون

رقی پیرۆز

### (٥٩) بڵاوکراوەی «چوارچرا»:

بڵاوکراوەی کوردی زمانی کۆنفیدراسیۆنی کوردی جیهانیی خوێندکارانی ئێرانە، ژمارە یەک، ساڵی یەک، رێبەندانی ١٣٥٦ – فوریەی ١٩٧٨. ئەڵمانیای ڕۆژئاوا درەچوە. لەژێر دروشمی بژی یەکێتی شۆڕشگێرانەی گەلانی ئێران.

### (٦٠) بڵاوکراوەی «ژین»:

دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە دەریکردوە. تائێستا بۆم ڕون نەبوەتەوە کەی و لە کوێ دەریکردوە.

{سەرچاوە: نامەو دەستنوسێکی ئەحمەد شەریفی، نامەکەی لە مەهاباد لە ٢٠٠١/١٠/١٨ دا نوسیوە}.

### (٦١) گۆڤار «تروسکە»:

ئۆرگانی مانگانەی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتوی تاران «جمعیت کردهای مقیم مرکز» بو. یەکەم ژمارەی لە بەهاری ١٩٧٩ دا دەرکرا. دو ژمارەی لێدەرچوە. هەردو ژمارەکەی بە زمانی کوردی و فارسی دەرکراون. صارم الدین صادق وەزیری و جەلیل گادانی و چەند کەسی دیکە دەریانکردوە.

{تێبینی: لە هەندێک وتاردا ناوی ئەم ڕۆژنامەیە بە بروسکە هاتوە !}. {جەلیل گادانی لە نامەیەکیدا کە لە ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢دا بۆی نوسیوم، نوسیویەتی: تروسکە، ئۆرگانی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتووی تاران بوو کە بەینێک بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە تاران پێک هاتبوو.

مانگانه دەردەچوو. نزیکەی ٢٠ ژمارەی لێ دەرچووە. لە بەهاری ١٣٥٨ڕا دەستی پێکردبوو. من و چەند هەوالێک دەستمان پێ کرد}.

### (٦٢) گۆڤاری «مانگ هەڵات»:

گۆڤاری مانگ هەڵات ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کرماشان بە کوردیی دەرکراوە.

### (٦٣) گۆڤاری «ئەستێرە»:

ئەم گۆڤارە لە شاری سنە بە کوردی دەرکراوە. ژمارە ٥ی لە ڕۆژی شەممە ١٩٧٩/٢/٣، ژمارە ٦ی لە سێ شەممە ١٩٧٩/٥/٢٢ و ژمارە ٧ی لە ١٩٧٩/٦/٢ دا دەرکراوە.

{خۆم سێ ژمارەی ئەم گۆڤارەم هەبو، لەگەڵ گەلێک گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکەدا لە مەنع تەجەولەکەی ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/١٧ شاری سلێمانیدا هەمویان سوتێنران}. {دەربارەی بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنەو ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٣، ٢٠٠٥، ل١٦٦}.

### (٦٤) ڕۆژنامەی «هیوا»:

ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری تاران بە زمانی کوردی و فارسی دەرکراوە. دوەم ژمارەی ڕۆژی شەممە ١٩٧٩/٥/١٩ (٢٩ی اردیبهشت ١٣٥٨) دەرچوە. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە: «هیوا، دەنگی گەلی کوردە». لەم ڕۆژنامەیەدا هەواڵ و ڕوداوەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. لە دوەم ژمارەیدا وتوێژێک لەگەڵ شێخ عیزەدین حوسێنی سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان لەو ڕۆژگارەدا سازدراوە. هەروەها وتوێژێکی دیکە لەگەڵ دوکتۆر ڕەحیمی قازی سازدراوەو شیعری گوڵی هیوای «هێمن» و چەند بابەتی دیکەشی تیادا بڵاوکراوەتەوە.

* دوکتۆر ئەمیر حەسەنپور ساڵی (١٩٩٢) کۆپیی یەکەم لاپەڕەی دومم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەی بڵاوکردوەتەوە، بڕوانە:

Hassanpour, Amir, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918 – 1985
San Francisco, Mellen Research University Press,1992 ,p.259

## (٦٥) ڕۆژنامەی «گڕوگاڵ»:

کرماشان، ١٩٧٩، موحسین شاسواری تەنها دو ژمارەی لێدەرکردوە. یەکەم ژمارەی بە کوردی و دومم ژمارەی بە کوردی و فارسی بوە.

{سەرچاوە: نامەو دەستنوسێکی ئەحمەد شەریفی بۆ نوسەری ئەم بیبلیۆگرافیایە، نامەکەی لە مەهاباد لە ٢٠٠١/١٠/١٨ دا نوسیوە}.

* عەبدوڵلا سەمەدی، لە نامەیەکیدا نوسیویەتی: «ڕۆژنامەی گڕوگاڵ، هەشت لاپەڕەی گەورە بوو. دوو حەوتوو جارێک دەردەچوو. دەبێ یەکەم ڕۆژنامەی (طنز)ی کوردی بووبێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پتر لە لەسەدا پەنجای بابەتەکانی بە کەڵهوڕی بوو. زۆر بوێرانە دەینوسی و زمانێکی توند و تیژی بەکار دێنا. دوای دوو ژمارە بەسترا. لە دوای بەستران، هیند پێنەچوو کە هەمان ڕۆژنامە بە ناوێکی تازەوە سەر لەنوێ بڵاوکرایەوە. ناوی ئەم جارەی کرماشان بوو. کارگێڕ و نووسەر و بەڕێوەبەرانی، هەمان کەسانی پێشوو بوون. شێواز و زمان و بابەتەکانیشی لەسەر ئوسلووبی گڕوگاڵ دەڕۆیی. کرماشانیش زۆری دەوام نەکردو پاشی چەند ژمارەیەک بەسترا». {عەبدوڵلا سەمەدی نامەکەی لە ٢٠٠٦/١١/١٤دا لە مەهاباد نوسیوە}.

## (٦٦) بڵاوکراوەی «ڕاستی»:

١٩٧٨ - ١٩٧٩ لە تاران لەلایەن دەستەیەک لە ڕوناکبیرانی کوردەوە دەرچوە. حەسەنی قزڵجی سەرپەرشتییکردوە.



راستی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوەی لاوان و خوێندکارانی دیموکراتی ئێران

گیراوەکانی زیندانی «قەسری قاجار» لە نانخواردن مانیان گرت. خوپێشاندانی خێزانەکانی گیراوە سیاسیەکان

پیک بگرین و ڕێژیمی دژی نیشتمانی و نیستیبدادیی شابروخینین!

{سەرچاوە: نامەو دەستنوسێکی ئەحمەد شەریفی، نامەکەی لە مەهاباد لە ٢٠٠١/١٠/١٨ دا نوسیوە}.

لەلایەن ڕێکخراوەی لاوان و خوێندکارانی دیموکراتی ئێران لە خاکەلێوەی ١٣٥٧، وەک پاشکۆی (ئارمان-فارسی)، لەژێر دروشمی یەکێتی خەبات سەرکەوتن، دەرچووە، بە قەوارەی A4.

{ئەرشیفی مامۆستا عەبدوللای حەسەن زادە}

## (٦٧) گۆڤاری "خەبەرنامە":



خبرنامه

شماره یک

دوشنبه ٩/٧/٥٨

سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران

دوای شۆڕشی **گەلانی** ئێران، کۆمەڵە گۆڤارێکی خەبەری بە ناوی "خەبەرنامە" دەردەکرد. خەبەرنامە، بە دوو شێوە دەردەچو. شێوەیەکی مەحەللی بوو، کە لە شاری سنە ئامادە دەکراو، شێوەیەکی سەرتاسەری کە لە شاری مەهاباد ئامادە دەکراو، لە هەموو کوردستان بڵاو دەکرایەوە. بەدوای هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان دەورەی بڵاوبوونەوەی "خەبەرنامەی کۆمەڵە"، لە شاری سنە کۆتایی پێهات و، "خەبەرنامەی کۆمەڵە"، بە شێوەیەکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستان بڵاودەکرایەوە، کە لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان دا چاپ دەکرا. تەمەنی ئەم خەبەرنامەیەش هەتا دامەزراندنی ڕادیۆی کۆمەڵە، بە ناوی "دەنگی شۆڕشی ئێران" درێژەی هەبوو.

{نامەی ئیبراهیمی عەلی زادە سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە بۆ ڕەفیق سالح}

### (٦٨) ڕۆژنامەی «پێشەوا»:




کۆمیتەی شارستانی مەهابادی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەم ژمارەی لە ئۆگوستی ١٩٧٩ دا دەرکراوە. ژمارە ٣ی لە خەزەڵوەری ١٣٥٨ (ئۆکتۆبەر ـ نۆڤێمبەر ١٩٧٩) و ژ ٢٤ی لە بانەمەڕ ـ جۆزەردانی ١٣٦٢ (بەهاری ١٩٨٣) دا دەرکراوە. ٢٦ ژمارەی لێدەرچوە. {بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە و ڕەفیق سالح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٣، ٢٠٠٥، ل١٦٧}. سەرنج! لەم ڕابەرەدا نوسراوە تەنها ٢٤ ژمارەی لێدەرکراوە.




### (٦٩) گۆڤاری «شۆڕش»:

لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا دەنوسرا: (ارگان سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران - کۆمەلە). یەکەم ژمارەی لە مانگی نۆڤێمبەری ١٩٧٩ (ابان ماه ١٣٥٨) و دوەم ژمارەی لە فێبروەری ١٩٨٠ دا دەرچوە. سێ ژمارەی لێدەرکراوە {بەپێی نامەیەکی ئیبراهیمی عەلی زادە، تەنها دوو ژمارەی لێ درچووە - ڕەفیق}. ئەم گۆڤارە بە فارسی دەرچوە.

{لەم سالانەی دواییدا پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بونە چەند باڵێکەوە، لە مانگی (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠)ەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەستی بە دەرکردنەوەی ئەم گۆڤارە کردوەتەوە. لەسەر گۆڤارەکە دەنوسرێت (دەورەی دوەم) و زنجیرەی ژمارەکانی لە ژمارە یەکەوە دەستیپێکردوەتەوە. هەتاکو مانگی جولای ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەکانی گەیشتوەتە (٤٨) ژمارە}.

### (٧٠) ڕۆژنامەی «مەردم»:


مردم
ارگان مرکزی حزب تودۀ ایران
(بەزبان کردی)
سالی یەکەم - ژمارە ١
سێشەممە ١ مانگی خەزەڵوەری ١٣٥٨
٢٣ ئوکتوبری ١٩٧٩
داەی یەلمە ئیلد

حیزبی تودەی ئیران ڕێگای چارەکردنی هێمنانە و لەسەر بنچینەی نەهێشتنی زوڵمی میللی لەسەر خەلکی کورد، بە تاقەڕێگای چارەکردنی مەسەلەی کوردستان دەزانێ. وە ئامادەیە لەم ڕێگەیەدا بە هەموو توانا و دەرەتانی خۆیەوە، بە دڵسوزی یارمەتی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بدات.

براکوژی لەکوردستان، دەبێ بەخێرایی ببڕیندرێتەوە

ئاگاداری کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران بەبونەی سی‌وهەشتمین‌ساڵی دامەزرانی حیزبی تودەی ئیران

ڕاپورتی ئەکاندەری نوێنەری ئیمام خومەینی لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان

ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لە بارەی کوردستان

ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بو، بە کوردی لە تاران دەدەکرا. ئەو وتارو بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی «نامەی مەردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) دەنوسران، دەکرانە کوردی و لەوێدا بلاودەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵ و هەندێک بابەتی ئەدەبییشی تیادا بلاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە ١٩٧٩/١٠/٢٣ دەر کراوە. ژمارە ٢١ی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٨٠/٦/٨دا دەرکراوە. لە سەر ژمارەکانی سەرەتای تەنها (مەردم) نوسراوە، بەڵام لە ژمارەکانی

دواییدا ناوەکەی بوەتە (نامەی مەردم). سەرجەم (٦١) ژمارەی لێدەرچوە. حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند شاعیرو نوسەرێکی دیکە تیایاندا نوسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.

### (٧١) گۆڤاری «تیشک»:

کۆمیتەی کوردستانی سازمان چریکهای فدائی خلق، لە مەهاباد، ساڵی ١٩٧٩، سێ ژمارەی لێدەرکردوە.

### (٧٢) ڕۆژنامەی «دەنگی کورد»:

کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە کوردی و فارسی دەریکردوە، بە نهێنی لە تاران چاپکراوە. ژمارە١ بەهاری ١٩٧٩ و ژمارە ٤ ئۆگوستی ١٩٧٩ دەرچوە. ٨ ژمارەی لێدەرکراوە. جەلیل گادانی و عەلی کەریمی و چەند کەسێکی دیکە سەرپەرشتییان کردوە.

### (٧٣) گۆڤاری «شەهید»:

کۆمیتەی شارستانی بانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ساڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨١ دەرچوە. ژمارە ٩ی لە بەفرانباری ١٣٦٠ (دیسێمبەری ١٩٨١) دا دەرچوە.



### (٧٤) گۆڤاری «زانیاریی پێشمەرگە»:

کۆمیتەی شارستانی سنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٩٧٩ ـ ١٩٨٠دا دەریکردوە. ٤ ژمارەی لێدەرکراوە.

### (٧٥) گۆڤاری «گرشەی کوردستان»:




لێی نوسراوە: گۆڤارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، علمی، ئەدەبی، هونەری یە، بە زمانی شیرینی کوردی بڵاودەبێتەوەو سەر بە هیچ حیزب و کۆڕ و تاقمێکەوە نییە. خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرسیار: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل). یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٥٩ و ژمارە ٩ی لە بەفرانبار و ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٦٠دا دەرچوە.

{بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنەو ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٣، ٢٠٠٥، ل١٧١}.

### (٧٦) گۆڤاری «دەنگی ژنانی کوردستان»:



تەشکیلاتی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لقی مەهاباد دو ژمارەی لێدەرکردوە، ژمارە ٢ی لە ڕێبەندانی ١٣٥٨ (جێنیوەر – فێبروەری ١٩٨٠) دا دەرچوە.

## (٧٧) گۆڤاری «هاواری نیشتمان»:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ژمارە ٣ی لە ڕەشەمەی ١٣٥٨ (فێبروەری - مارس ١٩٨٠) دا دەرچوە.

## (٧٨) ڕۆژنامەی «دەنگی کورد»:

کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە کوردی و فارسی دەریکردوە، بە نهێنی لە تاران چاپکراوە. ژمارە١ بەهاری ١٩٧٩ و ژمارە ٤ ئۆگوستی ١٩٧٩ دەرچوە. ٨ ژمارەی لێدەرکراوە. جەلیل گادانی و عەلی کەریمی و چەند کەسێکی دیکە سەرپەرشتییان کردوە.

## (٧٩) گۆڤاری «لاوان»:

ئۆرگانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوە. یەکەم ژمارەی لە خەزەڵوەری ١٣٦٠دا دەرچوە. سەرەتا مانگانە بوەو پاشان هەر دو مانگ ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ٥٦ی لە ڕەشەمەی ١٣٧٢دا دەرچوە.

{بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە، ٢٢٤، ئوتی ١٩٩٥، ل٣٢}. هەروەها بڕوانە: عەبدوڵڵا زەنگەنەو ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دووەم، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٣، ٢٠٠٥، ل١٧١.
* س. ماکوان، سەبارەت بەم گۆڤارە نوسیویەتی: «ئۆرگانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان بووە. یەکەم ژمارەی لە

١٩٨١ له چیاکانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان بڵاوکراوه‌ته‌وه. له پێشدا به‌شێوه‌ی مانگانه بووه‌و دوایی هه‌ر چه‌ند مانگ جارێک بڵاوکراوه‌ته‌وه. ده‌رکردنی هه‌تا ساڵی ١٩٩٣ درێژه‌ی هه‌بووه‌و سه‌رجه‌م ٥٦ ژماره‌ی لێ بڵاوکراوه‌ته‌وه». ڕاسته‌وخۆ دوای ئه‌م زانیارییه نوسیویه‌تی: «زۆربه‌ی ژماره‌کانی ئه‌م گۆڤاره لای نووسه‌ری ئه‌م بابه‌ته ده‌ست ده‌که‌وێ». {س. ماکوان، ڕۆژنامه‌نووسی کوردی له چیا، ئه‌م بابه‌ته له «ماڵپه‌ڕی دیمانه»دا بڵاوکراوه‌ته‌وه و من له ٢٠٠٣/١٠/١٣دا خستومه‌ته سه‌ر کاغه‌ز}.

### (٨٠) گۆڤاری «گه‌لاوێژ»:

مه‌هاباد، یه‌کێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران له ١٩٨٠دا ده‌ریکردوه.

### (٨١) گۆڤاری «ده‌نگی لاوان»:

مه‌هاباد، ساڵی ١٩٨٠ یه‌کێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ده‌ریکردوه.

### (٨٢) گۆڤاری «پێشڕه‌و»:

ئۆرگانی تیۆری و سیاسیی (کۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستانی ئێران)، به فارسی و کوردی ده‌رده‌کرا. یه‌که‌م ژماره‌ی له ڕۆژی دو شه‌ممه ١٩٨١/٦/٢٢ (ای تیر ١٣٦٠) و دوه‌م ژماره‌ی له ڕۆژی شه‌ممه ١٩٨١/٨/١ (١٠ی مرداد ١٣٦٠) دا ده‌رچوه.


پێشڕه‌و

ئۆرگانی ناوه‌ندی کومه‌له ـ سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران

ژماره ١ — ٣٠ی ره‌زبه‌ری ٦٢

☆ له‌م ژماره‌یه‌دا:

- به‌بونه‌ی ده‌رچوونی یه‌که‌مین ژماره‌ی «پیشره‌و»
- جیگای کومه‌له له حیزبی کومونیستی ئیراندا.

بریارنامه‌کان و په‌سه‌ندکراوه‌کانی سیهه‌مین پلینومی کومیته‌ی ناوه‌ندی کومه‌له

{پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بونە چەند باڵێکەوە، ئێستا باڵێکیان بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) بەردەوامە لە دەرکردنی گۆڤاری پێشڕەو چ بە فارسی و چ بە کوردی. هەتاکو مانگی سێپتێمبەری ۲۰۰۵ (پێشڕەو)ی کوردی ژمارەکانی گەیشتوەتە ۲۱۱، هەروەها لەم دەورەیەدا دو ژمارەشی بە فارسی لێدەرچوە}.

## (۸۳) گۆڤاری «نەکەرۆز»:

کۆمیتەی شارستانی سەقزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، نزیکی ۱۰ ژمارەی لێدەرکراوە. ۱۹۸۱ ـ ۱۹۸۲.

## (۸٤) گۆڤاری «جیهان»:

یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران (سەربەداران) بە فارسی (۱۹۸۲ - ۱۹۹۰) دەریدەکرد. لە هەندێک ژمارەیدا وتار و شیعری کوردیش بڵاودەکرانەوە.

## (۸٥) گۆڤاری «کێلە شین»:

کۆمیتەی شارستانی شنۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ژ۱ زستانی ۱۳٦۰، ۱۰ ژمارەی لێدەرکراوە. یەکەم ژمارەی بە ناوی (ڕەندۆڵ) دەرکراو دواتر ناوەکەی بوە "کێلە شین".

## (۸٦) گۆڤاری «یەکێتی»:

کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، سەرەتای ۱۹۸۱، ۱۰ ژمارەی لێدەرکراوە.

## (٨٧) گۆڤاری «ڕوانگەی لاوان»:

بانە، لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ١٩٨١.




## (٨٨) هەواڵنامەی «پڵینگ»:

کۆمیتەی شارستانی پیرانشاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ١٩٨٢ - ١٩٨٣.

## (٨٩) گۆڤاری «ئارارات»:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ٤ ژمارەی لێدەرکراوە.



### (٩٠) گۆڤاری «تەرەغە»:

کۆمیتەی شارستانی بۆکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

### (٩١) بلاوکراوەی «ڕێگای گەل»:

ئۆرگانی شاخەی کوردستانی سازمانی فیدائی خەلقی ئێران، سالآنی ١٩٨١-١٩٨٣ سەرەتا لە شاری سنەو، پاشان لە شاخ دەرکراوە.

### (٩٢) بلاوکراوەی «تێکۆشان»:

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دەریدەکات، ژمارە ١ی لە ١٩٨٦/٣/٢١دا دەرکراوە. تا ئێستا بەردەوامە و ژمارە ١١١ی لە ٢٠٠٦/٥/٢٥دا دەرچوە.

### (٩٣) گۆڤاری «٢٦ی سەرماوەز»:




گۆڤارێکی وەرزیی، ئۆرگانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوە. یەکەم ژمارەی لە سەرماوەزی ١٣٦٣ (نۆڤێمبەری ١٩٨٤) دا دەرچوە. هەتاکو ڕەشەمەی ١٣٦٦ (فێبروەری ١٩٨٨) بەردەوامبوە و (١٢) ژمارەی لێدەرچوە. پاشتر بالّی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) درێژەی پێداوەو (٢٠) ژمارەی دیکەی

لێدەرکردوە. ژمارە ٢٠ی لە پاییزی ١٩٩٦ دا دەرکراوە.

(بڕوانە: یادێک لە گۆڤاری ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٤٠٣، ٢٠٠٤/١٢/٢، ل١٢). هەروەها: س. ماکوان، ڕۆژنامەنووسی کوردی لە چیا، ئەم بابەتە لە «ماڵپەڕی دیمانە»دا بلاوکراوەتەوەو من لە ٢٠٠٣/١٠/١٣دا خستومەتە سەر کاغەز).

## (٩٤) گۆڤاری «نوچەنامە»:

ساڵی ١٩٨٤ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریس بە پیتی لاتینی و دیالێکتی کرمانجی سێ ژمارەی لێدەرکردوە. خەسرەو عەبدوڵلاهی سەرپەرشتی کردوە.

{ئەم زانیارییەم لە نامەیەکی جەلیل گادانی وەرگرتوە کە لە ١٩٩٨/٤/٢دا بۆی نوسیوم}.

## (٩٥) گۆڤاری «نوسەری چیا»:




موحسین شاسواری ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر سایەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە باشوری کوردستان بە هاوکاریی کۆمەڵێک نوسەری نێو شارەکان و ئەوانەی کە لە شاخ بون دەریکردوە. سەرجەم چوار ژمارەی لێدەرچوە.

### (٩٦) گۆڤاری «پێشەنگ»:




گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریی بو، یەکەم ژمارەی لە پایزی ساڵی ١٩٨٥ دا دەرکراوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن "کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان"ەوە دەردەکرا. ژمارەکانی سەرەتای بە کوردی و فارسی بو، پاشان لە ژمارە (٥)ەوە بەشە فارسییەکەی وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ دەردەکرا. ژمارە ١٥ی لە خاکەلێوەی ١٣٧٢دا دەرچوە. دەوری دوهەمی، گۆڤاری پێشەنگ بەهاری ٢٠٠٣ی زایینی دەستی پێکردەوەو تا ئێستا بەردەوامە، سەرجەم ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە .

{ئەنوەر حسێن ئیندێکسێکی ڕێکوپێکی بۆ هەر پانزە ژمارەکە سازکردوە. بڕوانە: ئیندێکسی بابەتەکانی گۆڤاری پێشەنگ ژمارە ١ - ١٥، گۆڤاری پێشەنگ ژمارە ٩، خولی دوەم، پاییزی ١٣٨٤، ل ٤٣ ـ ٦٤}.

### (٩٧) گۆڤاری «سروە»:

ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی، لە شاری ورمێ، لەلایەن دەزگای «انتشارات صلاح الدین»ەوە دەردەچێت. یەکەم ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٥دا دەرچوە. ئەم ژمارەیە ٩٦ لاپەڕەیە.



"هێمن"ی شاعیر بە هاوکاریی چەند نوسەرو شاعیر بناغەی ئەم گۆڤارەی داناوە. ئەم گۆڤارە تا ئێستا بەردەوامە لە دەرچون. لە گەلێک ژمارەیدا وتارو بابەتی جۆراوجۆر بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە.




(٩٨) گۆڤاری «ئامانج»:

سالّی ١٩٨٤ لە تاران بە کوردی دەرکراوە. ژمارە ٣٧ی لە بەهاری ١٩٨٩دا دەرچوە. لەپاڵ ئەم گۆڤارەدا گۆڤارێکی دیکە بۆ منداڵان بە ناوی «ئامانج بۆ زاروکا» دەرکراوە، کە یەکەم ژمارەی لە مانگی دیسامبەری ١٩٨٥ دا دەرچوە. سەرجەم ٢١ ژمارەی لێدەرکراوە.

**(٩٨) گۆڤاری "پەیام":**

گۆڤاری "پەیام"، بە زمانی فارسی بوو، ٧٩ ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٧ تا مانگی گوڵانی ١٩٩١، لێ بڵاوبۆتەوە.

{نامەی ئیبراهیمی عەلی زادە، سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە بۆ ڕەفیق ساڵح}



**(١٠٠) گۆڤاری «ئاوێنە»:**

ئەم گۆڤارە لە تاران بە کوردی و فارسی دەرکراوە. یەکەم ژمارەی لە فێبروەری ١٩٩٠دا دەرچوە. ژمارە ٣٨ی لە هاوینی ١٩٩٨دا دەرچوە. ٥٤ ژمارەی لێدەرچوە{ احمد قاضی، ژورنالیسم کردی در کردستان ایران در قرن بیستم، گۆڤاری سروە، ژمارە ٢٠٠، ڕەشەمە ١٣٨١، ل٣١}.

**(١٠١) گۆڤاری «پێشمەرگە»:**

ئەم گۆڤارە لە شاری کرماشان، لە لایەن قەرارگای ڕەمەزانەوە بە کوردی دەرکراوە. یەکەم ژمارەی لە ١٩٨٨/١٢/٣١دا دەرچوە. ژمارە ٣ی لە ١٩٩٠/١/٢٥دا دەرچوە.

{سەرچاوە: نامەو دەستنوسێکی ئەحمەد شەریفی، نامەکەی لە مەهاباد لە ۲۰۰۱/۱۰/۱۸ دا نوسیوە}.

## (۱۰۲) ڕۆژنامەی «کوردستان»:

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، لە جۆزەردانی ۱۳٦۷ (؟/٦/۱۹۸۸)دا لە ژمارە (۱۳٤)ەوە درێژەیان بە دەرکردنی دایەوە. دەتوانرێت ئەم ژمارە سەدوسی و چوارە وەک یەکەمین ژمارەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دابنرێت.

{ئەم زانیارییەم لە نامەیەکی جەلیل گادانی وەرگرتوە کە لە ۱۹۹۸/٤/۲دا بۆی نوسیوم}.

## (۱۰۳) گۆڤاری «کوردستان»: (دەورەی سێیەم)


کوردستان
ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ
ژمارە ۱۲ دەورەی سێهەم ۵ تمەن
ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لەسەر کۆتایی پێهاتنی کۆنفرانسی چوارەم
ئاڵ وگۆڕەکانی ئێران
ژیانێکی نوێ

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران -ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوە. یەکەم ژمارەی لە پوشپەڕی ۱۳٦۷ (؟/۷/۱۹۹۸)دا دەرکراوە. ژمارە ۸۰ی لە نۆڤێمبەری ۱۹۹٦دا دەرکراوە. (شان بە شانی ئەم گۆڤارە کوردیە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، بە فارسیش گۆڤاری کوردستانی دەرکردوە).

{ئەم زانیارییەم لە نامەیەکی جەلیل گادانی وەرگرتوە کە لە ۱۹۹۸/٤/۲دا بۆی نوسیوم}.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی یەکەم:

ژیاننامەی چەند کەسایەتییەکی کورد کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریان کردوە:

### مەلا محەمەد تورجانی (مەلا محەمەد قزڵجی)



مەلا محەمەد تورجانی (پاشتر بە مەلا محەمەد قزڵجی ناسراوە) کوڕی مەلا محەمەد حسێن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، لە ١٨٩٥/٧/٨ دا لە شاری مەهاباد لەدایکبوە. ساڵی ١٩٢٢ بەشداریی لە بزوتنەوەکەی سمایل ئاغای شکاکدا کردوە. پاش شکستی بزوتنەوەکە خۆی و مەلا ئەحمەد تورجانیی برای لەلایەن عەبدوڵڵا تەهماسبی (سەرکردەی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ئازەربایجان)ـەوە دەگیرێن و بڕیاری کوشتنیان دەدرێت.

پاشان بەهۆی سەرۆک عەشیرەتێکی دەستڕۆیشتوی کوردەوە ئازاد دەکرێن. چەند ساڵێک لە شاری مەهاباد وانە بە منداڵ و لاوی کورد دەڵێتەوە. دوایی بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن، بەرەو وڵاتی میسر دەڕوات و لە زانکۆی ئەزهەر چەند ساڵێک دەخوێنێت. ئنجا بەرەو شاری سلێمانی دەڕوات. دواتر دەچێتە شاری بەغدادو لەوێ نیشتەجێدەبێت. لە ڕۆژی ١٩٥٩/٩/١٤ دا لە بەغداد کۆچی دواییدەکات.

{ساڵی ١٩٣٨ کتێبێکی دەربارەی مێژوی مزگەوتەکانی شاری سلێمانی بڵاوکردوەتەوە. بڕوانە: محمد القزلجی، التعریف بمساجد السلیمانیە و مدارسها، بغداد، ١٩٣٨}. ساڵی ١٩٨٨ وتارێکم دەربارەی ژیاننامەی مەلا محەمەد تورجانی (مەلا محەمەد قزڵجی) بڵاوکردەوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، مەلا محەمەد قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٦، تەموزی ١٩٨٨، ل٨ ـ ١٠.

## مەلا ئەحمەد تورجانی زادە



مەلا ئەحمەد تورجانی زادە، کوڕی مەلا محەمەد حسێن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، ساڵی ١٩٠٣ لە سابڵاخ (مەهاباد) لە دایکبوە. سەردەمێک مەلا بوە و پاشان بوەتە فەرمانبەرو دواتر بوەتە مامۆستاو لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا بە هۆی شارەزایی لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا بوەتە مامۆستا لە زانکۆی تەورێز لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان.

ڕۆژی چوارشەمە ١٩٨٠/٩/٢٤ لە شاری تەورێز کۆچیدواییکردوەو لە گۆڕستانی وادی ڕەحمەت نێژراوە. خاوەنی گەلێک کتێب و نوسراوی جۆراوجۆرە.

(دەربارەی بڕوانە:

١ ـ بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٤٤٢ ـ ٤٤٦.

٢ ـ سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد ـ انتشارات رهرو، ١٣٧٢، ص٢٤٦ .

٣ـ محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تهران، ١٣٦٤ کۆچی، ل٢٤٩ ـ ٢٥٦.

## محەمەد شاپەسەندی



محەمەد شاپەسەندی پاییزی ساڵی ١٩٢٠ لە شاری مەهاباد لەدایکبوە. دایکی ناوی ئامینە ڕەحیمی و، باوکی ناوی حەمە ساڵح کوڕی سەعیدو، بە «شاپەسەندی» ناسراوە. محەمەد شاپەسەندی بە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی «سەعادەت» لە مەهاباد خوێندویەتی.

هێشتا مێرمنداڵ بوە کە بوەتە هاوڕێ و هاوبیری کۆمەڵە لاوێکی هوشیارو کوردپەروەی وەک: عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر، محەمەد نانەوازادە، هێمن، محەمەد ئەمین موعینی، سدیق حەیدەری و گەلێکی دیکە.

شەوانە بەدزیی ئەمنییەکانی حکومەتی ڕەزاشای پەهلەوییەوە، بەناوی یاریکردنەوە هەرجارەی لەماڵی یەکێکیان، یان لە ناوباخ و گوێ چەمی سابلاخ کۆبونەتەوە و باسی زمان و مێژوو ئەدەبی کوردییان کردوەو زانیارییان ئاڵوگۆڕ کردوە. دواتر هەندێک لەم لاوانە لەگەڵ چەند کەسی بەتەمەنتر لەخۆیان «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان»یان دامەزراندوە.

لە مانگی ئۆگوستی ١٩٤١دا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان (یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیاو ئەمەریکا) دەست دەگرن بەسەر ئێرانداو ڕەزاشای پەهلەوی لەحوکمڕانیی دەخەن و بە ڕواڵەت محەمەد ڕەزای کوڕی دەکەنە شای ئێران.

لەودەمەدا هەلومەرجێکی تاڕادەیەک ئازاد بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران دەخولقێت و جموجوڵی سیاسیی و ڕۆشنبیری پەرەدەستێنێت. ڕوناکبیران و تێکۆشەرانی کورد لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سود لەو دەرفەتە وەردەگرن و چالاکی سیاسیی دەست پێدەکەن. هاوکات هاتوچوی باشوری کوردستان ئاسان دەبێت و پەیوەندیی سیاسی و ڕۆشنبیریی لە نێوان هەردولادا لەجاران زیاتر بەهێز دەبێت. پاشان بە هاوکاری و ڕێنوێنیی «حیزبی هیوا» لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٤٢/٨/١٦ بەرامبەر بە (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی) کۆمەڵەی ژ. ک. «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» لە شاری مەهاباد دادەمەزرێنرێت.

محەمەد شاپەسەندی، دوای نزیکی ساڵێک لە دامەزراندنی کۆمەڵە بوەتە ئەندام. خۆی لەم بارەیەوە لە نامەی ڕۆژی (٢٠٠٣/١١/٢٨)یدا نوسیویەتی: «من و باوکم لە یەک کات و شوێندا بوینە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. باوکم پێش من سوێندی ئەندامێتیی خوارد. ژمارەی ئەندامێتیی باوکم ٨٢٠ و ناوی نهێنیی (بازرگان) بو. ژمارەی ئەندامێتیی خۆشم ٨٢١ و ناوی نهێنییم (م. ش. ازەر) بو»[1].

[1] لەگەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە و بیرەوەرییدا ناوی محەمەد شاپەسەندی لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەرەکانی (کۆمەڵەی ژ. ک.)دا نوسراوە. محەمەد شاپەسەندی چەندین جار لە نزیکەوە ئەوەی بۆ باسکردوم کە خۆی و باوکی پاش نزیکی ساڵێک لە دامەزراندنی کۆمەڵە پەیوەندییان کردوەو بونەتە ئەندام. هەروەها لەو نامانەدا کە بۆی نوسیوم و لە ئەرشیفی خۆمدا پاراستومن، چەند جارێک ئەو ڕاستییەی بۆ دوپاتکردوەتەوە.

محەمەد شاپەسەندی، بەهۆی دڵسۆزیی و وریاییەوە لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا زو جێی خۆی کردوەتەوە. ئەگەرچی لە چاو ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵەدا کەم تەمەن تر بوە، بەڵام چالاک و لەخۆبوردو و دڵسۆز بوە و ئامادەی هەرکارێک بوە کە بۆی دیاری کرابێت.

لە مانگی دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٣دا سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە محەمەد شاپەسەندی ڕادەگەیەنێت کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری گۆڤاری نیشتمان، بچێتە شاری تەورێزو هاوکاریی عەبدولڕەحمان زەبیحی بکات. ئەویش بە ئەوپەڕی لەخۆبوردوییەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات. ئەودەم تەنها چوار ژمارە لە گۆڤاری نیشتمان دەرکرابو[2]. ئیدی چەند هەفتە لە ماڵی قاسمی ئێلخانی زادە لە تەورێز لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی خەریکی ئامادەکردنی ژمارە پێنجی گۆڤاری نیشتمان دەبن و پاشان وەک ژمارەکانی پێشوتر بابەتە ئامادەکراوەکان دەبەن بۆ چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامینەو هەتاکو تەواوبونی چاپی گۆڤارەکە لەوێدا هەڵدەسوڕێن. پاشتریش دەست دەکەن بە چاپکردنی ژمارە شەش و دواتریش ژمارە (٧، ٨، ٩)ی نیشتمان، کە لەیەک بەرگدا (واتە هەرسێکیان بەسەریەکەوە) چاپکراون. لەوەوە سەرەتایەک لە ئیشوکاری چاپ فێردەبێت و بە کارێکی خۆش و بەنرخی دەزانێت.
پاشان کۆمەڵەی ژ. ک. ئامێرێکی چاپی بچکۆلانە دەکڕێت و شاپەسەندی خۆی بە نهێنیی دەیباتەوە مەهاباد. لەو کاتانەدا عەبدولڕەحمان زەبیحی و دڵشاد ڕەسوڵی و قاسم قازی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی گرنگی کۆمەڵە بەرەو ورمێ دەچن. لە ڕێگا لەلایەن دەستەیەک سەربازی حکومەتی ئێرانەوە دەسگیردەکرێن و بەرەو تارانیان دەبەن و دەیانخەنە زیندانەوە. بە گیرانی عەبدولڕەحمان زەبیحی، گۆڤاری نیشتمان دەوەستێت.

[2] گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە، بە زمانی کوردی دەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٣٠ی پوشپەڕی ١٣٢٢ (١٩٤٣/٧/٢٢) دەرکراوە. ئەم گۆڤارە بە نهێنی لە تەورێز لە چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامینە، بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحمان زەبیحی و هاریکاریی محەمەد شاپەسەندی و مەحمود وەلیزادە و چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ک. دەرکراوە. سەرجەم (نۆ) ژمارەی لێدەرکراوە. ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی لە یەک بەرگدا لە بەهاری ١٩٤٤دا دەرکراوە. هەمو ژمارەکانی دەستخراون و گەلێک لێکۆڵینەوەی دەربارە نوسراوە.

بەمەبەستی ئەوەی کە جێی گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) خاڵیی نەبێت، شاپەسەندی بەتەنیا لە ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ ـ ١ی ئابان ١٣٢٤) گۆڤارێک بە ناوی «ئاوات»ەوە دەردەکات. لەو گۆڤارەدا پەخشانێک بەناوی (بە یادی دۆستی دورم!) بە نازناوی «ئازاد» وەک وەفاو ڕێزلێنان لە عەبدولڕەحمان زەبیحی دەنوسێت و باسی ڕۆڵی ئەو لە نێو کۆمەڵەی ژ. ک. دا دەکات. هەروەها بابەتێکی وەرگێڕدراو لە فارسییەوە بەناوی (ژنێکی نیقابدار) و باسێکی دیکە بەناوی (موحاکەمەی هیتلەر) و شیعرێکی هێمن و شیعرێکی هەژار و چەند شیعر و بابەتێکی دیکە کە نیاز بوە لەژمارەی نوێی گۆڤاری نیشتماندا چاپی بکەن، لەو گۆڤارەدا بڵاودەکاتەوە. پاش بڵاوبونەوەی ئەو ژمارەیەی ئاوات، چەند کەس لەبەرپرسانی کۆمەڵە محەمەد شاپەسەندییان بانگکردوە و ڕەخنەیان لێگرتوە کە چۆن بەبێ ڕەزامەندیی ڕابەرانی کۆمەڵە، گۆڤارێکی بەو ئامێرو کەرەستانەی کۆمەڵە دەرکردوە! ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باسکردون و ڕەخنەکەیانی قبوڵکردوە. ئیدی نەیتوانیوە لەسەری بەردەوام بێت و ژمارەی دیکەی لێدەربکات!

شاپەسەندی خۆی سەبارەت بەم گۆڤارە گوتویەتی: «ئەوسا ئەوەندەی ئەقڵم پێدەشکا خولیای ئەوەم هەبو مجەلەیەکی وەک (خواندنیها) سازبکەم. خواندنیها شتی کەم دەنوسی، بەڵام باسی هەمو جەریدەکانی ئێران دەرەوەی تیادا بو»[3].

هێندەی نەخایاندوە لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک. «حیزبی دیموکراتی کوردستان» دامەزراوە. محەمەد شاپەسەندی، وەک زۆربەی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵە، لە نێو ئەو حیزبەدا چالاکی و تێکۆشانی خۆی درێژەپێداوە. لەو دەمەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامێرێکی چاپی گەورەترو باشتر لەوەی پێشوی بۆ دێت و بە هەوڵوکۆششی هەموان

---

[3] بڕوانە: هانا (قادر وریا)، مامۆستا محەمەد شاپەسەندی پیتچن و نوسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥٧، ١٩٩٨/٤/٢٢، ل٩. {ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستان تایبەت بوە بە جەژنی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی}.

چاپخانەیەکی سادە دادەمەزرێنرێت. شاپەسەندی لەیەکەم هەنگاوەوە دڵسۆزانە دەکەوێتە کارکردن و ئەرکی چەند کەس ئەنجام دەدات. کاتێک کۆماری کوردستان دادەمەزرێنرێت، چاپخانەکە گەورەتر دەکرێت و ژمارەی کارمەندەکانی زیاد دەکرێت. شاپەسەندی وێڕای کاری نێو چاپخانە، بەردەوام وتار دەنوسێت و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەودەمەدا بڵاویان دەکاتەوە. ناوبەناویش بابەتی جۆراوجۆر لە زمانی فارسییەوە دەکات بە کوردی و بڵاویان دەکاتەوە. شاپەسەندی لە نامەی ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/٢٨ یدا نوسیویەتی: «لە کۆمەڵی ژ. ک. دا هیچ موچەیەکم وەرنەگرتوە، بەڵکو وەک ئەرکی کوردایەتیی بە دڵسۆزییەوە بەشداریم تێدا کردوە، بەڵام کاتێک کۆماری کوردستان دامەزرا موچەم بۆ دیارییکرابو».

پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان، ماویەک خۆی دەشارێتەوەو هەوڵدەدات نەکەوێتە بەردەست و نەگیرێت. دواتر لەگەڵ دەستە لاوێکی هاوڕێیدا دێنەسەر ئەو باوەڕەی کە هەوڵی زیندوکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بدەن و نەهێڵن دوژمن سود لەو بۆشاییە سیاسییە وەربگرێت کە لەو دەمەدا دەرکی پێدەکرا. پاش چەند کۆبونەوەو هاتوچۆی ئەملاوئەولا، سەرنجام بڕیاردەدەن بەرەو باشوری کوردستان بڕۆن و لەگەڵ کەسە تێکۆشەر و بە ئەزمونەکانی ئەوێ وتوێژ بکەن و بیروڕایان وەربگرن. ئیدی ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٤٨ لەگەڵ غەنی بلوریان بەرەو باشوری کوردستان دەڕۆن و پاش چەند ڕۆژ لە گوندی «سیتەک»[4] لەساوسێبەری شێخ لەتیفی حەفیددا دەگرسێنەوە[5].

---

[4] گوندی سیتەک، کەوتوەتە نێوان شاری سلێمانی و شارۆچکەی چوارتا و نزیکەی ١٥ کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دورە.

[5] شێخ لەتیفی حەفید کوڕی شێخ مەحمودی حەفیدە، ساڵی ١٩١٧ لەدایکبوە. لە ١٩٧٢/٥/١٢دا لە بەغداد کۆچیدوایی کردوە. شێخ لەتیف ڕۆڵی دیاری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا هەبوە، لەو ڕێیەشدا گەلێک جار خراوەتە زیندانەوەو دورخراوەتەوە یان دەستبەسەرکراوە. شیعرو وتاری جۆراوجۆری نوسیوە. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لەم ساڵانەی دواییدا چاپکرا و بڵاوکرایەوە.

لە سیتەک لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی یەکدەگرنەوەو ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن و دەگەنە ئەوەی کە کۆمەڵەی ژ. ک. زیندوبکەنەوە و وەک یەکەم هەنگاو دەست بە دەرکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان بکەنەوە. سەرەتا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئامێرێکی چاپی خنجیلانە دروست بکەن. شێخ لەتیفی حەفید ئاسنگەرێکی زیرەکیان بۆ دەدۆزێتەوە بە ناوی شێخ حسێنی ئاسنگەر، کە وەستایەکی ناسراوی نێو ئاسنگەرەکانی شاری سلێمانی بوە[6]. بڕیاردەدەن شاپەسەندی بچێت بیرۆکەی ئامێرەکە بدات بەو وەستایە و لەگەڵ ئەودا پێکەوە دروستی بکەن. شاپەسەندی، خۆی لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «مانگێکی ڕەبەق لە دوکانی شێخ حسێن خەریک بوین، تا توانیم چاپەکە تەواو بکەم. دوایی پێویستمان بە حروف هێندێک کەرەسەی تر هەبو، ئوانیش بە هۆی زەبیحی و شێخ لەتیف ئامادەکران». دواتر شێخ لەتیفی حەفید چەند کەسی وریای خۆی دەنێرێت وئامێرەکە دەگەیەننە گوندی سیتەک.

سەرەتا بەو ئامێرە دەسکردە چەند بەیاننامەیەک دەردەکەن و مژدەی سەرهەڵدانەوەو بوژاندنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازیی لە کوردستان لە دژی حکومەتی حەمە ڕەزا شا، بە خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنن. پاشان دەستدەکەن بە چاپکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان.

لەبەر ئەوەی کاتی خۆی گۆڤاری نیشتمان لە دوای ژمارە (٧، ٨، ٩) وەستاو نەتوانرا ژمارەی دیکەی لێدەربکرێت. ئەمان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە گۆڤارەکە بە ژمارە (١٠) بدەنە قەڵەم[7].

---

[6] شێخ حسێنی ئاسنگەر (١٩٠٠ - ١٩٩٤)، لە بنەچەدا خەڵکی گوندی (حاجی مامەند) بوە. یەکێک بوە لە ئاسنگەر و چەخماخسازەکانی سلێمانی و لە گوزەری ئاسنگەرەکاندا دوکانی هەبوە. کەسێکی زیرەک و دڵسۆز و کوردپەروەر بوە.

[7] گۆڤاری نیشتمان (ژمارە ١٠)، لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسەندییەوە، لە گوندی سیتەک، بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە: (ئۆرگانی نەهزەتی مقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ. ک.). وەکو من لێکمداوەتەوە ئەم ژمارەیەی نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتییانەی بە گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) وە نییە. بەم ژمارەیەی نیشتمان نە کۆمەڵەی ژ. ک. زیندوبوەتەوە و نە توانراویشە درەێژە بە دەرکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان بدرێتەوە. جێی

شاپەسەندی، لە نامەی ٢٠٠٢/٨/٢١ دا بۆی نوسیوم: «ژمارە (١٠)ی نیشتمان لە (٥٠٠) نوسخەدا لە ناوەڕاستی مانگی حەوت (جولای ١٩٤٨)دا تەواو بو تەوزیع کرا. (١٠٠) دانەیەکی مابو کاک غەنی بلوریان لە سەرەتای مانگی هەشت (ئۆگوستی ١٩٤٨)دا لەگەڵ خۆی بردیەوە بۆ مەهاباد».
پاش بڵاوبونەوەی ئەو گۆڤارە حکومەتی ئێران دەکەوێتە گرتنی ئەو کەسانەی کە بچوکترین گومانیان لێدەکات. هاوکات داوا لە حکومەتی عیراق دەکات کە ڕێگا بە شێخ لەتیفی حەفید نەدات کوردە هەڵاتوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەخۆ. حکومەتی عیراق فشار دەخاتە سەر شێخ لەتیفی حەفیدو ئەویش هەریەکەیان بەپێی ویستی خۆیان بۆ ئەو جێیە کە خۆیان دەخوازن بەڕێ دەکات. شاپەسەندی دڵی بەرایی نادات بچێتەوە ژێر سایەی حکومەتی ئێران، بۆیە بڕیار دەدات بەرەو بەغداد بڕوات.

لە شاری بەغداد بە هۆی وریایی خۆی و هاوکاریی چەند کەسی دڵسۆزەوە لە چاپخانەیەکدا کاری دەستگیردەبێت و چەند ساڵ بە ناوێکی دیکەوە خۆی دەژیەنێت. ساڵی ١٩٥٥ لە شاری دیوانییەی عیراق لەگەڵ کچە کوردێکدا بەناوی (قومری شەریف) زەماوەند دەکات. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە چوار کوڕ و پێنج کچە.

پاش ڕوخانی حکومەتی مەلیکی و هاتنە سەرکاری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، حیزبی شیوعی عیراق بە ئاشکرا دەکەوێتە تێکۆشان و ڕۆژنامەی (ئازادی) و چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە دەردەکات. محەمەد شاپەسەندی لە ڕوانگەی ئەوەوە کە کوردستان یەک وڵاتە و ڕوناکبیران و تێکۆشەرانی کورد لە هەرکوێی ئەو وڵاتە بن دەتوانن تێکۆشانی خۆیان درێژە پێبدەن، لە شاری کەرکوک چالاکانە بەشداریی لە چاپکردنی ڕۆژنامەی ئازادی و گۆڤاری شەفەق و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەدا دەکات. پاشان

---

سەرنجە کە لەم گۆڤارەدا هێرش کراوەتە سەر پارتی دیموکراتی کورد. لەسەر ئەوە هەمزە عەبدوڵڵا ـ سکرتێری ئەو دەمی پارتی دیموکراتی کورد ـ لە گۆڤاری (مرۆڤ)، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، کانونی یەکەم ١٩٤٨دا وتارێکی توندی لە دژی ئەم (ژمارە ١٠ی گۆڤاری نیشتمان)ە نوسیوە و تیایدا گوتویەتی: «گۆڤاری نیشتمان لە دەورەی دوهەمیدا بوەتە زمانحاڵی دەستەیەک ئاژاوەچی».

ڕۆژنامەی ئازادی دەگوێزرێتەوە بۆ بەغداد و ئەویش لەگەڵ نافیع یونس دا بەرەو بەغداد دەچێت و هەتاکو کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەدا خەریک دەبێت.

کاتێک لە مانگی سێپتێمبەری ١٩٦١دا حکومەتی عەبدولکەریم قاسم شەڕ لە دژی گەلی کورد ڕادەگەیەنێت. پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بڕیاردەدات ڕێگای خەباتی چەکدارانە بگرێتەبەر و هێزی پێشمەرگە سازدەدات. هاوکات کۆمەڵێک لە ڕوناکبیران و نوسەرانی کورد دەچنە شاخ و شانبەشانی هێزی پێشمەرگە خەبات دەکەن. محەمەد شاپەسەندی بێ دودڵیی ماڵومنداڵی خۆی جێدەهێڵێت و بەرەو چیا سەختەکانی کوردستان دەڕوات و بەهاوکاریی چەند کەسی ڕوناکبیر بناغەی یەکەمین چاپخانەی شۆڕش دادەمەزرێنن و دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات دەکەنەوە. پاشان چاپخانەکە پەرەپێدەدەن و دەتوانن وێڕای ڕۆژنامەی خەبات چەند گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە دەربکەن.

ساڵی ١٩٦٤ کێشە لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا سەرهەڵدەدات و سەرەنجام پارتەکە دەبێتە دو کەرتەوە. محەمەد شاپەسەندی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدا درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدات و دڵسۆزانە ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام دەدات. پاشان شەڕی براکوژیی لە نێوان ئەو دو باڵەدا سەرهەڵدەدات و هەلومەرجەکە وایلێدێت کە هەندێک بەرەو ئێران و ئەوانی دیکە بەرەو ناو شارەکان بچن. شاپەسەندی و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی بە نهێنیی دەچنە شاری سلێمانی و پاشان خۆ دەگەیەنێتەوە لای ماڵومنداڵی لە بەغداد. پاش ساڵێک باڵی مەکتەبی سیاسی بە شێوەی نیمچە نهێنی دەست بە چالاکی سیاسی دەکەنەوە و ڕۆژنامەی (خەباتی کوردستان) و چەندین بڵاوکراوەی دیکە دەردەکەن. شاپەسەندی لەو دەمەشدا لێهاتویی و وریایی دەنوێنێت و بێ ماندوبون بەردەوام کار دەکات.

لە ساڵی ١٩٧١ هەتاکو ساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی و چەند ڕوناکبیری فارس و ئازەر دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەوەندەی دەرفەت هەیە خەباتی سیاسیی لە دژی حکومەتی حەمە ڕەزا شا دەستپێبکەن. ئیدی لەسەر ئەوە پێکدێن کە ڕۆژنامەیەکی مانگانە بەناوی (ڕێگای یەکێتی - راه اتحاد) بە

**دروشمی: (یەکیەتی - تێکۆشان - سەرکەوتن) لە شاری بەغداد دەربکەن. محەمەد شاپەسەندی بەشی زۆری کارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە لە ئەستۆ دەگرێت. جیا لە ئەرکی ڕێکخستن و چاپکردنی ڕۆژنامەکە، بەرپرسی دارایی و هەواڵ کۆکردنەوە بوە و بەردەوامیش وتار و بابەتی تیادا نوسیوە یان وەرگێڕاوە[8].**

**بەدرێژایی ساڵانی ١٩٧٥ هەتاکو ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ژیانێکی زۆر سادە و ساکار دەژی و هەمیشە هەست و نەستی لەگەڵ شۆڕشی نەتەوەکەیدا بوهو بەهەر ڕێگایەک بۆی کرابێت لە خزمەت بەو شۆڕشە درێغیی نەکردوە. بەڵام بە هۆی پیرییەوە نەیتوانیوە لە کۆڕی خەباتدا بێت.**

**لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و ڕامالینی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعس، شاپەسەندی پاش ساڵەها ژیانی نهێنی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا خۆی ئاشکرا بکات و لای دۆستان و ڕوناکبیران بڵێت: «من محەمەد شاپەسەندیم و لاوێکی نێو کۆمەڵەی ژ. ک. بوم و دواتر بومە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە چاپخانەی کۆماردا بەشداریی چاپکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەودەمەم کردوە و جارجار وتار و بابەتی ئەدەبیم بڵاوکردوەتەوە و پاشان ئاوارەی باشوری کوردستان بوم و ناوی خۆم گۆڕی و تا ئێستا بە ناوی (حاجی عەبدوڵڵا) خۆمم بە خەڵک ناساندوە و نەمتوانیوە ڕاستیی خۆم لای هەمو کەس بڵێم... ».**

**«محەمەد فەریق حەسەن»ی چیرۆکنوس و «کەژاڵ ئەحمەد»ی شاعیر و ڕۆژنامەنوس بەر لە هەرکەسێکی دیکە بەرەوپیری شاپەسەندی چون و بەسەریانکردوەتەوە و وتوێژیان لەگەڵ سازکردوە[9].**

---

**[8] ڕۆژنامەی ڕێگای یەکێتی (راه اتحاد)، ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری بەغداد لە لایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسەندی و چەند ڕوناکبیری دیکەی کورد و فارس و ئازەرەوە دەرکراوە. مانگی یەک ژمارەی لێدەرچوە. یەکەم ژمارەی لە ئاپریلی ١٩٧١ و ژمارە (٣١) {کەوا دیارە دوا ژمارەی بوبێت} لە نۆڤێمبەری ١٩٧٣ دەرچوە. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا دەنوسرا: (یەکیەتی - تێکۆشان - سەرکەوتن). {دەربارەی بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل ٢٢٨}.**

**[9] بڕوانە: (گفتوگۆیەک لەگەڵ سەربازی نەناسراو محەمەد شاپەسەندی، ئامادەکردنی: محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، خولی دوەم، ژمارە ٢٤،**

پاشتریش چەند دەستە لە ڕوناکبیران و تێکۆشەرانی نێو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانیان کردوە و هەریەک بەجۆرێک ڕێزیان لێناوە و وتوێژیان لەگەڵدا کردوە.

دواتر خۆی چەند بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئالای ئازادی) و چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دیکەدا بلاوکردەوە. لەم دواییانەشدا بە هاوکاریی نوسەری چالاک و دڵسۆز «سدیق ساڵح»، بەشی زۆری بیرەروەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە. ئاواتەخوازم هەرچی زوە لە کتێبێکی قەشەنگ و سەنگیندا چاپ بکرێت[10].

شایانی باسە کە محەمەد شاپەسەندی نرخی وێنە و بەڵگەنامەی مێژویی زانیوەو سەرباری ئەو هەمو دەربەدەری و ژیانە سەختەی هەیبوە، ئەوەندەی لە توانایدا بوە کۆمەڵێک وێنە و بەڵگەنامەی لای خۆی پاراستوە، کە لە نوسینەوە و ساغکردنەوەی مێژوی نەتەوەکەماندا زۆر بەسودن. هەروەها کۆمەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆنی لای خۆی پاراستبون کە لەم ساڵانەی دواییدا بە ئاگاداریی من، بەبێ هیچ بەرامبەرێک ناردنی بۆ یەکێک لە کتێبخانەکانی کوردستان.

ساڵی ١٩٩٦ جەلیل گادانی لێپرسراوی ئەودەمی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بە ئاگاداریی نوسەری ئەم وتارە، وەک ڕێزلێنان و بەسەرکردنەوە، چەند ئەندامێکی حیزبەکەی بە کامێرایەکی ڤیدیۆییەوە بۆ ماڵی محەمەد شاپەسەندی نارد، هەتاکو بەشێک لە

---

١٩٩٢/٥/٢٤ و ژمارە ٢٥، ١٩٩٢/٥/٣١). هەروەها بڕوانە: (محەمەد فەریق حەسەن، محەمەد شاپەسەندی شۆڕەسواری بواری چاپخانەو ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٤، ١٩٩٣/٩/١٠).

[10] بۆ ئەم کورتەی ژياننامەیە سودم لە زۆربەی ئەو نامانە وەرگرتوە کە محەمەد شاپەسەندی چەند ساڵ لەمەوپێش بۆی ناردوم. ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/١/٢٩ کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ ـ بەکاتی سوید ـ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ سلێمانی کردو لەگەڵیدا قسەمکرد و بۆ دڵنیایی زیاتر سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانی پرسیارم لێکرد. هەروەها سەرلە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٥/١٠/٢٠ تەلەفونم بۆ کرد و سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانی خۆی و بنەماڵەیان پرسیارم لێکرد، ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی دامەوە.

بیرەوەرییەکانی لە زمانی خۆیەوە تۆماربکەن. ئەودەم شاپەسەندی لەگەڵ خێزانەکەی لە خانویەکی کرێدا لە شاری سلێمانی، لەگەڕەکی ئیبراهیم پاشا دەژیان. ئەگەرچی تەمەنی (٧٥) ساڵ بو، بەڵام سەربەرزانە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ کوڕەکانیدا بەکاری بەرگ دورینەوە خەریک بون و بەو جۆرە بژێوی ژیانیان دابین دەکرد. ساڵی ١٩٩٨ «شاهۆ حەسەن پور» بەشی زۆری ئەو بیرەوەرییەی خستوەتە سەر کاغەزو قادر وریا بەنازناوی (هانا) ئامادەیکردوەو لە ژمارە (٢٥٧)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە[11].

شاپەسەندی، لە بەشێک لەو بیرەوەرییەیدا گوتویەتی: «کە پێشەوایان ئیعدامکرد، من لە چوارچرا دو سەعاتان ڕاوەستام. من دەمگوت ئێمە چین و ئەوان کێن؟ خەڵک خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. ئەوسا نزیکەی دو سەعات ڕاوەستام بۆ ئەوەی ئەو دیمەنەم قەت لەبیر نەچێتەوە !».

ڕۆژی یەک شەممە ٢٠٠٦/١/١٥ لە شاری سلێمانی محەمەد شاپەسەندی کۆچیدواییکرد و لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.

چەند وتار و بەرهەمی بڵاوکراوەی محەمەد شاپەسەندی:

١. خۆشبەختی چیە؟، م. ش. اژەر ٨٢١، گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٦، ڕەشەمەی ١٣٢٢، ل ٧.

٢. هاوار!، م. ش. ازەر ٨٢١، گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٧، ٨ و ٩، بەهاری ١٣٢٣، ل ٨.

٣. سەمەند سیامەندوف، وەرگێڕانی: محەمەد شاپەسەندی، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦، ١٩٤٦/١/٢١، ل١ و ل٤.

٤. لەنینی دانشجو، وەرگێڕانی: محەمەد شاپەسەندی، هاواری نیشتمان، ژمارە ١، ١٩٤٦/٣/٢١، ل ٢٣ ـ ٢٨.

٥. فیلد مارشال کوتوزوف، وەرگێڕانی: محەمەد شاپەسەندی، گۆڤاری کوردستان، ژمارە ٣، مارتی ١٩٤٦، ل ٩ ـ ١٣.

---

[11] مامۆستا محەمەد شاپەسەندی - پیتچن و نووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، ژمارە ٢٥٧، ١٩٩٨/٤/٢٢، ل ٨ - ٩.

٦. وتاری محەمەد شاپەسەندی بەبۆنەی (جەژنی سەربەخۆیی کوردستان)ەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢١، ١٩٤٦/٣/٢، ل١ و ل٢.
٧. مامۆستا عولەما و بەیعەت !، محەمەد شاپەسەندی، هەفتەنامەی ئالآی ئازادی، ژمار ٥٦٩، دو شەممە ٢٠٠٤/٦/٢١، ل ٤.
٨. لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، محەمەد شاپەسەندی، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٢، بانەمەڕی ٢٠٠٢، ل ٣٦ ـ ٣٩.
٩. لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی - نهێنییەکانی چاپی ژمارە (١٠)ی نیشتمان، محەمەد شاپەسەندی، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٠٢، ل ١٢١-١٢٥
١٠. دەربارەی حکومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، محەمەد شاپەسەندی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، یەک شەممە ١٩٩٤/٤/٢٤.
١١. بە یادی دۆستی دوورم، بە نازناوی «ئازاد»، گۆڤاری «ئاوات»، ژمارە ١، سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤- ١ی ئابان ١٣٢٤).
١٢. (ژنێکی نیقابدار)، لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، گۆڤاری «ئاوات»، ژمارە ١، سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ - ١ی ئابان ١٣٢٤).
١٣. موحاکەمەی هیتلەر، لە فارسییەوە وەریگێڕاوە، گۆڤاری «ئاوات»، ژمارە ١، سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ - ١ی ئابان ١٣٢٤).

## دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان

دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان، کوڕی محەمەد خانی ئەردەڵان (ناسراو بە سەردار مکەڕەم)ە و ساڵی ١٩١٠ لە شاری سنە لەدایکبوە. سەرەتا چوار ساڵ لە سنە خوێندویەتی پاشان ماڵیان بۆ تاران گواستوەتەوە و لەوێ لە خوێندن بەردەوام بوە. دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چوەتە فەڕەنساو لە دانشگای پاریس چەند ساڵ خوێندویەتی و بڕوانامەی دوکتۆرای لە «پزیشکی گیانەوەر»دا وەرگرتوە. ئنجا بۆ ئێران گەڕاوەتەوەو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەتی ئێراندا

کاریکردوه. دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان بەشی زۆری تەمەنی لە تاران بەسەربردوه و لە کاتی کۆماری کوردستان دا (لەو دەمەدا کە لە تاران «نامەی هەفتەگی کوهستان»ی دەرکردوه) چوەتە ناوچەکانی ژێر سایەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماردا وتوێژی کردوه. دواتر لە حکومەتی ئێراندا چەند پلەو پایەی جۆراوجۆری پێدراوه. هەروەها ڕۆڵێکی دیاری لە دامەزراندنی «حیزبی ڕەستاخیز»دا هەبوه، کە ئەم حیزبە یەکێک شاپەرستترین حیزبەکانی ئێران بوه. پاش ڕوخان و لەناوچونی حکومەتی حەمە ڕەزا شا، یەکێک بوه لەو نوێنەرانەی حکومەتی کاتیی ئێران (بە سەرۆکایەتیی موهەندیس بازرگان) کە بە مەبەستی ئارامکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ۱۹۷۹/۲/۱۸ دا لە تارانەوه بە فڕۆکە بەرەو ورمێ و ئنجا بۆ نەغەدەو پاشان بۆ مەهاباد چون و لەگەڵ شێخ عیزەددین حوسێنی و دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو چەند تێکۆشەری دیکەدا وتوێژیانکردوه. هەر لەو سەردەمەدا سەردانی شاری سنەی کردوەو، لاوانی ئەو شارە دروشمیان لە دژی داوەو بە «شاپەرست» ناوزەدیان کردوه.

گەلێک لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژویی نوسیوه، تا خۆی لەژیاندا بوه، گەلێکیانی بڵاوکردوەتەوه و هەندێکیشیان بە دەستنوسیی لای نەوەکانی ماونەتەوه. لە مانگی نۆڤێمبەری ۱۹۸۸ دا کۆچی دواییکردوه.

## حەسەنی قزڵجی



مامۆستا هێمن لە پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»دا نوسیویەتی: لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا «ڕۆژێکی ساردو سەهۆڵبەندانی مەهاباد بو، زریانێکی ساردی دەهات و کەڕەسیسەی دەکرد. خۆم کوزو کرد بو و بە پەلە دەڕۆیشتم جێگایەکی گەرم و گوڕ ببینمەوه.

تەماشام کرد پێشەوا «قازی محەمەد» لە بەربێلاکەی هاتوچۆ دەکا و ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بەدەستەوەیە و یەکێک لە نوسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریک بوم فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دور بوم، فەرموی:

ـ دیوتە ئەو قزڵجی یە چۆنی نوسیوە؟

زانیم مەبەستی ئەو پارچە ئەدەبی یە جوانەی قزڵجی یە کە لەو ژمارەدا چاپ کراوە. گوتم:

ـ بەڵێ دیومەو بەڕاستی چاکی نوسیوە. کاکی نوسەر هەڵی دایە و گوتی:

ـ بەڵێ! چاک دەنوسێ، بەڵام کەم دەنوسێ. پێشەوا بزێکی هاتێ. سەری ڕاوەشاندو (پارچە شیعرێکی «سەعدی» گوت)، دیسان ڕوی لە من کرد و فەرموی:

ـ بریا زۆری وامان هەبان... ئەگەر بۆخۆمان بین زۆری وامان لێ هەڵدەکەون»[1].

حەسەنی قزڵجی، نەوەیەکی هەڵکەوتوی بنەماڵەی قزڵجی بو. ئەو بنەماڵەیەش ناو و ناوبانگیان بە زیرەکی و لێهاتویی بڵاوبوەتەوە. هەر وەک مامۆستا هێمن نوسیویەتی، لە موکریان دەڵێن: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچوە مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن». مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵەیە بێت، هەر لە منداڵییەوە زیرەک و وریا و لێهاتوە[2].

حەسەنی قزڵجی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا محەمەد قزڵجییە. ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٥ی سێپتێمبەری ١٩١٤ لە شاری بۆکان هاتوەتە دنیاوە[3].

---

[1] حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٧٢، ل٨ـ ٩.

[2] سەبارەت بە بنەماڵەی قزڵجی بڕوانە: مەلاعەبدولا ئەحمەدان، عەللامە قزڵجی و زانکۆی تورجان، گۆڤاری سروە، ژمارە ١١٩، جۆزەردان ١٣٥٧، ل٢٥ ـ ٣٠.

[3] مێژوی لەدایکبونی حەسەنی قزڵجی بەچەند جۆرێک نوسراوە:

١. «١٩١٣» (عوسمان مەحمود ئەحمەد، لە یادی نەمراندا ـ حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل١٧).

**له تەمەنی شەش ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردوە. پاشان نێردراوەتە لای مامۆستا مەلا ئەحمەد فەوزی[4] و دواتریش لای مامی «مەلا ئەحمەد تورجانی»[5] خوێندویەتی. پاشان**

---

۲. «۱٥ی ئەیلولی ۱۹۱٤» (جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا_ هیڤی، ژمارە٤، ئەیلولی ۱۹۸٥، ل۷).

[4] مەلا ئەحمەد فەوزی، کەسێکی ڕوناکبیرو تێکۆشەر بوە. ساڵی ۱۸۷٥ لە گوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایک بوە. لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دا یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو دەمی سلێمانی بوە. پاش لەناوچونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، سلێمانی بەجێدەهێڵێت و لە ناوچەی موکریان، لە گوندی «حاجیکەند» دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردەو فێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرەوە خەریک دەبێت. قازی محەمەد، هێمن، حەسەنی قزڵجی و گەلێک ڕوناکبیرو تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بون.

هێمن لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: « فەوزی بەبڕوای من یەکێکە لە گەورەپیاوانی مێژوی کوردستان، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتاون و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لەسەردەمی پاشایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی دا... ئازایانە کوردایەتییان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بوە. مەلا ئەحمەد فەوزی یا مەلای سولێمانی کێ بو؟ چکارە بو؟ بۆ پەیوەی مەڵبەندی ئێمە ببو ؟ نازانم ... دەیان گوت خەڵکی شاری سولێمانی یەو لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا... هاتۆتە موکریان . پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوە و کچێکی لێ هەبو... بۆ خۆی لە ساڵی ۱۹٤۳- ۱۳۲۲دا لە گوندی حاجی کەند مردو لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. کتێب و نوسینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن کە هیوادارم نەفەوتابن ... فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پاک و بێ باک بو...» (هێمن، تاریک و ڕون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ۱۹۷٤، ل۱۱ ــ ۱۲).

هەژار، لە بیرەوەرییەکانیدا بە کورتی باسیکردوە و نوسیویەتی: «مامۆستا فەوزی زۆر عالم، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهار بۆ هەمو شت دەبو. نسیحەت و ڕێنیشاندانی ئەو، بیری کوردایەتی خستە مێشکی زۆر لە لاوانی ئاشنای. دنەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر». (هەژار، چێشتی مجێور، ل۳۹).

سەید محمدی سەمەدی، دو پارچە شیعری مەلا ئەحمەد فەوزیی لە زمانی مەلا قادری مدەرسییەوە بڵاوکردوەتەوە. (سید محمد لمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد ــ انتشارات رهرو، ۱۳۷۳، ل۳۰٤).

[5] مەلا ئەحمەد تورجانی زادە (مەهاباد، ۱۹۰۳-تەورێز، چوارشەمە ۱۹۸۰/۹/۲٤). دەربارەی ژیاننامەی بڕوانە:

به مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چەند شار و شارۆچکە و دێهاتی کوردستان گەڕاوە. پاش چەند ساڵ خوێندن لە فەرمانداری مەهاباد بوەتە فەرمانبەر. لە ساڵەکانی دوایی حوکمی ڕەزاشای پەهلەویدا بوەتە جێگری فەرمانداری مەهاباد[6].

لە ساڵانی ١٩٢٧ ـ ١٩٣٥دا لە مەڵبەندی موکریان بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی بە ڕابەریی: «مەلا ئەحمەد فەوزی، شێخ ئەحمەد سریلاوا، مەلا محەمەد سادقی قزڵجی (قازی کاکە حەمەی بۆکان)، قازی محەمەد» و چەند ڕوناکبیر و تێکۆشەری دیکەی ئەو مەڵبەندە سەری هەڵداوە[7].

ئامانجی سەرەکی ئەو بزوتنەوەیە ئەوە بوە کە دژایەی سیاسەتە شۆڤینییەکانی حکومەتی ڕەزاشا بکەن و لە پێناو بوژاندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا تێبکۆشن. ئەو کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بلاوکراونەتەوە، لە ڕێگای هەندێک قاچاخچیی تێکۆشەرو دڵسۆزەوە بە دەستییان گەیشتوە و لە نێو لاوە ئازادیخواز و باوەڕپێکراوەکاندا بلاویانکردونەتەوە هەتاکو فێری خوێندنەوە و نوسینی کوردی و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژوی نەتەوەکەیان ببن.

عەبدولڕەحمان زەبیحی، محەمەد نانەوازادە، قاسم قازی، هێمن و حەسەنی قزڵجی و چەندین لاوی دیکەی وەک ئەوان جێی بڕوا و متمانەی ڕابەرەکانی ئەو بزوتنەوەیە بون، بۆیە هەرچی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردییان دەست کەوتوە داویانە بەوانیش و هانیان داون کە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژوی کورد وتوێژ بکەن.

---

١. بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٤٤٢ ـ ٤٤٦.

٢. سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد ـ انتشارات رهرو، ١٣٧٢، ص ٢٤٦.

٣. محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تهران، ١٣٦٤ کۆچی، ل٢٤٩ ـ ٢٥٦.

6 فەرمانداری ئەودەمەی شاری مەهاباد ناوی «سریع القلم» بوە.

7 لەو بارەیەوە بڕوانە: پێشەکی هێمن بۆ کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»، ل ٧. هەروەها: کەریمی حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ١٩٧١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل٦.

بەو جۆرە حەسەنی قزڵجی هەر زو چاو و گوێی کراوەتەوە و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژوی نەتەوکەی بوە و هەر لەو دەمانەوە وردە وردە دەستی بە شیعر و پەخشان نوسین کردوە و بە دەستنوسی پیشانی هاوڕێ و هاوبیرەکانی خۆی داوە.

لە ساڵەکانی ١٩٣٦ ـ ١٩٤١ دا چەند دەستە و کۆمەڵەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ناوچەی موکریان بەتایبەتی کەوتونەتە چالاکی و شەوان بە نهێنیی و بە ناوی یاریکردن و کات بەسەر بردنەوە کۆبونەتەوە و سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان گفتوگۆ و وتوێژیان کردوە و هەواڵ و دەنگوباسی بەشەکانی دیکەی کوردستانیان بە یەکتر ڕاگەیاندوە. حەسەنی قزڵجی هەمیشە لەگەڵ ئەوانەدا بوە و کەسێکی خۆشەویست و جێ باوەڕیان بوە[8].

هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ کچی مامێکی خۆی خێزان پێکدێنێت، کە بەرهەمی ئەو هاوسەرییە سێ کچ بوە. هاوسەرەکەشی ناوی ڕەزیە کچی مەلا محەمەد قزڵجی بوە.

لە ١٩٤٢/٨/١٦دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «کۆمەڵەی ژ . ک» بە هاوکاری و ڕێنوێنی «حیزبی هیوا» لە شاری مەهاباد لە لایەن دەستەیەک لاوی وریا و تێکۆشەرەوە دامەزراوە[9]. زۆری نەخایاندوە کۆمەڵەی ژ.ک. پەلی

---

[8] دەربارەی چالاکی سیاسی حەسەنی قزلجی لە هەلومەرجی پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا، بڕوانە: (ئەحمەد شەریفی، سوارە لەبەر تیشکی نوسراوەکانیدا، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٤ ـ ٥، تەموزی ١٩٨٧، ل ١٤٦). هەروەها بڕوانە: (حەسەنی ماوەرانی، بەیادی نوسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە ٩، بەفرانباری ٢٠٠٠، ل٣٤).

[9] سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ.ک.، لێکۆڵینەوەیەکم نوسیوە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ، ژمارەی ١٤٠١، دوشەممە ٧ ـ ٤ ـ ١٩٩٧»دا کورتەیەکیم بڵاو کردەوە. پاشتر لە گۆڤاری گزینگ ـ سوید، ژمارە ٣١، بەهاری ٢٠٠١، ٣٦ ـ ٣٩»دا بە زانیاریی زیاترەوە بڵاوکردەوە، ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەمدا کە دەربارەی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان»ە و هەردوکیان تەواوکەری یەکترین ئامادەن بۆ چاپ لە دو توێی کتێبێکدا.

بۆ شار و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشاوە و چالاکییەکانی بەرفراوان بوە. عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە و حەسەنی قزڵجی و عەبدولقادر دەباغی و قازی کاکە حەمەی بۆکان و چەند کەسی ئازادیخوازو ڕوناکبیری دیکەی شاری بۆکان، لقی کۆمەڵەیان لە بۆکان دامەزراندوە و زۆر چالاکانە تێکۆشاون. حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتوی کۆمەڵە بوە و ناوی نهێنیی «ژیر» بوە[10].

دواتریش کە لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک.، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، حەسەنی قزڵجیش وەک زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە لە نێو ئەو حیزبەدا چالاکی خۆی درێژە پێداوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا گەلێک وتار و پەخشان و کورتە چیرۆکی جوان و سەنگینی بڵاوکردوەتەوە. ماوەیەکیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا هاوکاریی سەید محەمەدی حەمیدیی کردوە[11]. هەر لەو سەردەمەدا لە شاری بۆکان بە هاوکاریی چەند شاعیر و نوسەرێک گۆڤاری «هەڵاڵە»ی دەرکردوە[12]. هەژاری

---

[10] سەبارەت بە ئەندامێتی و چالاکی حەسەنی قزڵجی لە نێو کۆمەڵەی ژ. ک. دا شەوی هەینی ٢٠ ـ ٨ ـ ٢٠٠٤ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ لەندەن کرد و لەگەڵ بەڕێز عەبدولقادر دەباغی «مامەقالە»دا قسەم کرد. مامەقالە لەو بارەیەوە گوتی: «حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتوی کۆمەڵەی ژ. ک. بو، ناوی نهێنی (ژیر) بو، بەڵام ژمارەی ئەندامێتیم لەبیر نەماوە...». پێشتریش لە ٦ ـ ٤ ـ ٢٠٠٤ دا بە تەلەفۆن لەگەڵ مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی وتووێژمکرد. ئەویش گوتی: «حەسەنی قزڵجی ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە و لە بۆکان چالاکانە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا تێکۆشاوە».

[11](دەربارەی بیۆگرافیی سەید محەمەدی حەمیدی بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل ١٧ هەتاکو ل٢١).

[12] گۆڤاری هەڵاڵە: گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوە، لە شاری بۆکان دەرکراوە. حەسەنی قزڵجی سەرنوسەر و بەڕێوەبەری بوە. یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبروەری ـ سەرەتای مارتی ١٩٤٦) دا دەرکراوە و ٣١ لاپەڕە بوە. ژمارە ٢ی لە خاکەلێوەی ١٣٢٥ (کۆتایی مارت - سەرەتای ئاپریلی ١٩٤٦) دەرکراوە و ٣٤ لاپەڕە بوە. ژمارە ٣ی لە بانەمەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی ئاپریل ـ سەرەتای مای ١٩٤٦)دا دەرچوە و ٣٠ لاپەڕە بوە.

شاعیر یەکێک لە هاوکارەکانی قزڵجی بوە و لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «کە هەوەڵ ژمارەمان بۆ پێشەوا برد، تۆنێک کاغەزی خەڵات کردین»[13].

حەسەنی قزڵجی، بێئەوەی سینگ دەرپەڕێنێ و خۆهەڵکێشێ، لای پێشەوا قازی محەمەد ڕێزدار و خۆشەویست بوە. پێشەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتیدا بەنیاز بوە حەسەنی قزڵجی و چەند شاعیرو نوسەری لاو و تازەپێگەیشتوی ئەودەمە بۆ خوێندن بنێرێتە دەرەوە، تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێر ببن، بەڵام بەداخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەک زۆر لە ئاواتەکانی دیکەی نەهاتە دی.

کاتێک کۆماری کوردستان لەناو براو سوپای ئێران کەوتە داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەستیان بە گرتن و زیندانی کردنی کەسانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان کرد و پاشتریش چەندین سەرکردەو ڕابەری کۆماریان لە نێو شارەکانی کوردستان و بە بەرچاوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە لەسێدارە دا. چەند دەستەیەک لە تێکۆشەران و ڕوناکبیران خۆیان نەدا بە دەست سوپای داگیرکەرەوە و بەرەو دێهاتەکانی سەرسنور هەڵهاتن و خۆیان حەشاردا، هەندێکیشیان بەرەو شار و شەرۆچکەکانی باشوری کوردستان ڕۆیشتن و پەنایان بۆ تێکۆشەرانی ئەوێ برد.

لەو دەمانەدا حەسەنی قزڵجی خۆ دەگەیەنێتە شارۆچکەی «بیارە» لە ناوچەی هەورامان و ماوەیەک لە خانەقای شێخ عەلادینی نەقشبەندی دەمێنێتەوە. پاشان کە دەبیسێت عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسندی و غەنی بلوریان و هەژار و قازی کاکە حەمەی بۆکان و چەند کەسی دیکەی وەک ئەوان، پەنایان بۆ شێخ لەتیفی حەفید بردوە و لە گوندی«سیتەک» جێوڕێی بۆ کردونەتەوە، ئەویش خۆ دەگەیەنێتە لای ئەوان[14].

---

[13] هەژار لە چێشتی مجێور، (ل٨٧)دا نوسیویەتی: گۆڤاری هەڵاڵە، چوار ژمارەی لێ دەرچوە».

[14] شێخ لەتیف کوری شێخ مەحمودی حەفیدە. ساڵی ١٩١٧ لە دایک بوە. لە مێردمنداڵییەوە تێکەڵی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی بوە. لە ١٩٣٧دا لەگەڵ چەند کەسی ڕوناکبیر و تێکۆشەردا

هەژار، لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «ڕۆژێک دیتم کابرایەکی ملپانی، پاڵتۆیەکی بەرگنە وشتری هەشتەرۆیانە لەبەردا و کەوشێکی پانیە درێژی قەتارچییانە دەپێدا هاتە ژور. پاش تاوێک ناسیمەوە حەسەن قزڵجی یەو ماوەیەک لە بیارە سۆفی بوە و ئێستا هاتوە پێی شاد و شوکور بوین»[15].

لەو ڕۆژگارەدا حکومەتی ئێران گەلێک لە تێکۆشەران و ڕوناکبیرانی کوردی بە بیانوی بەشداریکردن لە کۆماری کوردستان دا خستبوە زیندانەکانەوە و ئازار و ئەشکەنجەی دەدان. چەند ڕابەر و سەرکردەشی لە نێو جەرگەی شاری مەهاباد و بۆکان و سەقزدا لە سێدارەدا و نیازی بو گەلێکی دیکەش لە سێدارە بدات.

هەواڵی لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاوببوەوە. کوردی هەمو پارچەکانی کوردستان بەو هەواڵانە دڵتەنگ و نیگەران بون. ئەو دەستە ڕوناکبیرەش کە لە سیتەک گیرسابونەوە بەو هەواڵانە زۆر خەمبار بون. لەگەڵ ڕابەرانی «پارتی دیموکراتی کورد» و ئەندامە کوردەکانی نێو «حیزبی شیوعی عێراق» دا کەوتنە وتوێژ و بیروڕا گۆڕینەوە، هەتاکو لە بەرامبەر ئەو وەحشیگەرییەی کە حکومەتی ئێران دەرهەق بە گەلی کورد دەستی دابویە، بێدەنگ نەوەستن. پاشان بڕیار دەدەن کە سەر لەنوێ دەست بە خەبات بکەنەوە و لە دژی ڕژێمی حەمە ڕەزاشا چالاکی سیاسی دەستپێبکەنەوە.

ئەم دەستە ڕوناکبیرە لە هەندێک ڕوەوە تەبا و لە هەندێک لایەنیشەوە ناکۆک دەبن، بۆیە دەبنە دو گروپ و هەر یەکەیان بە جۆرێک چالاکی خۆی

---

ڕێکخروێکی سیاسییان بەناوی «کۆمەڵەی برایەتی»یەوە دامەزراندوە و لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەییدا تێکۆشاون و لاوانی کوردییان بە بیر و باوەڕی کوردایەتی گۆشکردوە. پاشتریش لە چەند کۆمەڵە و پارتێکی سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی نواندوە. سەردەمێک ژیانی بە دورخراوەیی بردۆتە سەر و چەندساڵیش خراوەتە زیندانەوە. ڕۆژی ١٩٧٢/٥/١٢ لە بەغدا کۆچی دواییکردوە. ڕۆژی دواتر لە مەراسمێکی پڕشکۆدا تەرمەکەی بەرەو سلێمانی براوەتەوە و لە تەنیشت شێخ مەحمودی باوکی نێژراوە. شێخ لەتیف گەلێک شیعر و وتار و بابەتی مێژویی بەنرخی نوسیوە.

[15] چێشتی مجێور، ل١٠٣.

دەستپێدەکات[16]. حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و چەند کەسێکی دیکە سەرەتا لەسەر ئەوە ساغ دەبنەوە کە بڵاوکراوەیەک بەناوی «ڕێگا»وە دەربکەن. پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر یەک ژمارە لەو بڵاوکراوەیە دەردەکەن[17]. غەنی بلوریان بەشێک لە دانەکانی بلاوکراوەکە لەگەڵ خۆی دەبات و بە مەبەستی گەیاندنی بە ڕوناکبیران و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو مەهاباد دەکەوێتە ڕێ. غەنی بلوریان خۆی لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «دوای چاپ کردنی گۆڤاری ڕێگا، لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ ـ ١٩٤٨ دا... بە یارمەتی «هەمزە عەبدوڵلا» سکرتێری ئەوکاتی پارتی گەڕامەوە بۆ مەهاباد، لە گەڕانەوەم دا محەمەد مەحمود کە ئەویش ئەندامی پارتی و وەک بزانم مامۆستای قوتابخانەیەکی سلێمانی بو، بۆ ئەوەی لە ڕێگادا سەرمام نەبێ پاڵتۆیەکی دامێ و هەمزە عەبدوڵلاش دەمانچەیەکی بچوکی شەش تیری دامێ و لەگەڵ «قادر تەگەرانی» و «حەمەپۆلیس»یان خستم، کە بگەڕێمەوە ناوچەی موکریان... بە «ئالان» و لای «بانە»دا هاتینە «گردی گلان»، لە گردی گلان چومە لای «سەید کامیل» و میوانی ئەو بوم... لەگەڵ سەید کامیل دوام و داوام لێکرد ئەو بەستە گۆڤارو بانگەوازە لە لای خۆی ڕاگرێ، تا من لە مەهابادەوە کاکە «مینە»ی خزمەتکاریماڵمان بنێرم و ئەوان بێنێتەوە بۆ مەهاباد... شەو بە «کانی مام قەمبەران»دا... چومەوە مەهاباد... کاکە مینەم وەشوێن گۆڤار و بانگەوازەکان خست و ئەوانی

---

[16]غەنی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا کە بەناوی «ئاڵەکۆک»ەوە بڵاوی کردوەتەوە تا ڕادەیەک باسی ئەو دەمانەی کردوە. هەروەها محەمەد شاپەسەندی لەچەند وتاری خۆیدا گەلێک سەرنج و ڕونکردنەوەی گرنگی لەوبارەیەوە تۆمار کردوە. (بۆ نمونە بڕوانە: محەمەد شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ـ نهێنییەکانی چاپی ژمارە «١٠»ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنوسان، ژمارە١، بەهاری ٢٠٠٢، ل١٢١ ـ ١٢٥).

[17] ڕێگا: بڵاوکراوەیەکی کوردی و فارسی بوە، لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ (کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرتای نۆڤێمبەری ١٩٤٨) دا لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریانەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک سلێمانی تەنها یەک ژمارەی لێدەرکراوە. ئەگەرچی لەژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا نوسروە: «ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە «کۆمەڵەی ژ.ک.»ەوە نییە؛ هەندێک ئەمەیان لێتێکەڵ بوە و بەستویانەتەوە بە کۆمەڵەی ژ. ک.ەوە!!

هێناوه»، پاشان باسی ئەوەی کردوه کە کاتێک دەستیان بە بڵاوکردنەوەی دانەکانی بڵاوکراوەی ڕێگا کردوه، کاربەدەستانی حکومەتی حەمەڕەزاشا بە کارەکەیانی زانیوه و گەلێک کەسیان دەستگیرکردوه، کە یەکێکیان غەنی بلوریان خۆی بوه[18].

هەر لەو دەمانەدا عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسەندی و چەند کەسی دیکە گۆڤارێک بەناوی«نیشتمان»ەوە دەردەکەن و ژمارە «١٠»ی لەسەر دەنوسن؛ ئەویش بەنیازی ئەوە کە کۆمەڵەی ژ.ک «کۆمەڵەیَ ژیانەوەی کوردستان» زیندوبکەنەوە و دەست بە دەرکردنەوە گۆڤاری نیشتمان بکەنەوە[19]. پاشان بەشێکی زۆری دانەکانی ئەو گۆڤارە دەگەیەننە شاری مەهاباد و لە نێو بەشێک لە لاوانی ئازادیخواز و خەباتگێڕ دا بڵاودەکرێنەوە. بڵاوبونەوەی گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەی ڕێگا لەو هەلومەرجەدا دەنگ دەداتەوە. لەلایەک دەبێتە هۆی ئەوەکە خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێدی پەرەسەندنەوەی خەباتەکەیان لا دروست ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی ئێران بەوە بە ئاگا دێتەوە و هەست بە مەترسی مەسەلەکە دەکات و دەکەوێتە گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵێک لاوی ئازا و تێکۆشەر. لەو شاڵاوی گرتنەدا غەنی بلوریان و چەند هاوڕێ و هاوبیری دەگیرێن و دوچاری لێپرسینەوە و ئازار و ئەشکەنجە دەبن[20].

کاتێک هەواڵی گیرانی غەنی بلوریان و هاوڕێکانی دەگاتە حەسەنی قزڵجی و ئەوانی دیکە، هەمو نائومێد دەبن و چیدیکە ناتوانن لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن. هاوکات حکومەتی عێراق بە شێخ لەتیفی حەفید

---

[18] غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک ـ بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ـ ستوکهۆڵم ـ ١٩٩٧، ل٩٣ ـ ٩٨ و چەند لاپەڕەی دواتریش.

[19] ژمارە ١٠ی نیشتمان: لە مانگی یولیساڵی ١٩٤٨دا لە لایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەد شاپەسەندییەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک سلێمانی دەرکراوە. لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە: «ئۆرگانی نەهزەتی مقاومەتی کۆمەڵەی ژ.ک.».

[20] لە ژمارە (١٥)ی هەفتەنامەی «هاوپەیمانی»دا هەندێک سەرنج و تێبینییم دەربارەی «ئاڵەکۆک» نوسیوە. {جوتیار حاجی تۆفیق، وردبونەوە لە چەند باسێکی کتێبی ئاڵەکۆک، هەفتەنامەی هاوپەیمانی، ژمارە (١٥) ، شەممە ١٩٩٨/٦/٢٧}.

ڕادەگەیەنێت کە بۆی نییە دالدەی کوردە هەلهاتووەکانی «ئێران» بدات و لای خۆی گلیانبداتەوە.

شێخ لەتیف بە پارە و بە هەولی چەند دۆست و ئاشنایەکی خۆی ناسنامەی عێراقی بۆ حەسەن قزلجی و هەژار و ئەوانی تریش ساز دەکات هەتاکو لە گرتن و ڕاونانی پۆلیسی عێراقی ڕزگاریان ببێت. هەژار نوسیویەتی: «قزلجی و من لەبیرم نەماوە کێی تریش (پێم وایە هەمزەی سلەمان ئاغا بو) ناوی خۆمان گۆڕی. قزلجی ناوی «سەید ڕەحیم» و من «عەزیز قادر»م هەلبژارد و شێخ لە «چوارتا» پێناسی عێراقی بۆ وەرگرتین و بوینە عێراقی و ترس و لەرزمان لە گرتن بەسەر چو». دواتریش نوسیویەتی: «قزلجی و من هەردوکمان لەو ژیانە پەنابەرییە وەڕەز ببوین ... (شێخ لەتیف)، نامەیەکی بۆ عەلی کەمال بەگ نوسی کە ملیونێرێک بو، نوسی کارم بداتێ. قزلجیش بەو هەوایە کە مام و ئامۆزای لە بەغدان، ملی دا و چوینە بەغدا»[21].

لە بەغدا ماوەیەک هەژار و قزلجی پێکەوە دەبن و بۆ کار دەگەڕێن. پاش گەڕان و ئەملاو ئەولا، کارێکی ئەوتۆیان دەستگیر نابێت، ئیدی لێک جیا دەبنەوەو هەر یەکە بۆخۆی بە شوێن کاردا وێلدەبێت.

حەسەنی قزلجی، لەو ماوەیەدا چەندین کاری وەک: کرێکاری، حەمالی، شاگردی، فرۆشیاری... دەکات و هەرچی چۆنێک بێت خۆی دەژیەنێت و خۆی لە پۆلیس و جاسوسەکانی حکومەت دەشارێتەوە. پاشان لە ژیانی بەغدا بێزار دەبێت و بەرەو سلێمانی دەڕوات. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و بە کاری وێنەگرییەوە خەریک دەبێت. ئینجا لەوێش بێزار دەبێت و بەرەو بەغدا دەڕواتەوە. ئەم جارە لەگەل عەبدولڕەحمان زەبیحی و هەژار یەک دەگرنەوە و هەر یەکە کارێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و هەرسێکیان لە خانویەکدا پێکەوە دەژین. لەو بارەیەوە هەژار نوسیویەتی: «بەهۆی مستەفا کویر ناوێکی بە چاوێک کە خۆی بەخزمی زەبیحی دەزانی، زەبیحی و قزلجی لە کافە

---

[21] چێشتی مجێور، ل١١٣.

رستورانێکی هەرە بەناوبانگی بەغدایە کە خاوەنەکەی عەبدوڵلا شەریفی کۆنە سابلاغی و ملیۆنێر بو ، بە نوسەر دامەزران»[22].

ماوەیەک بەوکارەوە خەریک دەبن. لەپڕ ڕۆژێک لەکاتی کارکردندا پۆلیسی عێراقی دەدات بەسەریاندا و هەردوکیان دەستگیر دەکات و بەرەو زیندانیان دەبەن. نزیکەی ساڵێک لە زیندان دا دەیانهێڵنەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە خاوەن رێستورانەکە ئاگای لێیان دەبێت و یارمەتییان دەدات. لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژگارانەدا زیندانەکانی عێراق پڕ دەبن لە کەسانی تێکۆشەر و ڕوناکبیری کورد؛ لە نزیکەوە گەلێک لەوانە دەناسن و دۆستایەتییەکی باش لە نیوانیاندا دروستدەبێت.

لە مانگی ئاپریلی ١٩٥٤دا حکومەتی عێراق لە ڕێگای خانەقین ـ قەسری شیرنەوە هەردوکیان دەداتە دەست حکومەتی ئێران. لەوێ کاتێک لێیاندەکۆڵنەوە، دەڵێن ئێمە عێراقین و ئەوەش پێناسەکانمان. کە سەرنجی پێناسەکانیان دەدەن، باوەڕیان پێدەکەن و بەو مەرجە کە خۆیان بەرەو عێراق بڕۆنەوە، ئازادیان دەکەن. ئیدی هەردوکیان بەرەو تاران دەچن و دەچنە ماڵی عەبدوڵلا ئاغای ئێلخانیزادە (پورزای حەسەنی قزڵجی). پەش چەند ڕۆژێک زەبیحی بەرەو سنە و قزڵجیش بەرەو کرماشان دەڕوات. زەبیحی زو خۆ دەگەیەنێتەوە عێراق. قزڵجیش لە کرماشان دەچێتە ماڵی سەعیدی حافیدیی ئامۆزای[23].

[22] چێشتی مجێور، ل١٨٠.

[23] سەعیدی حافیدی کوڕی مەلا ڕەحیم کوڕی مەلا محەمەد حەسەن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، لە شاری بۆکان لەدایک بوە. هەر زو خراوەتە بەر خوێندن و بۆ خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە. ساڵی ١٩٣٢ چوەتە سلێمانی و ماوەی دو ساڵ لەوێ خوێندویەتی. پاشان چوەتە مەهاباد و لەگەڵ حەسەنی قزڵجیدا لەلای مەلا ئەحمەد تورجانی زادە خوێندویانە. ساڵی ١٩٣٨ بوەتە فەرمانبەر و دواتر چوەتە شاری کرماشان و لە دادگادا کاری کردوە. ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە. ساڵی ١٩٦٤ لە کرماشان کۆچیدواییکردوە. جگە لە زمانی دایکیی زمانی فارسی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە. گەلێک شیعر و بەرهەمی بلاونەکراوەی لەپاش بەجێماوە. (دەربارەی بڕوانە : بابا مەردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ص ٣٦٥ - ٣٦٦).

سەعیدی حافیدی، یارمەتی دەدات و دەیداتە دەست شێخ موعتەسەمی حسامی کە پیاوێکی دەستڕۆیشتو و ناسراو بوە[24]. شێخ موعتەسەم لەگەڵ خۆی بەرەو سنەی دەبات و دەیگەیەنێتە ناوچەی جوانڕۆ. دو سێ هەفتە لەو دێهاتانەی هەورامان خۆ حەشار دەدات. دوایی بڕیار دەدات بەرەو باشوری کوردستان بڕواتەوە[25].

لە مانگی جونی ١٩٥٤دا لە هەڵەبجە سەر هەڵدەداتەوە. ماوەیەک لە تەکیەی شێخ ئەحمەد دەمێنێتەوە. ئینجا بەرەو ناوچەی بازیان (نێوان سلێمانی و کەرکوک) دەڕوات. لەوێ نزیکی سێ ساڵ بە توتنەوانی و کشتوکاڵەوە خەریک دەبێت[26].

---

[24] شێخ موعتەسەمی حسامی (١٩٠٣ - ١٩٩٢) کەسایەتییەکی ناسراوی کوردستان و کوڕی شێخ حسامەدینی نەقشبەندی، لە شاری سنە لە دایکبوە. پاشانماڵیان بەرەو باشوری کوردستان گواستوەتەوە و لەوێ دەستی بە خوێندن کردوە. دواتر چوەتەوە سنە. وێڕای زمانی دایکیی، زمانی فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە.

[25] حەسەنی قزڵجی کورتەیەکی ئەم بەسەرهاتەی خۆی لە دو توێی چیرۆکی «هێلکەی هادی خانی» دا باس کردوە. بە مەبەستی ساغ کردنەوەی مێژوی ئەو بەسەرهاتە و چۆنییێتیی گیرانەکەیان ئەم سەرەنجانەم لەو چیرۆکە بە دەستهێناوە:

١. بەوەدا کە نوسیویەتی: «هاوڕێکەی من گوتی: کوڕم ئەم قسانە پار ئەکران - واتە کە زەمانی موسەدیق بو ». کەواتە ئەو ڕوداوەی کە حەسەنی قزڵجی گێڕاویەتییەوە، ساڵی ١٩٥٤ ڕویداوە.

٢ . بەوەشدا کە نوسیویەتی: « لە چایخانەکەی (ملەمرواری) هەرچەند ڕەمەزانیش بو، دابەزین». کەواتە کاتی بەسەرهاتەکە ڕەمەزانی ساڵی ١٩٥٤ بوە. وەکو لێکم داوەتەوە ١ی ڕەمەزانی ١٣٧٣ دەکاتە (سێ شەممە ١٩٥٤/٥/٤) و ٣٠ی ڕەمەزانی ١٣٧٣ دەکاتە (چوار شەممە ١٩٥٤/٦/٢). دەتوانین وا دابنێین ئەو ڕوداوە کە حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکە دا گێڕاویەتەوە دەور و بەری ڕۆژی شەممە ١٩٥٤/٥/١٥ بوە.

٣ . بەوەدا کە نوسیویەتی: « ئەم دیمەنە بۆ من، بەتایبەتی دوای ماوەیەک زیندان، ئەوەندە جوان و خەم ڕەوێن بو». کەواتە ماوەیەک لە زینداندا بوە و دواتر بە هەر شێوازێک بوە ئازاد بوە و ئێستا وا بەڕێوەیە بەرەو دێهاتە سنورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی خۆ بگەیەنێتەوە دیوی باشوری کوردستان.

[26] خۆی لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «... ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی توتن کردن بوم و لەناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بە تام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە». (گۆڤاری

پاش ڕاپەڕینی ١٩٥٨/٧/١٤، هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک ئازاد و ئارام بەرقەرار دەبێت و کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەند ساڵ بو نەیاندەوێرا بەئاشکرا بێن و بچن، ئەودەم توانیان بە ئازادی بژین. هەژار نوسیویەتی: «دەگەڵ زەبیحی کەوتینە نیگەرانی: خوایە قزڵجی لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا چی بەسەرهات؟ دەیانگوت بۆتە فاڵچی لە کرماشان، تور و گێزەر دەفرۆشێ، سۆراغمان هەر نەکرد. دوای دو مانگ هاتینەوە بەغدا، قزلجی پەیدا بو. کە دەگەڵ زەبیحی لێک هەڵبڕابون، ببوە میوانی حافیدی ئامۆزای و خۆی گەیاندبوە هەڵەبجە. ئەو هەمو مابەینە بۆتە سۆفیەکی ڕیش درێژ لە تەکیەی شێخێک و نوشتەی لەباتی شێخ نوسیوەو نان و دۆی تەکیەی خواردوە تا کودەتای قاسم چەند مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، تازە وێراویە دەرکەوێ. دیسان سێ تفەنگدار گەیشتنەوە یەک!»[27].

حەسەنی قزڵجی، لە پاڵ کارەکەیدا لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو دەمە دا وتار و کورتەچیرۆک بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ زەبیحیشدا چەند کتێبێک دەکەنە کوردی و نیازیان دەبێت درێژە بەکاری وەرگێڕان بدەن، بەڵام زۆر ناخایەنێت هەلومەرجەکە دەگۆڕێت و ناتوانن ئەوەی وەریانگێڕاوە چاپی بکەن و بڵاویبکەنەوە[28].

ساڵی ١٩٦١ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت و دەکەوێتە بەر تەسککردنەوەی مافە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد. ئیدی سەرلەنوێ ژیانی کوردە پەنابەرەکانیش دژوار دەبێتەوە.

---

نوسەری کورد، حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠، ئەیلولی ١٩٧٣، ل٧).

[27] چێشتی مجێور، ل٢٨٣.

[28] بۆ نمونە لە سەر بەرگی دواوەی نامیلکەی «ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دو لایی» نوسراوە: «قاموسی سیاسی ... قاموسی سیاسی کتێبێکی زۆر بەنرخ و نایابە، لە ژێر چاودێری (ما ـ پروفسور)ی سوەتی «ب.ن. پانوماریفا»دا بە زمانی روسی دانراوە. هەمو باسێکی اقتڵادی، فەلسەفی و سیاسی، گرینگی تێدایە. لە لایەن ح. قزڵجی و ر. ڕەبیحی، کراوە بە عەرەبی، بەشی یەکەمی لە بابەت (مسائل المادیة الدیالیکتیکیة)وە، بەم زوانە دەرئەچی و پێشکەشی خوێندەوارانی بەریز ئەکریت».

حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بەو پەنابەرانە ڕادەگەیەنێت یان دەبێت لە عێراق بچنە دەرەوە، یان دەستگیریان دەکات و دەیانداتەوە بە حکومەتی ئێران. ئیتر هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕێگایەک دەدۆزێتەوە. حەسەنی قزڵجی بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش نەگیرێت و نەدرێتەوە بە حکومەتی ئێران، بڕیار دەدات بەرەو ئەڵمانیای دێمۆکراتی بڕوات. حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی تودەی ئێران هاوکاریی دەکەن و پاسپۆرتی بۆ ساز دەکەن و دوکتور ڕەزای ڕادمەنیش لەگەڵ خۆی بەرەو ئاڵمانیای دیموکراتیی دەبات.

پاش چەند مانگێک بۆ بولگاریای دەنێرن هەتاکو لە «ڕادیۆی پەیکی ئێران»دا کار بکات[29]. چەند ساڵێک بەو ڕادیۆیەوە خەریک دەبێت. ڕۆژانە هەواڵەکانی جیهان و ئێران و هەندێک جار هەواڵی کوردستانیش بە کوردی و عەرەبی ئامادە دەکات و خۆیشی وەک گۆیندە دەیانخوێنێتەوە، پاشتریش کەریمی حیسامی و چەند کەسێکی دیکە دەبنە هاوکاری. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤دا حەسەنی قزڵجی و دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو و کەریمی حیسامی، پاش پرسوڕا بە حیزبی تودەی ئێران، بڕیار دەدەن کە ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان»ەوە دەربکەن. پاش مشتومڕێکی زۆر لە مانگی جێنیوەری ١٩٦٥دا یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە دەردەکەن. ئیدی بەردەوام دەبن لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە هەتاکو مارتی ١٩٧٠ و بەسەریەکەوە «٢٦» ژمارەی لێدەردەکەن. حەسەنی قزڵجی بە نازناوی «موکری»یەوە گەلێک وتار و کورتە چیرۆک و پەخشانی ئەدەبیی تیادا بڵاودەکاتەوە.

هەر لەو ساڵانەشدا دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران؛ هاوکات دۆستایەتی خۆیشی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەپارێزێت و هەندێک جار لە کۆبونەوە تایبەتی و نهێنییەکانیشیاندا بەشدار دەبێت[30].

---

[29] ڕادیۆی پەیکی ئێران: دەنگی حیزبی تودەی ئێران بوە. لە نێوان سالانی ١٩٦١ ـ ١٩٧٠دا لە بولگاریاوە پەخش کراوە. سەرەتا تەنها بە فارسی بوە، پاشان بە عەرەبی و کوردیش وتار و هەواڵی بلاوکردوەتەوە. (دەربارەی بڕوانە: کژراهە، احسان طبری. تهران، ١٣٧٨، ص٢١٣ - ٢١٧).

[30] کەریمی حسامی، لەو بارەیەوە نوسیویەتی: «کاک حەسەنی قزڵجی، هەرچەند لە دەربەدەریدا لە رادیۆ پەیکی ئێران کاری دەکرد، هەر خۆی بە ئەندامی حیزبی دیموکرات

بەردەوام وتار و کورتەچیرۆک و بابەتی وەرگێڕاو بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشوری کوردستان دەنێرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ چەند نوسەر و شاعیر و ڕوناکبیری ئەوێدا دەبێت[31].

ساڵی ۱۹۷۹ ڕاپەڕینی جەماوەری ئێران پەرە دەستێنێت و حکومەتی حەمەڕەزاشا دەڕوخێنرێت و لەناو دەبرێت. ئیدی خەڵکی ئێران وا چاوەڕوان دەکەن کە لە جێی حکومەتی دیکتاتۆڕیی شادا حکومەتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتو دێتە سەر کار و خەڵکی ئێران بە ئاشتی و ئازادی و دور لە ستەم و زۆرداریی دەژین. هەر بەو ئومێدەوە هەزاران ڕۆشنبیر و نوسەر و تێکۆشەری فارس و ئازەر و بەلوچ و کورد و عەرەب، کە ساڵەها بو لە دەربەدەریدا دەژیان دەستە دەستە بەرەو ئێران چونەوە. حەسەنی قزڵجیش بەو ئاواتەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتەوە. ماوەیەک لە شاری بۆکان لە نێو خزم و دۆستانیدا ژیا، دوایی لەسەر داوای سەرکردایەتیی حیزبی تودە چوە تاران.

ئەودەم حیزبی تودەی ئێران وەک زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران بە ئاشکرا دەستی بە چالاکی کردبو. تا ڕادەیەک خەڵکی لە دەور کۆ ببوەوە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەردەکرد و لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بنکە و بارەگای هەبو.

لە حەڤدەهەمین پلنۆمی حیزبی تودەی ئێراندا حەسەنی قزڵجی بە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێت و لە بەشی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا دادەندرێت[32]. هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامە کوردەکانی نێو حیزبەکەدا

---

دەزانی و لە هەمو کۆبونەوەیەکدا کە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە بوبێ بەشداری کردوە. کاک حەسەن تەنیا پاش شۆڕشی ئێران کە حیزبی دیموکرات ئامێزی بۆ نەکردەوە، حیزبی تودە هێنایەوە ئێران و کردیە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە تاران هێشتیەوە تا گیراو شەهید کرا». (کەریمی حسامی، پێداچونەوە، بەرگی دوەم، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۷. ل۲٤٤ ـ ۲٤٥).

[31] هەروەک مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم چەند جار بە دەمی بۆی باسکردم، حەسەنی قزڵجی بەردەوام لە بولگاریاوە نوسین و بەرهەمی وەرگێڕاوی بۆ ئەو و چەند دۆستێکی دیکە دەنارد و ئەوانیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان دەکردەوە.

[32] نورالدین کیانوری، لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: «قزلجی تا سال ۱۳۵۸ در بلغارستان بود. در این سال او داوطلبانە بە ایران امد و در شعبە روابط بین المللی حزب بە فعالیت

**بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەکەنەوە. لەبەر پرینسیپی حیزبی، بە سەرکردایەتی حیزبی تودە ڕادەگەیەنن کە نیازیان هەیە ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکەن، بەڵام حیزبی تودە بە بیانوی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەد دەکاتەوە. دواتر بڕیار دەدەن کە لە ژێر چاوەدێریی سەرکردایەتی حیزبەکەدا ڕۆژنامەی «مەردم» بە کوردی دەربکەن[33]. حەسەنی**

پرداخت. قزلجی در پلنوم حفدهم به عضویت کمیته مرکزی حزب برگزیده‌شد»، (خاطرات نورالدین کیانوری، انتشارات اطلاعات، تهران، ۱۳۷۲، ص۵۳۲ ـ ۵۳۳).

{سەرلەئێوارەی ڕۆژی هەینی ۲۰۰٤/۸/۲۰ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفونم بۆ لەندەن کردو لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی «مامەقالەی دەباغی» سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانی حەسەنی قزڵجی وتوێژمان کرد. لەناو قسەوباسدا مامە قالە باسی ئەوەی بۆ کردم کە ساڵی ۱۹۷۹ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو بەو (مامە قالە)ی گوتوە هەوڵبدە بە هەر ڕێگایەک بێت حەسەنی قزڵجی لە حیزبی تودە دوربخەرەوە، هەروەها گوتوشیەتی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مانگانە ئەوەندە یارمەتیی دەدات کە بە باشی پێی بژی و با لە بۆکان بەکاری نوسینەوە خەریک ببێت و ئێمەش هاوکاریی دەکەین. مامەقالە گوتی: «هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا، تەنانەت خۆیشی (واتە حەسەنی قزڵجی) لە حیزبی تودە نیگەران بو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بو ڕیزی حیزبی تودەی بەر نەدا».

هەر لەم ڕووەوە کەریمی حسامی نوسیویەتی: لە سەرەتای مانگی مای ۱۹۸۰دا لە تاران لەگەڵ خێزانەکەم دو جار سەردانی حەسەنی قزڵجیمان کرد«کاک حەسەنی قزڵجی لە دەفتەری حیزبی تودە لە ژورێکی پچوکی بەر تاوی پڕ لە دوکەڵ، وتارەکانی ڕۆژنامەی مەردومی دەکرد بە کوردی. نەخۆشی ئیکزیما بەجارێک دەستەکانی شپرزە کردبوو. نارەحەت و بێزار لە سیاسەتو لە ژیانو لە کارەکەی خۆی. بە کوڵی گریانەوە گوتی: ئەگەر ئەوجاریش ڕزگار دەبم و دەگەمەوە سوفیا تا مردن ڕوو لەم لایە ناکەمەوە. تکای لە خێزانم کرد کە لە سوفیا تا ۳ مانگی دیکەش کرێ خانوەکەی بۆ بدا، بەڵکو لەو ماوەیەدا لەو بەزمە ڕزگاری بێتو بگاتەوە بولغارستان. بەداخەوە لەدەست حیزبی تودەو کۆماری ئیسلامی ڕزگاری نەبوو تا لە زیندان سەری نایەوە». {کەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم ۱۹۷۹ - ۱۹۸۳، بەرگی حەوتەم، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۳، ل٤٥}.

[33] مەردم، ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بو، بە کوردی لە تاران دەدەکرا. ئەو وتار و بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی «نامەی مەردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) دەنوسران، دەکرانە کوردیو لەوێدا بڵاودەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵو هەندێک بابەتی ئەدەبیشی تیادا بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە ۱۹۷۹/۱۰/۲۳ دەر کراوە. ژمارە ۲۱ی لە ڕۆژی یەک شەممە ۱۹۸۰/٦/۸ دا دەرکراوە. لە سەر ژمارەکانی سەرەتای

قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند نوسەرێکی دیکە هاوکاریی یەکتر دەکەن و نزیکەی دو ساڵ لە دەرکردنی بەردەوام دەبن. تا ئەو دەمی کە حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران شالاوێکی کتوپڕ بۆ سەر حیزبی تودە دەست پێدەکات و،زۆربەی ئەندامە چالاک و دیارەکانی حیزبەکە دەستگیر دەکات.

ڕۆژی شەممە ١٩٨٣/٢/٥ حەسەنی قزڵجیش دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. ئەودەم تەمەنی گەیشتبوە حەفتا ساڵ، بەڵام بەو پیرییەش لێیناگەڕێن و نزیکەی (دە مانگ) لە ژێر ئەشکەنجەی فسیۆلۆژی و دەرونیدا دەهێڵرێتەوە و زۆر دڵڕەقانە لەگەڵی ڕەفتاردەکەن. تا لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٨٣دا کۆچیدواییدەکات[34]. چەند کەسێک لە دۆست و ناسیاوەکانی بە ئاگاداریی و چاودێریی حکومەتی ئێران، تەرمەکەی لە تاران، لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا دەنێژن!...

## حەسەنی قزڵجی نوسەر:

حەسەنی قزڵجی چیرۆکنوس، ڕۆژنامەنوس، وەرگێڕ و شارەزای زمانی کوردی بو. لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتاکو ئەودەمی کە دەستگیرکرا، دەیان وتارو کورتەچیرۆک و بابەتی ئەدەبی و زمانەوانی و مێژویی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردوەتەوە. جگە لە زمانی

---

تەنها (مەردم) نوسراوە، بەڵام لە ژمارەکانی دواییدا ناوەکەی بوەتە (نامەی مەردم). سەرجەم (٦١) ژمارەی لێدەرچوە. حەسەنی قزڵجیو حەسەنی ماوەرانیو چەند شاعیرو نوسەرێکی دیکە تیایاندا نوسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.

[34] مێژوی کۆچی دوایی حەسەنی قزڵجی بە چەند جۆرێک نوسراوە؛ هەژار نوسیویەتی: «لە ٢٧ی سپتامبری١٩٨٤دا بیستمان کە لە زیندانی (ئەوین) دا وەفاتی کردوە»، (چێشتی مجێور،ل٥٧٦). حەسەنی ماوەرانی نوسیویەتی: «لە ١٦ی مانگی ڕێبەندانی ١٣٦١دا، وێڕای زۆربەی بەڕێوەبەرانی حیزب گیرا و پاش چەند مانگان، واتا لە پاییزی ١٣٦٢دا خەبەری مردنیان دا بە کەسو کاری». (حەسەن ماوەرانی، هاوار، ل٣٤) هەروەها کاک حەسەن ماوەرانی لە نامەیەکدا بۆی نوسیوم: «مامۆستا قزڵجی لە هێرشی ١٦ ـ ١١ ـ ١٣٦١ (٥ ـ ٢ ـ ١٩٨٣)ی پاسداران بۆ سەر حیزبی تودە... گیراو لەکۆتایی مانگی ٨ی ١٣٦٢دا ئێمە لە چیا بە شەهید بونیمان زانی، واتە ماوەی ١٠ مانگ پاش گیرانی زیندو ماوەتەوە».

دایکیی خۆی، زمانی فارسی و عەرەبی و بولگاری و تا ڕادەیەک تورکیشی زانیوە. هەروەها زۆربەی دیالێکتە کوردییەکانی زانیوەو قسەی پێکردون.

ئەگەرچی لە زۆر بواری جیاجیادا توانا و لێوەشاوەیی خۆی نیشان دابو، بەڵام زیاتر وەک چیرۆکنوس ناوبانگی بڵاوببوەوە. لە ڕاستیشدا چیرۆکنوسێکی بەتوانا بو. ئەو لەبارەی ئەزمونی چیرۆکنوسی خۆیەوە نوسیویەتی: «لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوم، لەگەڵ ئامۆزایەکم (کە بەداخەوە لەم سالانەدا لە کرماشان لە دنیا دەرچو) لەلای مامێکمان مەلا ئەحمەد تورجانی زادە لە مەهاباد دەمانخوێند. تورجانی زادە، بۆ پێ خوێندنی ئێمە میتۆد و شێوەیەکی تایبەتی بەکار دەهێنا. ڕێزمانی عەرەبی «نحو-صرف»ی فێردەکردین، دوای فێرکردنی هەندێ «قاعدە»، یەکێک لە چیرۆکەکانی مەنفەلوتی پیشان دەداین. دەبو لەو چیرۆکەدا دیاریی بکەین کە ئەو قاعیدانە چۆن بەکار هێنراون. لەپاشان دەبو تەواوی چیرۆکەکە بگێڕینەوە و ڕونی بکەینەوە مەبەستی نوسەر، لە نوسینی ئەم چیرۆکە چ بوە. ئەگەر بمان زانیایە ئافەرینی دەکردین، ئەگەر نەمان زانیایە خۆی ئەو مەبەستەی بە درێژیی بۆ ڕون دەکردینەوە و تێی دەگەیاندین. تورجانی زادە، بایەخێکی زۆری بە چیرۆک دەدا، خۆشی لە کتێب و گۆڤاراندا چیرۆکی بخوێندایەوە، گەلی جار بۆمانی دەگێڕایەوەو بە درێژی لێی دەکۆڵیەوە. ئەمە بوە هۆی ئەوە کە هەر لەو وەختەوە حەز بە چیرۆک بکەم. ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی توتن کردن بوم و لە ناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بەتام و لەزەت بۆ یەکریان دەگێڕایەوە. لەمەش بۆم دەکەوت کە چیرۆک لە ناو کۆمەڵانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی کورد دا تەئسیرێکی زۆری هەیە»[35]

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ بەشێک لە نوسینەکانی بکەین:

١ . ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دولایی، ئەم بەرهەمە نامیلکەیەکە دو شیعری درێژی لەخۆگرتوە، یەکێکیان حەسەنی قزڵجی و ئەوی دیکە

---

[35] گۆڤاری نوسەری کورد، حەسەنی قزڵجیو بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠، ئەیلولی ١٩٧٣، ل٧.

عەبدولرەحمانی زەبیحی نوسویەتی، لە بەغدا ساڵی ١٩٥٩، لە چاپخانەی«النجاح» چاپ کراوە، محەمەد تۆفیق وردی پێشەکیی بۆ نوسیوە.
٢ . پێکەنینی گەدا، کۆمەڵە چیرۆکێکە، کاتی خۆی حەسەنی قزڵجی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراقدا بڵاویکردبونەوە، ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا چاپکراوە، هێمنی شاعیر پێشەکیی بۆ نوسیوە. ساڵی ١٩٨٥ مامۆستا محەمەد مەلاکەریم سەرلەنوێ چاپی کردوەتەوە و پێشەکییەکی کورتیشی بۆ نوسیوە.

**وتار و لێکۆڵینەوەکانی:**

١ . پێشەکی بۆ ڕۆمانی «پێشمەرگە»، نوسینی: دوکتۆر ڕەحیمی قازی، بەغدا، ١٩٦١.
٢ . پێشەکی بۆ کتێبی «مەم و زینی خانی»، هەژار کردویە بە موکریانی، بەغدا، ١٩٦٠.
٣ . پێشەکی بۆ کتێبی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران»، کەریمی حیسامی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧١.

وەکو ئێمە ئاگادارین ئەم بەرهەمە چاپ نەکراوانەشی هەبوە:
١ . تیئۆری ئەدەبی، لە بولگارییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، ٥٠٠ لاپەڕەی دەستنوس بوە.
٢ . زاراوەکانی سیاسی ـ کۆمەلایەتی، وەرگێڕاوە بۆ کوردی[36].
٣ . کورتە چیرۆکەکانی ئەنگێل کاراڵچیڤ، لە بولگارییەوە کردویەتی بە کوردی[37].

---

[36] ڕەنگە ئەم بەرهەمەی ئەوە بێت کە لە پەراوێزی ژمارە (٢٨)دا ئاماژەم بۆ کرد. (ساڵی ٢٠٠٢ مامۆستا جەلال دەباغ بەرهەمێکی حەسەنی قزڵجی بەناوی «هەندێ زانیاری مارکسی لینینی» لە سلێمانی بە چاپ گەیاند، هەروەک لە پێشەکییەکەیدا ڕونیکردوەتەوە کاتی خۆی حەسەنی قزڵجی بە خەتی خۆی نوسیویەتەوەو لە کۆتایی شەستەکاندا دەسنوسەکەی بۆ ئەو ناردوەو ئەویش پاراستویەتی و دواتر بە چاپی گەیاندوە.
[37] دەربارەی ئەم بەرهەمەی بڕوانە: عوسمان مەحمود ئەحمەد، لە یادی نەمراندا ـ حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩، کانونی یەکەمی ١٩٨٥، ل١٩.

وەک هەندێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئاماژەیان بۆ کردوە، حەسەنی قزڵجی بەرهەمی چاپ نەکراوی دیکەشی هەبوە و ساڵی ١٩٧٩ کە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران هەمویانی لە ماڵەکەی لە بولگاریا بەجێهێشتوە. ئیدی پاش مردنی کتێبخانەکەی و بەرهەمەکانی کەوتونەتە لای حیزبی تودەی ئێران و تا ئێستا بێسەرو شوێن ماونەتەوە. دۆزینەوە و چاپکردنی بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی باشترین ڕێز و وەفایە بەرامبەر ئەو مرۆڤە نەمرەمان.

بیروڕای چەند کەسایەتییەک سەبارەت بە حەسەنی قزڵجی و بەرهەمەکانی:

* محەمەدی مەلا کەریم: «حەسەنی قزڵجی، یەکێکە لە بنووس و چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی کورد و هەر لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیا کاری ئەکرد تا ئەم دواییە کە کەوتە بەر شاڵاوی زەبروزەنگی ڕژێمی کۆنەپەرست و خوێنخۆر و فاشست مەشرەبی وڵاتەکەی، هەر ئەوەندەی دەرفەتێکی دەسگیر بووبێ قەڵەمی لە نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و چیرۆکی ڕیالیستی و وەرگێڕانی ئەدەبی پێشکەوتخوازی جیهانی کۆڵ نەبوە»[38].

* هێمن: «حەسەنی قزڵجی لە کۆڕی خەباتدا قاڵ بووە، خاراوەو لە گڵ هاتۆتەدەرێ. لەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسەرییە شت فێربووە. زانستی بەرەوژوورتر چووە، تەجرەبەی وەسەریەک ناوە، کۆمەڵی خۆی باشتر ناسیوە. هەستی بە ئێش و ئازاری کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە و بۆتە فەیلەسووفێکی پسپۆڕ و نووسەرێکی ڕیئالیست و واقیع بین»[39].

* کەریمی حسامی: «بە مردنی حەسەنی قزڵجی زانایەکی مەزن، نووسەرێکی هەڵکەوتوو، کوردی زانێکی بێهاوتا، چیرۆکنووسێکی شارەزا، کوردێکی نیشتمانپەروەر، ئینتەرناسیونالیستێکی بەبیروبڕوا، شەخسییەتێکی بێ

---

[38] حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٨٥، چاپی دووەم، ل٣.

[39] حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، چاپی دووەم، ل١٣.

فیزو بێ فڕوفێڵ، مرۆڤێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی، بلیمەتێکی قسەخۆش و دەست و دڵ ئاواڵە ئێمەی بەجێهێشتووە. لەو ماوەیەدا کە دوور لە نیشتمان و لە دەربەدەریدا دەژیا، لەگەڵ خوێندکارە کوردەکان پێوەندی بەتینی هەبووە، خوێندکارە کوردەکان دەچوونە لای، لە ڕێنوێنیو شارەزاییو پەند و ئامۆژگارییەکانی کەڵکیان وەردەگرت»[40].

* نورەدین کیانوری: «حەسەنی قزڵجی، مرۆڤێکی شەرەفمەند و کۆمۆنیستێکی بە بیروباوەڕ و شێلگیر و لێهاتو بو. ئەو لەو تێکۆشەرانەی دژی ڕژێمی شا بو کە ناچار بو بۆ عیراق هەڵبێت. لە عیراق حیزبی شیوعی دەیپاراست. دکتۆر ڕادمەنیش لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ عیراق، قزڵجی ناسی و ئەوی بۆ ڕێکخستنی بەشی کوردیی ڕادیۆی پەیکی ئێران برد. قزڵجی هەتاکو ساڵی ١٩٧٩ لە بولگاریا بو. لەو ساڵەدا داوای لێکرا بۆ ئێران بگەڕێتەوەو لە بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی تودەی ئێران کاریکرد. لە پلینیۆمی حەڤدەهەمیندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا»[41].

* جۆیس بلاو: «بە مردنی تراژیدیی حەسەنی قزڵجی گەلی کورد یەکێک لە کوڕە ڕاستگۆو بەوەفاکانی خۆی و ئەدەبی کوردی و جیهان یەکێک لە چیرۆکنوسە مەزنەکانی لە کیسچو»[42].

**چەند سەرنجێک !**

* ئەم لێکۆڵینەوەیە ساڵی ١٩٩٧ لە هەفتەنامەی (ڕێگای کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە. پاشان بە هەندێک زانیاریی دیکەوە لە سوید لە گۆڤاری (ئاڤا شین)دا، بە پیتی لاتینی بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە:

١. جوتیار حاجی تۆفیق، حەسەن قزڵجی، دڵێکە لەلێدان ناکەوێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ١٩٩٧/٢/١٩.

---

[40] کەریم حیسامی، شەهیدی نەمر حەسەن قزڵجی، گۆڤاری پەیڤ، لەندەن، ژمارە ٣، ١٩٨٦، ل٣١٠.

[41] خاطرات نورالدین کیا نوری، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٧٢، ص٥٣٢ ـ ٥٣٣.

[42] جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا - هیڤی، ژمارە ٤، سێپتێمبەری ١٩٨٥، ل١٠.

٢. جوتیار حاجی تۆفیق، کورتەیەک لە ژیانو بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠٠٠ ، ل٨٢ ـ ٩٢. {ئەم گۆڤارە لەستۆکهۆڵم، بە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، بەپیتی لاتینی دەردەچێت}.

* لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ دا سەرلەنوێ ئەم لێکۆڵینەوەیەم نوسیوەتەوە.

* لە گەلێک ڕووەوە سودم لە کتێبی (سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، ئامادەکردنی: موحسین قزڵجی، سەرپەرشتیکردنی: سدیق ساڵح، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٥٤٦ لاپەڕە) وەرگرتوە.

# هێمن



هێمن ناوی محەمەد ئەمین کوڕی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکرییە، دایکی ناوی زەینەب کچی شێخی بورهانە. هێمن لە شەوی ٤ لەسەر ٥ی مانگی مای ساڵی ١٩٢١ لە گوندی «لاچین»ی نزیک شاری مەهاباد لەدایکبوە. هەر بە منداڵی دەخرێتە بەرخوێندن و چەند ساڵ لە قوتابخانەی «سەعادەت» لە شاری مەهاباد دەخوێنێت.

ئنجا باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێت و دەینێرێت بۆ خانەقای شێخی بورهان بەمەبەستی ئەوەکە لە دواڕۆژدا ببێتە مەلا و جێی «مەلا جامی» باپیرە گەورەی بگرێتەوە.

چوار ساڵ لە خانەقا دەخوێنێت. لەوێ چاووگوێی دەکرێتەوە. لەگەڵ زۆر کەس دەبێتە دۆست و ئاشناو گەلێک کەسی ڕوناکبیرو تێکۆشەرو شاعیر دەناسێتو بە دیداریان شاد دەبێت.

پاشان باوکی دەینێرێت بۆ گوندی کولیجە و لەوێ لای مامۆستا «مەلا ئەحمەد فەوزی» درێژە بەخوێندن دەدات. ساڵو نیوێکیش لای فەوزی دەخوێنێت و لەوەوە شارەزایی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکات و هەستی شاعیریی چەکەرە دەکات. فەوزی خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوە لە ناخیدا دەچێنێت.

ساڵی ١٩٣٨ کە تەمەنی دەگاتە ١٧ ساڵی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شیلانئاوێ. بە ڕۆژ لەگەڵ باوکیدا بە کشتوکاڵ و شەوانیش خۆ بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسییەوە خەریکدەکات. وردە وردە هاتوچۆی مەهاباد دەکات و لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی هوشیار و ئازادیخواز دەبێتە هاوڕێ. ئەو لاوانە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییان گیردەکەوێت و بۆ خوێندنەوە دەیاندەن بە هێمنیش.

ساڵی ١٩٤١ لەپاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا دەست بە شیعرنوسین دەکات و هێدی هێدی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا دەنوسێتەوە. بەڵام باوکی پێی خۆشنابێت کە کوڕەکەی بە شیعر نوسینەوە خەریک ببێت و ببێتە شاعیر، بۆیە کاتێک دەفتەری شیعرەکانی هێمنی دەکەوێتە دەست، دەمودەست دەیسوتێنێت و لێی زویر دەبێت و سەرزەنشتی دەکات.

ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤١/٨/٢٤ لە کێڵگەکەی خۆیان دەبێت، لەپڕێکدا دو فڕۆکە پەیدا دەبن و بەیاننامە فڕێدەدەنە خوارێ. کاتێک هێمن دانەیەکی لەو بەیاننامەیە دەست دەکەوێت و دەیخوێنێتەوە، دەبینێت بە زمانی کوردی نوسراوە. ئیدی لەخۆشییاندا شاگەشکە دەبێت. لە ناوەرۆکی بەیاننامەکەوە ئەوەی بۆ ڕوندەبێتەوە کە فڕۆکەکان هی دەوڵەتی سۆڤێت بوون و مەبەستیشیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە کە بە خەڵکی

کوردستان ڕایبگەیەنن لەشکری سور هاتوەتە خاکی ئێرانەوەو وا بەرەو ناوچەکانی کوردستان بەڕێوەیە و با خەڵکی کوردستان بە هێزی داگیرکەریان نەزانن و وەک هێزێکی ڕزگارکەر پێشوازییان لێبکەن.

ئیدی یەکێتی سۆڤێت ناوچەکانی سەروی ئێران و دەوڵەتی بەریتانیاش ناوچەکانی خوارو و ناوەڕاستی ئێران دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بەوەش لەشکری دەوڵەتی ئێران لە بەشی سەروی کوردستان دەردەپەڕێنرێت و پاش ساڵەها سەرکوت وکوشتنی بێ ڕەحمانە، خەڵکی ئەو ناوچانە بە ئازادیی لە وڵات و شوێنی خۆیاندا دەژین.

ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٢/٨/١٦ دەستەیەک لە کەسە ڕوناکبیرو چالاکەکانی شاری مەهاباد، کۆمەڵەی ژ. ک. «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» دادەمەزرێنن. «حوسێن فروهەر» بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵدەبژێرن. لەو ڕۆژانەدا هێمن لە تەورێز دەبێت. کاتێک بۆ مەهاباد دەگەڕێتەوە، لەڕێگای «عەبدولڕەحمان زەبیحی»یەوە و لە ماڵی حوسێن فروهەر پەیوەندیی بە (کۆمەڵەی ژ. ک.)ەوە دەکات و ناوی نهێنیی (هێمن) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و ژمارەی ئەندامێتیشی (٥٥) دەبێت.

لە کۆبونەوەی ئاپریلی ١٩٤٣دا کە لە بناری چیای خواپەرست سازدەدرێت، کۆمەڵەی "ژ. ک" بڕیاردەدات کە ئۆرگانی خۆی بە ناوی (نیشتمان)ەوە دەربکات. هێمن وەک ئەندامێکی بەدیسیپلین و وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمانەوە هەتاکو دوا ژمارەی بە شیعر و وتار بەشدارییدەکات. کاتێکیش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ.ک. «حیزبی دیموکراتی کوردستان» دادەمەزرێنرێت، هێمن لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا تێکۆشانی خۆی درێژەپێدەدات. دواتریش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان دا وتار و شیعر دەنوسێت و ئەرکە حیزبییەکانی خۆیشی ئەنجام دەدات. هەروەها لە بۆنە و کۆبونەوەکاندا بەردەوام شێعر دەخوێنێتەوە و جۆشوخرۆش دەخاتە ئەو بۆنانەوە.

لە ١٩٤٦/١١/١٦ دا هێمن لەگەڵ کچی خاڵی خۆی بەناوی «ئایش» زەماوەند دەکات و خێزان پێکدێنێت. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێت کە ناوی دەنێن سەلاح.

مانگێک دوای زەماوەندی هێمن، کۆماری کوردستان دەڕوخێت، بەوەش نائومێدی باڵ بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ژێر سایەی کۆمار بەتایبەتی دەکێشێت. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧ سوپای داگیرکەری ئێران دەگەڕێتەوە شاری مەهابادو شارو گوندە ئازادکراوەکانی دیکە. سوپای داگیرکەری ئێران وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی دەست بە گرتن و ڕاونانی تێکۆشەران و ڕوناکبیران دەکاتەوە.

هێمن لەو دەمەدا خۆ دەگەیەنێتە لای خاڵی (شێخ محەمەد کوڕی شێخی بورهان)و لە خانەقای شێخی بورهان دەمێنێتەوە. بەو جۆرە لە گرتن و زیندان ڕزگاری دەبێت. لە خانەقا توشی نەخۆشی کەوتویی دەبێت و دو مانگ لەجێدا دەکەوێت. دوایی تاڕادەیەک باش دەبێت و دەچێتەوە گوندەکەی خۆیان و لە نێو خێزان و کەسوکاریدا ماوەیەک دەگوزەرێنێت.

ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٣١ لەکاتێکدا کە هێمن لە ماڵی خۆی خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبێت، هەواڵ لە گوندەکەیاندا بڵاودەبێتەوە کە قازی محەمەدو سەدری برای و محەمەد حوسێنی ئامۆزای، لە مەهاباد لەسێدارە دراون. ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە کار لەناخی هێمن دەکات و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروست دەکات. سێ ڕۆژ دواتر، لە ١٩٤٧/٤/٣دا هێمن لەگەڵ کەسێکی هەژار و تێکۆشەری هاوڕێیدا بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ بەڕێدەکەون. کاتێک هێمن دەگاتە نێو قەڵادزێ، دەمودەست پۆلیس دەیگرێت. دو کەس بەبێ ئەوەی هێمن بناسن بۆی تێدەکەون و لەچنگی پۆلیس ڕزگاریدەکەن. یەکێک لەو دو کەسە مەلایەک دەبێت، هێمن دەباتە لای خۆی و ماوەیەک وانەی پێدەڵێتەوە و لای خۆی دەیپارێزێت. دوای ماوەیەک بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاڕادەیەک ئارام دەبێتەوە. ئیدی هێمن بۆ ناو کەسوکاری خۆی دەگەڕێتەوەو دەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دەکاتەوە.

لەو دەمەدا حیزبی تودەی ئێران بە ئاشکرا خەبات دەکات و گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاودەکاتەوە. هێمن لە پاڵ ئیشوکاری ڕۆژانەیدا بە خوێندنەوەی ئەو چەشنە بڵاوکراوانەوە خۆی سەرگەرمدەکات. هاوکات دەستە لاوێک بە هاوکاری و ڕێنوێنیی حیزبی تودەی ئێران، وردە وردە حیزبی

دیموکراتی کوردستان زیندوەکەنەوە. هێمنیش ئەوەندەی دەرفەتی دەبێت هاوکار و هاوبیری ئەو لاوانە دەبێت و پشتیوانیی خۆی بۆیان دوپات دەکاتەوە.

ڕۆژی ١٩٤٩/٢/٤ حەمە ڕەزا شا بەشداریی لە یادی دامەزراندنی دانشگای حقوق لە تاران دەکات. لەناوەختێکدا لاوێک بەناوی ناسر فەخرارایی شا دەداتە بەر گولــلـە و بریندار ی دەکات. هاوکات پاسەوانەکانی شا دەستڕێژ لەو لاوە دەکەن و بەسەختیی بریندار ی دەکەن و پاش چەند سەعات دەمرێت. هەر ئەو ڕۆژە بە ئاشکرا حیزبی تودەی ئێران تاوانبار دەکرێت و شالاوی گرتن و ڕاونانی ڕابەران و ئەندامانی ئەو حیزبە لەسەرتاسەری ئێراندا دەست پێدەکات. گرتن و زیندانی کردنی ڕوناکبیران و تێکۆشەران، کوردستانیش دەگرێتەوە. گەلێک کەس دەگیرێت و هەندێکیش دیسان ئاوارە دەبنەوە. هێمن وەک سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی کورد، ماوەیەک خۆی دەشارێتەوە.

لەو سەروەختەدا لە ئێراندا گرانی دادەکەوێت و ژیانی هەزارەها خێزان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەبرسا مردن. هێمن بەچاوی خۆی زۆر دیمەنی تراژیدی و دڵتەزێنی ئەو ڕۆژانە دەبینێت و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. خۆی و کەسوکارەکەی ئەوەندەی لە توانایاندا دەبێت بەپیر ئەو خەڵکە برسییانەوە دەچن کە ڕوو لە گوندەکەیان دەکەن. فریایان دەکەون و تێریان دەکەن.

ساڵی ١٩٥١ بزوتنەوەی خۆماڵی کردنی نەوتی ئێران بە ڕابەریی دوکتۆر موسەددەق پەرەدەستێنێت و پەل بۆ گشت شار و شارۆچکەیەکی ئێران دەهاوێت. لە ١٩٥٢/٧/٢٢دا دوکتۆر موسەددەق دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێران و خەڵک پشتیوانیی خۆیان لە حکومەتەکەی دەردەبڕن. بەوەش جێ بە شاو دارودەستەکەی لەق دەبێت. وردە وردە هەلومەرجێکی تاڕادەیەک ئازاد و دیموکرات لە ئێراندا جێگیر دەبێت. لە کوردستانیش هێدی هێدی چالاکی سیاسیو ڕۆشنبیریی دەست پێدەکاتەوەو لاوانو ڕوناکبیرانی کورد بە نهێنی و نیمچە ئاشکرا دەکەونە کارکردن. هێمن هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕوناکبیر و تێکۆشەرانە هاودەم و هاوبیر دەبێت. بەلام ئەو لەوەدا لەگەڵیان ناکۆک دەبێت کە ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بە زمانی کوردیی گۆڤارو ڕۆژنامەو

بڵاوکراوه دەربکەن و لەو هەلومەرجەدا بە کارێکی گرنگی نازانن. هێمن ڕێنوێنییان دەکات و هانیاندەدات هەرچی زوە گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردیی دەربکەن و لە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاویانبکەنەوە. سەرەنجام دەستەیەک لەو لاوە تێکۆشەرانە بۆچونەکەی هێمن دەسەلمێنن و بڕیادەدەن کە دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بکەن. بەڵام بەر لەوەی کە ئەوان یەکەم هەنگاو بنێن، ڕۆژی ١٩٥٣/٨/١٩ کۆمەڵێک ئەفسەری بەکرێگیراو بەپاڵپشتیی ئەمەریکاو بەریتانیا کودەتایەک لە دژی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق بەرپا دەکەنو جارێکی دیکە حەمەڕەزا شا بۆ سەر حوکم دەگێڕنەوە. بە گەڕانەوەی حکومەتی شا، گرتن و ڕاونانی ئازادیخوازان دەست پێدەکاتەوە. هێمن وەک سەدان لاوی تێکۆشەری کورد، جارێکی دیکە خۆی دەشارێتەوە. پاشان هەرچۆنێک بێت دەچێتەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆی. بەڵام هەمیشە لە ژێر چاوی پۆلیسدا دەبێت و گەلێک جار ئەمسەر و ئەوسەری پێدەکەن.

هەر لەو ساڵانەدا دوچاری نائومێدی و ڕەشبینیی دەبێت و ماوەی چەند ساڵ پێوەی دەتلێتەوە. ئەوەش وای لێدەکات کە هێزو توانای دەربڕین و شیعرنوسینی نەمێنێت و ژیانێکی گۆشەگیرانە بۆخۆی هەڵبژێرێت.

ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و دەستەیەک لاوی شۆڕشگێڕ خەباتی سیاسی و چەکدارییی پێکەوە گرێدەدەن و لەبەرامبەر لەشکری داگیرکەری دەوڵەتی شادا دەست بە شەڕی پارتیزانیی دەکەن. لە هەندێک لەو شەڕو پێکدادانانەدا چەند لاوێکی ئازاو ڕوناکبیر شەهید دەبن و تەرمەکانیان دەکەوێتە دەست ژاندارمەکانی ڕژێمی شاو زۆر دڕندانە بەسەر جادەو شەقامەکاندا ڕایاندەکێشن و بێحورمەتییان پێدەکەن.

ئەم چەشنە دیمەنە جەرگبڕانە لە چەند ناوچە و شوێنی کوردستان دوبارە دەبنەوەو لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕق و بێزاریی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی.

هێمن وەک هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد، بەو هەواڵانە خەم و پەژارە دایدەگرێت. هاوکات کۆمەڵێک لاوی هوشیار خۆ لە هێمن و گەلێک ڕوناکبیری دیکە نزیک دەکەنەوەو هێزو تین بەبەریاندا دەکەنەوە و بەرەو تێکۆشان

هانیاندەدەنەوە. هێمن زوو دێتەوە سەر خۆو لە جاران شێلگیرتر دەستبە تێکۆشان دەکاتەوە. سەرنجام ماڵ و منداڵی خۆی جێدەهێڵێت و ڕو لە چیاکانی کوردستان دەکات. ماوەیەک لەگەڵ هەژار پێکەوە دەژین. پاشان بڕیاردەدات کە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداتەوە. کادیرو ئەندامانی ئەو حیزبە بە سنگ فراوانییەوە پێشوازیی لێدەکەن.

لە مانگی جونی ١٩٦٩دا کۆنفرانسی دوەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندێکی نزیک قەڵادزێ دەبەسترێت. هێمن یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت و لەگەڵ چەند کەسی تێکۆشەری دیکەدا تێدەکۆشێت بۆ وەلانانی کێشە شەخسی و لاوەکییەکان و وەگەڕخستنەوەی حیزبەکە. هەر لەوێشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

پاش چەند مانگ لە کارکردن و چالاکیی، دەست بەدەرکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەکەنەوەو لە جێنیوەری ١٩٧٠ دا یەکەم ژمارەی دەردەکەن.

هەر لەو دەمانەدا، لە باشوری کوردستان، «یەکێتی نوسەرانی کورد» دادەمەزرێت. هێمن وەک شاعیرو نوسەرێکی خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر بە ئەندام وەردەگیرێت و لە زۆربەی کۆڕو کۆبونەوە و بۆنەکانی ئەو ڕێکخراوەدا هەڵدەسوڕێت و لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشیدا شیعرو وتاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.

ڕۆژانی ٢١- ١٩٧١/٦/٢٤ لە شاری کۆیە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت، لەو کۆنفرانسەدا هێمن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی حیزبەکە هەڵدەبژێررێت. هاوکات کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب پێکدەهێنرێت و هێمن یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دەبێت.

ساڵی ١٩٧٣ هێمن دەبێتە ئەندامی «کۆڕی زانیاری کورد»و چەند کاری بەنرخ ئەنجام دەدات، کە یەکێکیان ساغکردنەوەی تێکستەکانی کتێبی (تحفه مظفریه) دەبێت کە کاتی خۆی «ئۆسکارمان» کۆیکردبوەوە.

ڕۆژی ۱۹۷۳/۹/۲۲ کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بەغداد دەبەسترێت. سەرەتا هێمن وەک بەتەمەنترین ئەندامی بەشدار، لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بەنرخ دەخوێنێتەوە. پاشتریش لە کاروبارەکانی کۆنگرەکەدا چالاکانە بەشداریی دەکات. لەکۆتایی کۆنگرەکەشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

کۆتایی ساڵی ۱۹۷۳ دەست بە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی لێدەخاتە سەر کاغەز. لە ۱۹۷٤/۱/۲٤دا لە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە. پاشان دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو شیعرەکانی دەخوێنێتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت و شایستە دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەنوسێت. ئیدی هەمو ئەمانە پێکەوە لە هاوینی ساڵی ۱۹۷٤دا لە کتێبێکدا بە ناوی (تاریک و ڕوون)ەوە چاپدەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد. کتێبی (تاریک و ڕوون) لەلایەن لاوان و ڕوناکبیرانەوە دەقۆزرێتەوەو وەک دیارییەکی بەنرخ دەیخوێننەوە و وتوێژی لەسەر دەکەن. هاوکات چەند نوسەرو شاعیر بیروڕای خۆیان دەربارەی دەنوسن و مشتومڕێکی گەرم دەخولقێنێت.

سەرەتای ساڵی ۱۹۷۸ جوڵانەوەی جەماوەریی دژ بە ڕژێمی حەمە ڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا، دەستپێدەکات و زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوەو مەرگی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە.

هێمن وەک هەر تێکۆشەرێکی کوردی ئاوارە، حەزی گەڕانەوە بۆ نێو کەسوکار و خێزانی خۆی، دەکەوێتە سەری. هەر لەو دەمانەشدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستە دەستە ئەندامەکانی خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکاتەوە. ئیدی هێمنیش بڕیاری خۆی دەدات و لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەڕێدەکەون.

ڕۆژی ۱۹۷۹/۲/۱۸ لە ئۆردوگای «بەستەسێن»ی نزیک قەلادزێ لەماڵی دۆستێک دەمێننەوە. بۆ شەوەکەی بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ. ڕۆژی ۱۹۷۹/۲/۲۰ دەگەنە سەردەشت و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمدا، لەماڵی چەند دۆست و ناسیاو دەمێنێتەوە. هاوکات تەلەفون بۆ مەهاباد دەکەن و هەواڵی

گەڕانەوەی هێمن بە کەسوکاری و خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیەنن. ئەو هەواڵە خۆشە لەو دەمەدا زۆر بە خێرایی لە نێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. دەستە دەستە لاوان و ڕوناکبیران و خەڵک خۆ سازدەدەن بۆ پێشوازییکردن لە هێمن. دەمودەست «سەلاح»ی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و دۆست بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٩٧٩/٢/٢١ هێمن لە گەڵ خزم و کەسەکانی و کۆمەڵێک لە خەڵکی سەردەشت بەرەو مەهاباد بەڕێدەکەوێت، کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک بە ئوتومبیل دێن بەپیریەوە و دەیکەنە ڕۆژی شایی و ئاهەنگ. دەمەو عەسری ئەو ڕۆژە کاتێک کەژاوەی ئوتومبیلەکان دەگەنە «تاقەدار»ی نزیک مەهاباد، تێکەڵ بە کۆڕی شیعرخوێندنەوەو شایی و هەڵپەڕکێ دەبن و هەمو بەچاوی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە پێشوازیی لە هێمن دەکەنو بۆ ناو مەهابادی دەبەنەوە.

چەند ڕۆژ کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە خەڵک لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ سەردانی هێمن بەرەو مەهاباد دەچن و بەردەوام ماڵی هێمن پڕ لە میوان و دۆستان دەبێت.

ئیدی لەو ساتەوە ماڵەکەی وەک بنکەیەکی ئەدەبیی لێدێت و دەبێتە جێی شیعرو باسی ئەدەبیو شوێنی بەیەک گەیشتنی ئەدیبان و ڕوناکبیران.

ڕۆژی ١٩٨٠/٢/١٩ لە شاری مەهاباد چوارهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت. هێمن لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی دەکات. لەکۆتایی کۆنگرەکەدا بە ئەندامی کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێردرێت.

لە سەرەتای مانگی جونی ١٩٨٠دا چەند ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە هاندان و ڕێنوێنیی حیزبی تودەی ئێران، بەیاننامەیەک دەردەکەن و جیابونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنن. هێمن، یەکێک دەبێت لەو ئەندامانەو بەهەر هۆیەک بێت پشتگیرییان دەکات. ئەم دەستەیە پاشتر بە ناوی (تاقمی حەوت کەسی)یەوە ناویان بڵاودەبێتەوە.

زۆر نابات هێمن بڕیار دەدات کە خۆ لە کاری حیزبایەتی بدزێتەوەو لە بواری ئەدەب و نوسیندا خزمەتی نەتەوەکەی بکات. بەدرێژایی ساڵانی ١٨٧٩-١٩٨٦ هێمن لە زۆربەی کۆڕ و کۆبونەوەو بۆنەکاندا، لە شارەکانی سنە، کرماشان، ورمێ و مەهاباد...دا چالاکانە بەشداری دەکات و بەشیعرو وتاری جوان ئەو بۆنانە ڕازاوە دەکات.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ چەند شاعیر و نوسەردا وتوێژ دەکات و پێیان دەڵێت با بەهەمومان هەوڵبدەین دەزگایەکی چاپەمەنی ساز بکەین و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی کوردیی تیا چاپبکەین. هەر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەندین کاربەدەستی حکومەتی ئێراندا قسەوباس دەکات و هەوڵدەدات کە ڕەزامەندیی ئەوان بەدەستبێنێت. ئەم وتوێژ و هەوڵانە درێژەدەکێشێت و حکومەتی ئێران بە بیانوی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام هێمن و هاوکارەکانی کۆڵنادەن، تا سەرەنجام بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بنکەیەک بەناوی (ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی) لە ورمێ دادەمەزرێنن و گۆڤارێک بە ناوی «سروە»وە دەردەکەن. هەتاکو هێمن خۆی لە ژیاندا دەبێت، چوار ژمارە لەو گۆڤارە دەردەکەن، پاشتریش کەریمی قەیومی و چەند نوسەر و شاعیری دڵسۆز لەسەر دەرکردنی سروە بەردەوام دەبن. ئنجا دەست بەچاپکردنی هەندێک کتێب دەکەن و وردە وردە کارەکانیان گەشەپێدەدەن و بەنیازدەبن زیاتریش گەورە و فراوانی بکەن. بەڵام لەگەرمەی کارکردنیاندا، شەوی ١٨ لەسەر ١٩٨٦/٤/١٩ لە شاری ورمێ هێمن کۆچیدوایی دەکات. بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٩٨٦/٤/١٩ تەرمەکەی بەرەو مەهاباد بەڕێدەکرێت. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە مەراسیمێکی پڕ شکۆداو لە نێو ئاپۆرەی جەماوەردا لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان دەنێژرێت.

بۆ نوسینی ئەم کورتە بیۆگرافیایەی هێمن، سودم لەم کتێب و وتارو لێکۆڵینەوانە وەرگرتوە:

(١) هێمن، (لە کوێ وە بۆ کوێ؟)، تاریک و ڕوون، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٧٤.

(٢) هێرش (سلێمانی چیرە)، هێمن و من، سوید، ١٩٩٢.
(٣) کەریمی حیسامی، یادی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی نوێ، سوید، ١٩٨٧.
(٤) کەریمی حیسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٧٠ - ١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠. (هەروەها سودم لە بەرگەکانی پاشتریش وەرگرتوە).
(٥) ناسری ڕەزازی، یادێک لە مامۆستا هێمن، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٢٢، هاوینی ١٩٩٤، ل ٦٩ - ٧٦.
(٦) شەوی شین - وتووێژ دەگەڵ خێزانی مامۆستا هێمن، ئامادەکردنی: مێهری پاکزاد، نوسینەوە و پێداهاتنەوەی: هێدی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٥، بەهاری ١٩٩٧، ل٤٩ - ٥٢.
(٧) وتووێژێکی بڵاونەکراوە دەگەڵ مامۆستا هێمن، پێشەکی: ئەحمەد شەریفی، ئامادەکردنی: سەید سمایلی حوسێنی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٣، بەهاری ١٩٩٩، ل ٣٧ - ٤٢.

# عەزیزی یوسفی



عەزیزی یوسفی ساڵی ١٩٢٧ لە شاری مەهاباد لە خێزانێکی کوردپەروەردا لەدایکبوە. هەمو ژیانی خۆی لە تێکۆشان و زیندانا بەسەربردوەو نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی کە بۆخۆی بژی و وەک خەڵکی ئاسایی خێزان پێکبێنێت و ماڵ و منداڵی ببێت. لە زینداندا دەبێت کە دایک و باوکی کۆچی دواییدەکەن و لە مردنی هیچ کامیان ئاگادار نابێت.

ڕۆژی دو شەممە ١٩٤٩/١/١٠ عەزیزی یوسفی دەگیرێت و دەخرێتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە. چوار ساڵ لە زینداندا دەمێنێتەوە. پاش ئازاد بونی سەرسەختانەتر لە جاران دەچێتەوە کۆڕی تێکۆشان و درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات.

ڕۆژی سێ شەممە ١٩٥٩/٨/٤ جارێکی دیکە دەگیرێت و زۆر بە سەختی ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت. پاشان حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەکرێت. لە ڕۆژی سێ شەممە ١٩٦٠/١١/٢٩ بە بۆنەی لەدایکبونی ڕەزا (کوڕی محەمەد ڕەزا شا)وە بڕیاری لێبوردن بۆ زیندانییەکان دەردەکرێت و حوکمەکەی ئەویش لە ئیعدامەوە دەکرێت بە زیندانی هەتاهەتایی. پاش بەسەربردنی ٢٥ ساڵ لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، ڕۆژی یەک شەممە ١٩٧٦/٣/٢١ ئازاد دەکرێت.

عەزیزی یوسفی «دوای ئازادبوونی لە زیندان، لە (ئینتیشاراتی روز) کە خاوەنەکەی کوردێک بوو بە ناوی قوبادی، کاری ئێدیتۆری دەکردو سەرەڕای توندوتیژیی نەخۆشییەکەی بەردەوام بوو لەسەر کاری وەرگێڕانەوە و ئێدیت کردنی کتێبی جۆراوجۆر». {قاسمی چیرە، ئاخرین ساتەکانی ژیانی عەزیزی یوسفی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٠، هاوینی ١٩٩٨، ل ٦١}.

ڕۆژی شەممە ١٩٧٨/٦/٣ لە تاران دڵی عەزیزی یوسفی لەلێدان دەکەوێت و بۆ دواجار چاولێکدەنێت. ڕۆژی دواتر بەشێکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتوی تاران و گەلێک ڕوناکبیر و تێکۆشەری فارس بە ئەوپەڕی ڕیز و شکۆوە تەرمەکەی بەرەو شاری مەهاباد بەڕێدەکەن. خەڵکی شاری مەهاباد و دەوروبەری دەچن بە پیری تەرمەکەیەوە و پێشوازییەکی گەرمی لێدەکەن. ڕۆژی دو شەممە ١٩٧٨/٦/٥ لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا لە گۆڕستانی گونبەزان بە خاک دەسپێردرێت. سێ ڕۆژ لە شاری مەهاباد پرسەی بۆ دادەنرێت و لە گشت لایەکەوە خەڵک ڕو لە مەهاباد دەکەن و هاوخەمی و هاودەردیی خۆیان بۆ لەدەستدانی ئەو مرۆڤە سەربەرز و هەمیشە زیندوە دەردەبڕن. ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٧٨/٦/٨ بە سەرپەرشتیی دەیان ڕوناکبیر و تێکۆشەری نەتەوەکەمان، میتینگێکی جەماوەریی فراوان لەسەر ئارامگاکەی سازدەکرێت

و چەند وتارو شیعری بەنرخ دەخوێنرێتەوە و پاشان میتینگەکە دەبێتە خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە.

عەزیزی یوسفی لە زینداندا خۆی بە خوێندنەوەوە سەرگەرم دەکات. پاشان بیر لەوە دەکاتەوە کە کاتەکەی لە زینداندا سودێکی گشتیی تێدابێت و دەست دەکات بە وەرگێرانی چەند بەرهەمێک، بە نیازی ئەوەی کە ڕۆژێک لە چاپ بدرێن و خەڵک سودیان لێببینێت.

یەکێک لە نوسینەکانی عەزیزی یوسفی نامیلکەیەک بوە کە ساڵی ١٩٥٥ نوسیویەتی و تیایدا باسی ئەوەی کردوە کە پێویستە حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی لە حیزبی تودەی ئێران جیابکاتەوە و وەکو حیزبێکی سەربەخۆ کاربکات و بەهیچ جۆرێک خۆی بە بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی (حیزبی تودەی ئێران)ەوە نەبەستێتەوە. ئەم نوسراوەی عەزیزی یوسفی دراوە بە ئەندامە چالاکەکانی ئەودەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وتوێژی لەسەر کراوە و لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندێکی نزیک لاجان بەستراوە، وەک بیروڕای خودی حیزبی دیموکراتی کوردستان قبوڵکراوە.
{دەربارەی ئەم نوسراوە بڕوانە: جەلیل گادانی، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ساڵی ٢٠٠٠ چاپکراوە، شوێنی چاپی لەسەر نەنوسراوە، لاپەڕە ٢٣ و ١٢٣}.

بۆ ژیاننامەی عەزیزی یوسفی بڕوانە:

١. قاسمی چیرە، ئاخرین ساتەکانی ژیانی عەزیزی یوسفی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٠، هاوینی ١٩٩٨، ل٦١ ـ ٦٢.
٢. خاطرات صفرخان (صفرخان قهرمانیان) در گفتوگو با: علی اشرف درویشیان، تهران، ١٣٧٨.
٣. غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک - بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم -، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧.

# سەید محەمەد حەمیدی



سەید محەمەد حەمیدی کوڕی عەبدوڵلا کوری سەید فەیزوڵلا کوڕی سەید شوکوروڵلای پارسانیایە، لە ١٩٠٣دا لە گوندی شالوجەی سەقز لە دایک بوە. لە ڕۆژی ٢٧ـ ٤ـ١٩٧٩ دا لە شاری سنە کۆچیدواییکردوە و لە گۆڕستانی شێخ محەمەد باقری غیاسی نێژراوە.

سەید محەمەد حەمیدی یەکێکە لە هەزاران ڕوناکبیر و تێکۆشەری گومناوی نەتەوەکەمان! (دەربارەی بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل١٧ هەتاکو ل٢١).

سەعید ناکام، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوەی کردوە کە ساڵی ١٩٤٦ بۆ بەشداریی لە کۆماری کوردستان چوەتە مەهاباد و لەوێ گیرساوەتەوە و لە چاپخانەکەدا دەستبەکار بوە. پاشان سەید محەمەدی حەمیدی (سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردستان) پێشنیاری کردوە کە سەعید ناکام جێگای بگرێتەوەو خۆیشی بچێتەوە سەر کاری پێشوی لە فەرمانگەی ئامار. دوایی سەرۆک کۆماری کوردستان «قازی محەمەد»، پێشنیارەکەی پەسەند کردوە و سەعید ناکام بوەتە سەرنوسەری ڕۆژنامەکە. {بڕوانە: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤ هەروەها پەراوێزی لاپەڕە ١٦}.

# سدیق ئەنجیری ئازەر



سدیق ئەنجیری ئازەر ساڵی ١٩٢٤ لە شاری مەهاباد لەدایکبوە. باوکی ناوی حەمەڕەسوڵ و دایکی ناوی ئایشێ خاتون بوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لاوێکی چالاک و تێکۆشەر بووەو وەک کەسێکی خاوەن بیروباوەڕی مارکسی ناسراوە. لەو دەمانەدا کەڵکەڵەی دەرکردنی گۆڤارێکی پێشکەوتنخواز کەوتوەتە مێشکییەوە. سەرەنجام بە هاوکاریی چەند شاعیر و نوسەرێک گۆڤاری «هاواری نیشتمان»ی دەرکردوە.

پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان خۆی گەیاندوەتە تاران و لە گوندی (گلندوک) کە دەکەوێتە نزیک تارانەوە، بوەتە مامۆستا و بەوجۆرە خۆی گوم کردوە و لەگرتن و زیندان ڕزگاری بوە. لەو دەمانەدا چالاکانە لەنێو حیزبی تودەی ئێراندا تێدەکۆشێت. پاشان وازی لە کاری مامۆستایی هێناوە و بوەتە کارمەند (فەرمانبەر) لە وەزارەتی فەرهەنگ. چەند ساڵێک پاش لەناوچونی کۆمار بەهاوکاریی حیزبی تودەی ئێران، لەگەڵ چەند کەسی تێکۆشەری دیکەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانیان زیندوکردوەتەوە. تا لە مانگی ئاپریلی ١٩٥٤دا توانیویانە دەستبکەنەوە بە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

ئیدی هەر لە تاران ژیاوە هەتاکو ساڵی ١٩٦٤. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٤دا لەسەر داوا و پێشنیاری « سلێمانی معینی» بۆ بەشداریی لە دوەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە تارانەوە هاتوەتە ناوچەی قەڵادزێ و یەکێک بوە لە ڕێکخەرو سەرپەرشتیکەرانی کۆنگرەی دوەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دواتر نەیتوانیوە بگەڕێتەوە و ویستویەتی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات. لە سەرەتای مانگی مای ١٩٦٦ بەبڕیاری ئەحمەد توفیق «عەبدوڵای ئیسحاقی» و بەدەستی سەید حەسەن (برازای ئەحمەد تۆفیق) تیرۆرکراوە. چەند کەسی دیکەش دەستیان لەوکارە تیرۆریستییەدا هەبوە کە هەندێکیان مردون و ئەوانی دیکەش لە ژیاندان!

## صارم الدین صادق وەزیری



صارم الدین یان صارم خان صادق وەزیری ڕوناکبیرو تێکۆشەرو سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوی کوردە. ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٢١/٦/٢ (١٢ی خردادی ١٣٠٠) لە شاری سنە لەدایکبوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سنە، ئامادەییشی لە شاری تەورێز تەواوکردوە.

دواتر ماوەی ساڵێک بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی سنە بوە. ئنجا لە کۆلێژی حقوق وەرگیراوە و پاش چەند ساڵ بوەتە دادوەر و گەلێک پۆستی جودا جودای دادوەریی وەرگرتوە. ساڵی ١٩٤٩ بوەتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران. هاوکات یەکێک بوە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی میللی بۆ خەبات لە دژی ئیمپریالیزم و کراوەتە سەرنوسەری ئۆرگانی کۆمەڵەکە کە

ناوی (شهبان) بوە. ساڵی ١٩٥٢ کۆمیتەیەک بە ناوی (کۆمیتەی ئازەربایجان و کوردستان - کاک) لەلایەن سەرکردایەتیی حیزبی تودەی ئێرانەوە دادەمەزرێت کە لە سێ کەس پێک دێت. صارم خان یەکێک لەو کەسانە دەبێت و دەکرێتە بەرپرسی کۆمیتەی کوردستان. دواتر حکومەتی ئێران دەیگرێت و دەیخاتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە. پاش چەند ساڵ زیندان، لەبەر سەرسەختی و چاونەترسیی حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەکرێت. دواتر بە هەوڵوکۆششی کۆمەڵێک مافناس حوکمەکەی بۆ دەکرێت بە زیندانی هەتاهەتایی و پاش چەند ساڵێک بە سەختیی نەخۆش دەکەوێت و دواتر ئازاد دەکرێت. کاتێک لە زیندان دێتە دەرێ، سەرباری نەخۆشیی لە تێکۆشان کۆڵنادات. ساڵی ١٩٧٨ یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرەکانی (بەرەی دیموکراتیی ئێران). پاش ڕوخان و لەناوچونی حکومەتی شای ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، صارم خان بەگەرمی تێدەکۆشێت بۆ چەسپاندنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە دەستوری حکومەتی ئێراندا. دواتر دەکەوێت ژێر فشار و زەبروزەنگی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە ناچاری پەنا بۆ وڵاتی سویسرا دەبات و تا ئێستا لەوێ ژیان بەسەردەبات. شایانی باسە کە صارم خان لە گەلێک گۆڤار و ڕۆژنامەی سەنگینی کوردی و فارسیدا کاری کردوە و بە سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و بابەتی یاسایی و سیاسی و هی دیکەی بڵاوکردوەتەوە.

## کەریمی حسامی



کەریمی حسامی لە ڕۆژی ١٩٢٧/١/١٠ لە گوندی بەیرەم، سەر بە شاری مەهاباد لەدایکبوە. بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندن و لای چەند مەلای ئەودەمە دەخوێنێت. بە لاوی تێکەڵی جموجوڵی سیاسی دەبێت و دواتر لە ڕیزەکانی

حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تێدەکۆشێت.

یەکێک دەبێت لەو کەسانەی کە ساڵی ١٩٥٣ بەشداریی ڤیستیڤاڵی لاوان لە بوخارست دەکەن. ڕۆژی ١٩٥٤/٧/٦ لەلایەن حکومەتی حەمە ڕەزا شاوە دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. نزیکەی سێ ساڵ لە زیندانەکانی ئێراندا بەسەر دەبات. لە ١٩٥٧/٦/٦دا ئازاد دەکرێت. پاش هاتنەدەری لە زیندان، سەرلەنوێ لەگەڵ ئەندامە چالاکەکانی ئەودەمی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا پەیوەندیی دەبەستێتەوە. هاوکات لەژێر چاودێریی سیخوڕەکانی حکومەتی ئێراندا دەبێت. ئیدی لەگەڵ چەند تێکۆشەری دیکە بەرەو باشوری کوردستان دەڕۆن. نزیکی ساڵێک بە چالاکی سیاسییەوە بەڕێدەکات و دواتر لەژێر فشاری حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا بەرەو چیکوسلۆڤاکیا دەڕوات. پاش نزیکی سێ ساڵ بە ڕێنوێنی حیزبی تودەی ئێران بۆ بولگاریا دەنێردرێت، هەتاکو لەگەڵ حەسەنی قزڵجی و چەند کەسی دیکەدا کار لە ڕادیۆی پەیکی ئێراندا بکات. هەر لەو دەمانەدا لەگەڵ دوکتۆر قاسملو و حەسەنی قزڵجی و چەند کەسێکی دیکە دەستدەکەن بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان». کە هەتاکو ساڵی ١٩٧٠ لەدەرکردنی بەردەوام دەبن. پاش بڵاوبونەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە باشوری کوردستان، تاڕادەیەک دەرفەت بۆ تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەڕەخسێت کە چالاکی سیاسیی دەست پێبکەن.

ئیدی کەریمی حسامی وەک زۆر تێکۆشەری دیکە، بەرەو باشوری کوردستان دەڕوات و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبوژێننەوە. هەر لەو دەمانەدا سێیەمین کۆنفرانسی حیزبەکە دەبەسترێت و ئەو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتر دەفتەری سیاسی هەڵدەبژێردرێت. ئیدی هەتاکو ساڵی ١٩٧٩ کە گەلانی ئێران دژ بە حکومەتی حەمە ڕەزاشا ڕاپەڕین، ماوەیەک لە کوردستان و ماوەیەک لە بولگاریا لای ماڵ و منداڵەکانی بوە. ساڵی ١٩٧٩ بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە و چالاکانە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەکۆشێت. دواتر دیسان بەرەو بولگاریا دەگەڕێتەوە. هەر لەو سەروەختەدا بە بڕیارێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەردەکرێت. ساڵی ١٩٨٦ خۆی و خێزانەکەی لە سوید داوای

مافی پەنابەرێتی دەکەن و هەتاکو ئەودەمی کۆچی دواییدەکات لەوێ دەمێنێتەوە.

کەریمی حسامی، لەبواری نوسیندا لە زۆربەی ڕوناکبیر و تێکۆشەرەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لێوەشاوەتر بوە و گەلێک کتێبی نوسیوە و گەلێکیشی وەرگێڕاوە. بەردەوامیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا وتار و بابەتی جۆراوجۆری بلاوکردوەتەوە. هەتاکو خۆی لە ژیاندا بو (١٠) بەرگی لە بیرەوەرییەکانی بلاوکردەوە.

ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/٦ لە ستۆکهۆلم کۆچی دواییدەکات. ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١٤ بە بەشداریی گەلێک لە کوردەکانی سوید، لە گۆڕستانی تێنستا لە ستۆکهۆلم دەنێژرێت.

## دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە



دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە سالی ١٩١٢ لە گوندی دشە لەدایکبوە. لێکۆلەرو ڕۆژنامەنوس، شارەزای زمان و مێژو و ئەدەبی کوردی و سەردەمێک لە زانکۆی تاران مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بوە. خاوەنی چەندین لێکۆلینەوەی ئەدەبییە. سەرنوسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی «کوردستان»ی تاران بو، کە لە ١٩٥٩/٤/٢٩دا دەستی بە بلاوبونەوە کردو هەتاکو ١٩٦٢/٧/٥ بەردەوام بو. ڕۆژی دو شەممە ١٩٨٤/١١/٢٧ لە تاران کۆچی دواییدەکات. ڕۆژی دواتر لە گۆڕستانی «وەیسولقەرەنی»ی شاری کرماشان دەنێژرێت.

دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی دوکتور محەمەد سدیقی مفتی زادە، بڕوانە:

١ . بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٤٧٥_٤٧٨.
٢ . زانایانی بەناوبانگی کورد محەمەد سەدیقی مفتی زادە، گۆڤاری سروە، ساڵی دوەم، ژ٧، پاییزی ١٣٦٥، ل٢٦_٢٨.
٣. صدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٥١_٣٥٧.



## سلێمانی موعینی

سلێمانی موعینی، ڕۆژی هەینی ١٩٣٣/٢/١٧ (١٣١١/١١/٢٨ هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبوە. سلێمان کوڕی محەمەد ئەمین کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی موعینودەولە، کوڕی حاجی خانەیە. محەمەد ئەمین موعینی (باوکی سلێمان) لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری سابلاغ (مەهاباد) لەدایکبوە. ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ خاتو «زارا قادری» خێزان پێکەوەدەنێن. پاش ساڵێک کوڕێکیان دەبێت و ناوی دەنێن «سلێمان». پاشتر، بەدوای یەکدا سێ کچیان دەبێت بە ناوەکانی: «فاتمە، پەریزاد و ئامین». دوای سێ کچەکان کوڕێکی تریان دەبێت و ناوی دەنێن «سەعید»، بەڵام زیاتر بە «خانە»ی بانگدەکەن.

محەمەد ئەمین لە سەفەر بۆ تەورێز و بەردەوامبونی لە کاری بازرگانیدا، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری تەورێز ژنێکی دیکەش دێنێت کە ناوی «زەری خانم»ە. لەو خانمەیش چوار کوڕ و سێ کچیان دەبێت، کە ئەوانیش: «عەبدوڵلا، جەعفەر، نەوید، مستەفا، سورەییا، ڕەعنا، فەریبا»ن.

محەمەد ئەمین موعینی یەکێک دەبێت لە ئەندامە چالاک و لێهاتوەکانی «کۆمەڵەی ژ.ک». لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پلەی وەزیری ناوخۆی پێدەدرێت و بەبێ ئەوەی هیچ مانگانە و پارەیەک لە حکومەتی کوردستان وەربگرێت، زۆر دڵسۆزانە ئەرکەکانی جێبەجێدەکات. تەنانەت لە باری ئابورییەوە هەمیشە ئەو کۆمەک و یارمەتی پێشکەش حکومەتەکە دەکات. ئەوەی کە لە حکومەتی کوردستان وەری گرتوە، تەنیا یەک «تمەن»ی کاغەزی بوە کە لە دەستی پێشەوای وەرگرتوە و لە هەمو تەمەنی دواییدا ئەو تاک «تمەن»ەی پاراستوە و زۆر شانازیی پێوەکردوە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، محەمەد ئەمین موعینی وەک زۆربەی لێپرسراوان و کاربەدەستانی کۆمار، دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. سەرەتا حوکمی لەسێدارەدان دەدرێت. دواتر کەسوکاری بە ڕازی کردنی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران و دانی پارە و بەرتیل، حوکمەکەی بۆ دەکەن بە زیندانیی هەتاهەتایی. سێ ساڵ لە بەندیخانەکانی مەهاباد، ورمێ و تەورێزدا دەمێنێتەوە و دواییش بۆ شاری شیراز دور دەخرێتەوە. ئەم جارەش بڕێک پارەی لێدەستێنن و لە بری چونی بۆ شیراز، ڕێگای دەدەن لە تاران لەژێر چاودێریدا بژی. لە تاران دوکانێکی کوتاڵفرۆشتنی دەکاتەوە و بەوجۆرە بژێوی خێزانەکەی دابیندەکات. تا لە ساڵی ١٩٥٠دا دەرفەتی بۆ هەڵدەکەوێت و بۆ مەهاباد دەگەڕێنەوە. ئیدی هەر لە مەهاباد دەژی و بەردەوامیش لە ژێر چاودێریی سیخوڕەکانی ڕژێمی ئێراندا دەبێت، تا لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩١/١٢/٢٥ (١٣٧٠/١٠/٤) لە شاری مەهاباد کۆچیدواییدەکات.

سلێمانی موعینی، لە نێو ئەو خێزانە کوردپەروەرەدا چاوی دەکرێتەوە و پێدەگات. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ خویندن دەنێردرێتە شاری تەورێز. دوای ڕوخانی کۆمار و گیرانی باوکی، دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دور دەخرێتەوە، سلێمان لە تاران درێژە بە خوێندن دەدات.

سلێمان لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، تێکەڵ بە دەستە لاوێکی چالاک و کوردپەروەر دەبێت و پێکەوە دەکەونە جموجوڵی سیاسی. هاوکات لە بواری چالاکییە وەرزشییەکانیشدا و لێهاتو و کارامە دەبێت.

ساڵی ١٩٥٣، لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محەمەد موسەدیقدا، سلێمان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپێشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباددا دەگێڕێت.

ڕۆژی ١٩٥٣/٦/١٥ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سلێمان و عەبدوڵڵای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لەگەرمەی کۆبونەوەکەدا کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمنداڵێک بەناوی «حەسەن ڕەمەزانی» شەهید و چەند کەس بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە،ڕێپێوان و بزوتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێدەخەن و بە ئەوپەڕی ڕێز و شکۆوە تەرمی حەسەن بە خاک دەسپێرن.

دوای ڕوخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، شاڵاوی گرتن و ڕاونان دەستپێدەکاتەوە. سلێمان و گەلێک کەسی چالاکی دیکە دەگیرێن. بەڵام کەسوکارەکەی نازانن کە گیراوە. دوای چەند هەفتە،عەبدوڵڵای حەکیمزادە وێنەی سلێمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی ڕژێمدا دەبینێت و بنەماڵەکەیان ئاگاداردەکات. سلێمان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی ١٩٥٧/٣/١ کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردەمە، ئازاد دەکرێت. پاش ئازاد بونی، ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و لەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی «بەحری» دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و بە وێنەگرتنەوە خۆ خەریکدەکەن. پاش ماوەیەک لەوێ ئۆقرەناگرێت و بۆ مەهاباد دەگەڕێتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٩، دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقوڵ، بەناوی «مریەمی عومەری»، زەماوەند دەکات و ساڵی ١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کوڕێک و ناویدەنێن «سیامەند».

هەر لەو ساڵەدا ڕژێمی پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر لاوان و ڕوناکبیرانی کوردستان و گەلێک کەس دەسگیردەکات و لە زیندانەکانیان دەئاخنێت. سلێمان، ماوەیەک خۆدەشارێتەوە. دواتر بڕیار دەدات کە بەرەو باشوری کوردستان بڕوات و لەوێ درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات. ئیدی هەر بە گەیشتنی بۆ ئەوێ، لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامەکانی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەونە کار و حیزبەکە دەبوژێننەوە. هاوکات زۆر دڵسۆزنە و لێبڕاوانە دەکەونە خزمەت کردنی شۆڕشی باشوری کوردستان و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات. پاشان بە مەبەستی دەربڕینی هەستی خۆشەویستیی بۆ شۆڕشی کوردستان، لەگەڵ عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند کەسی دیکە دەستدەکەن بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بەناوی «دیسان بارزانی».

لەو دەمانەدا سلێمانی موعینی و چەند تێکۆشەری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەگەرمیی تێدەکۆشن بۆ ڕێکخستنەوە و بوژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان. تا سەرنجام لەسەر ئەوە ساغدەبنەوە کە کۆنگرەیەک بگرن و تیایدا کێشەکان چارەسەر بکەن و بەرنامەیەکی نوێ و پێشکەوتو بۆ حیزبەکە دابڕێژن. لە ١٩٦٤/١١/٢٠دا لە نزیک گوندی سونێ کە دەکەوێتە باکوری قەڵادزێ، دوەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبونی نزیکەی پەنجا ئەندام، دەگیرێت. سلێمانی موعینی و عەبدوڵلای ئیسحاقی و سدیق ئەنجیری ئازەر و چەند کەسی دیکە ڕۆڵی گەورە لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆنگرەکەدا دەگێڕن. کۆنگرەکە ١٢ ڕۆژ درێژە دەکێشێت و لەسە بەرنامەیەک و هەندێک بڕیار پێکدێن. پاش بەستنی ئەو کۆنگرەیە، کۆمەڵێک کێشەی دیکە لە نێو ڕێزەکانی حیزبەکەدا سەر هەڵدەدات و ئەوەندەی دیکە پشێوی دەکەوێتە نێوانیان.

دواتر سلێمانی موعینی و سمایلی شەریفزادە و مەلا ئاوارەو خەلیل شەوباش و مەلامەحمود زەنگەنە و چەند کەسی دیکە بڕیاردەدەن «کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان» دابمەزرێنن و هاوشانی خەباتی سیاسی، ڕێگای خەباتی چەکدارانەش بگرنەبەر. بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش،

ئاگاداریان دەکاتەوە کە نابێت شەڕ لە دژی حکومەتی ئێران بکەن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی تێکچونی پەیوەندیی شۆڕش بەو حوکمەتەوە.

دواتر چەند دەستە لە ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نهێنی دەچنەوە نێو گوند و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیروباوەڕی کوردایەتی و شۆڕشگێڕیی لە نێو خەڵکدا بڵاودەکەنەوە.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٦دا سلێمانی موعینی بە هاوکاریی چەند پێشمەرگەیەک، دەست دەکات بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بەناوی «ڕۆژ» کە دروشمی «یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی، دیموکراتی - کوردستان خۆ ڕادەپسکێنی و بەسەر هەمو بەرهەڵستێکدا زاڵ دەبیت» لە خۆدەگرێت. ئەو بڵاوکراوەیە وەک ئۆرگانی «کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان» وادەبێت. سلێمان خۆی سەرپەرشتییدەکات و زۆربەی بابەتەکانیشی دەنوسێت. هەتاکو مانگی جێنیوەری ١٩٦٧ لەسەردەرکردنی ئەو بڵاوکراوەیە بەردەوام دەبێت و سێ ژمارەی لێدەردەکات.

لەو سەروەختەدا مریەم خانمی خێزانی سلێمانی موعینی و سیامەندی کوڕیان کە لە گوندی دێرێ دەبن، بە یارمەتیی محەمەد مەلاعەلی بێژوێی دەگەنە گوندی سونێ. سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر سلێمان و لە کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دوریبخاتەوە، خێزان و کوڕەکەی دەگرێت و لە سەنگەسەر دەسبەسەریان دەکات. لەو ژیانی دەستبەرییەدا لە گوندی سەنگەسەر دوەمین منداڵیان کە سامڕەندی ناوە، لەدایک دەبێت. لەو ماوەیەدا، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە (دێهقان) زۆر بایەخیان پێدەدات و بەهانایانەوە دەچێت.

پاش ماوەیەک، سلێمان نامەیەک بۆ سەرکردایەتی شۆڕش دەنێرێت و داوایان لێدەکات کە ژن و منداڵەکەی ئازاد بکەن. بەڵام داواکەی بێ وەڵام دەمێنێتەوە. بۆیە چەند پێشمەرگە دەنێرێت و ژن و منداڵەکەی ڕزگاردەکات. لە ڕاگواستن و جێگیرکردنی ژن و منداڵەکانیدا، شێخ لەتیفی حەفید ئەوپەڕی هاوکاری نیشان دەدات و لە نزیک ماڵەکەی خۆی خانویەکیان بۆ بەکرێدەگرێت.

لەودەمانەدا سلێمان و خەلیل شەوباش بۆ کارێکی حیزبەکەیان دەچنە شاری سلێمانی. لەکاتی گەڕانەوەیاندا، لەلایەن چەند کاربەدەستێکی شۆڕشەوە دەگیرێن و بەرەو بارەگای بارزانییان دەبەن. بەرلەوەی بگەنەجێ و لە ڕێگا خەلیل شەوباش شەهید دەکەن و سلێمان دەگەیەننە گوندی دیلمان، کە بنکەی سەرکردایەتی شۆڕشی لێدەبێت. چەند ڕۆژێک لە بەندیخانەی شۆڕش، وەک تاوانبارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن. سەرەنجام ڕۆژی چوارشەممە ١٩٦٨/٥/١٥ (١٣٤٧/٢/٢٥) شەهید دەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلیکۆپتەر دەگوازرێتەوە بۆ ئەو دیوی سنور و لە پادگانی پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و بەو شێوەیە وێنەی دەگیرێت و پاشان ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێت.

ڕۆژی هەینی ١٩٦٨/٥/١٧ (١٣٤٧/٢/٢٧) هەواڵی شەهیدکرنی سلێمان لە نێو مەهاباد و دەور و بەر یدا دەنگدەداتەوە. دواتر بۆ خەڵک دەردەکەوێت کە تەرمی سلێمان هێنراوەتەوە مەهاباد و ڕژێم نیازی هەیە بە بۆ ترساندن و نائومێدکردنی خەڵکی کوردستان لە شوێنێکی گشتی و بە بەرچاوی خەڵکەوە هەڵیبواسێت! ئیدی خەڵکی مەهاباد بە ئەوپەڕی توڕەیی و بێزارییەوە، دەڕژێنە نێو شەقام و کۆڵانەکان و بە ئاشکرا بە ڕژێم ڕادەگەیەنن کە ئەگەر ڕەفتارێکی لەو جۆرەی لێبوەشێتەوە، لەگەڵ جەماوەر ڕووبەڕو دەبێتەوە.

ئیدی لە ئاکامی خۆڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵک، ڕژێم ناچار دەبێت تەرمی سلێمان بداتەوە کەس و کارەکەی. خەڵکی مەهاباد بە ئەو پەڕی ڕێز و شکۆوە تەرمی سلێمانی موعینی لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان بە خاک دەسپێرن.

* بۆ نوسینی ئەم کورتە بیۆگرافیایە سودم لە دەستنوسێکی سیامەند موعینی وەرگرتوە.

پاشكۆی دوەم:

# خوێندنەوەی كتێبی

# «ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمی كۆماری دیمۆكراتی كوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧»

## (پێداچونەوە و ڕاستكردنەوەی هەندێک لە هەڵەكانی)

«ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمی كۆماری دیمۆكراتی كوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧» كتێبێكی (٣٤٨) لاپەڕەییە، «د. هیمدادی حوسێن» نوسیویەتی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی چاپیكردوە. لەسەر بەرگی ناوەوەی ئاماژە بۆ ئەوە كراوە كە «ئەم كتیبە نامەیەكی دكتۆرایە لەلایەن نووسەرەوە بۆ ئەنجومەنی كۆلیجی زمان لە زانكۆی سلێمانی بە سەرپەرشتی پ. د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئامادەكراوە». هەروەک لە كۆتایی كتێبەكەدا نوسراوە، نامەی دوكتۆراكە ساڵی ٢٠٠١ لە زانكۆی سلێمانی پێشكەشكراوە.

ئەم كتێبە بەسەر چوار فەسڵدا دابەشكراوە:

فەسڵی یەكەم ـ «مێژووی ئابووری و سەربازی و پەروەردەو فەرهەنگی و دیمۆكراسی كوردستانی ڕۆژهەڵات ١٩٤٢ ـ ١٩٤٧».

فەسڵی دووەم ـ «چاپخانە و ڕۆژنامەنووسیی كۆماری دیمۆكراتی كوردستان».

فەسڵی سێیەم ـ «ڕۆژنامەنووسیی كوردیی بە زمانی فارسی لە دەرەوەی كۆمارو هاوكاری نووسەرانی كوردستانی باشوور لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیی كۆماردا».

فەسڵی چوارەم ـ «ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی كۆمارو ئەدەبیاتی كوردی».

هەرچەند كتێبەكە لە ٢٠٠٢ دا چاپكراوە و بڵاوكراوەتەوە، بەڵام من لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٥ دا دەستمكەوت. پاش ئەوەی كە بە وردیی خوێندمەوە، بڕیارمدا كە بەشێك لە هەڵەكانی ڕاستبكەمەوە و هەندێك لە باسەكانی زیاتر ڕونبكەمەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم كە من نامەی دوكتۆراكەم نەدیوەو نازانم جیاوازیی لەگەڵ ئەم كتێبەدا هەیە یان نا؟! خودی نوسەرەكەشی ئاماژەی بۆ ئەوە نەكردوە كە ئاخۆ نامەی دوكتۆ راكەی وەک خۆی چاپكردوە یان گۆڕانكاریی تیادا كردوە! لەبەر ئەوە سەرنجەكانم بەپێی دەقی ئەم كتێبە دەنوسم، نەک نامەی دوكتۆراكە!

سەرەتا بەپێویستی دەزانم كە چەند سەرنجێكی گشتیی دەربارەی كتێبەكە بخەمەڕو:

یەكەم :

ناوی كتێبەكە بەم جۆرەیە: «ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧». لای هەمومان ڕۆشنە كە ماوەی حوكمڕانیی كۆماری كوردستان، كەمتر لە ساڵێك بوە. ئەگەر ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٤٦/١/٢٢ بە ڕۆژی دامەزراندنی و ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٤٦/١٢/١٢ بە ڕۆژی كۆتایی هاتنی دابنێین، ئەوا دەتوانین بڵێین كە كۆماری كوردستان تەمەنی نزیكەی (١١) مانگ بوە. بەڵام هەروەک لە ناوی كتێبەكەدا دەردەكەوێت، سنوری مێژویی ئەم لێكۆڵینەوەیە (ساڵی ١٩٤٢ هەتاكو ساڵی ١٩٤٧)ە. لێرەدا دەگەینە ئەوەی كە بڵێین هەر لە خودی ناوی كتێبەكەدا، ناكۆكییەک هەیە! چونكە سنورە مێژووییەكەی «ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان» دەكاتە ماوەی نێوان (١٩٤٦/١/٢٢ هەتاكو ١٩٤٦/١٢/١٢) نەک (١٩٤٢ ـ ١٩٤٧). هەرچەند نوسەر لەسەرەتای كتێبەكە، لە لاپەڕە (١٢)دا بە كورتی باسی ئەوەی كردوە كە لێكۆڵینەوەكەی لە دامەزراندنی «كۆمەڵەی ژ. ک.»ەوە دەست پێدەكات هەتاكو ڕۆژی لەسێدارەدرانی قازییەكان لە ١٩٤٧/٣/٣١، بەڵام ئەم ڕونكردنەوەیە ناتوانێت ئەو ڕاستییە وەلابنێت كە ناوی كتێبەكە ناكۆكی تێدایە! بۆ نمونە ئەگەر ناوەكەی بەم جۆرە بوایە: «ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان ١٩٤٦/١/٢٢ ـ ١٩٤٦/١٢/١٢» و لە پێشەكییەكەیدا ئەوەی

ڕونبکردایەتەوە لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی ژ. ک. و کۆماری کوردستان پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە، واپێویست بوە کە لەسەرەتادا باس لە گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەکانی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ک. بکرێت. ئەوسا کەس سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی لەو جۆرەی نەدەبو. تەنانەت ئەگەر ناوەکەی بەم جۆرەش بوایە: «ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٣- ١٩٤٦» تارادەیەک دروستتر بو لەوەی کە لەسەر ئەو کتێبە نوسراوە! چونکە هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی ژ.ک. پێش ساڵی ١٩٤٣ دەرنەکراوە و هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆماری کوردستانیش پێی نەناوەتە ساڵی ١٩٤٧! کتێبەکەش (یان لێکۆڵینەوەکە) تایبەتە بە «ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان» نەک «ڕووداوە مێژووییەکانی» ئەو سەردەمە.

دوەم:

نوسەری ئەم کتێبە لە گەلێک جێدا (وەکو سەرچاوە) سودی لە وەرگێڕراوەکانی کتێبی «کۆمارە کوردییەکەی ١٩٤٦، نوسینی: ویلیام ئیگڵتۆن»[1] و «کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد، نوسینی: ئارشێ ڕۆزڤێلت»[2] وەرگرتوە و لە دەیان لاپەڕەدا زانیاریی لێیانەوە وەرگرتوە. لەو باوەڕەدام ئەگەر ڕاستەوخۆ سودی لە تێکستە ئینگلیزییەکان (واتە کتێبە ئۆریگێناڵەکان) وەربگرتایە خۆی لە گەلێک هەڵە و کەموکوڕیی دوردەخستەوە. چونکە تێکستە وەرگێڕراوەکانی ئەو دو کتێبە هەڵە و کەموکوڕییان زۆرە و گاریگەرییان بۆسەر باسەکان هەیە. باوەڕیش ناکەم پەیداکردنی ئۆریگێناڵەکانیان لە ناوەوەی وڵات کارێکی هێندە سەخت بێت! وەکو من بزانم کتێبەکەی ویلیام ئیگڵتۆن لە کتێبخانە گشتییەکان و لە کتێبخانەکانی زانکۆکانی کوردستان پەیدا دەبێت. بۆ نمونە ساڵانی١٩٨٧ ـ ١٩٩٠ چەندین جار لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی وەرمگرتوە، تا جارێکیان سەرجەم کتێبەکەم

---

[1] William Eagleton, Jr., The Kurdish Republic of 1946 Oxford University Press, London, 1963.

[2] Archie Roosevelt, Jr., The Kurdish Republic of Mahabad, The Middle East Journal, Volume1, July 1947, nmuber 3.

کۆپیکرد، که تا ئێستاش ئەو کۆپییەم ماوە. یاخود دەیتوانیی سود لە وەرگێرانە عەرەبییەکەی جەرجیس فەتحو ڵلا وەربگرێت، کە زۆر لە وەرگێرانە کوردی و فارسییەکەی سەید محەمەد سەمەدی باشترە[3]. وتارە درێژەکەی «ئارشیَ رۆزڤێلت»یش ئەگەرچی یەکەمجار ساڵی ۱۹٤۷ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر وەک کتێب و لە چەند گۆڤاری ئینگلیزییدا سەرلەنویَ چاپکراوەتەوە[4].

سێیەم:

لەم کتێبەدا ئەگەر وێنەی کەسەکان و کلێشەی رۆژنامە و گۆڤارەکان و دەقی ئەو پەرەگرافانە کە لە وتار و لێکۆڵینەوەی کەسانی دیکەوە وەرگیراون، لابدەین، دەبینین لێکدانەوە و رونکردنەوە و سەرنجەکانی نوسەرەکەی ئەوەندە نین کە بۆ نامەی دوکتۆرایەک بەشبکەن! دەبوا لێکدانەوە و رونکردنەوەی نوسەری ئەم کتێبە، پانتاییەکی زیاتری لە لێکۆڵینەوەکەدا بگرتایە. کاتێک مرۆڤ بەوردیی کتێبەکە دەخوێنێتەوە گەلێک باس و بابەتی ئەوتۆ دێنە بەرچاوی کە دەبوا زیاتر رونبکرانایەتەوە، کەچی بە چەند دێرێک و بە زانیارییەکی کەمەوە بەرێکراون ! {پاشان ئاماژە بۆ هەندێک لەو باسانە دەکەم}.

چوارەم:

لەم کتێبەدا بەم جۆرە ریزبەندییە، لە گۆڤارو رۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆڵراوەتەوە: (گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گروگاڵی منداڵانی کورد، گۆڤاری کوردستان)، ئنجا رۆژنامەی (کوردستان) و بەدوای ئەویشدا دەربارەی رۆژنامەی (کوهستان)ی نوسیوە.

سەبارەت بەو بەشە ئەم تێبینیانەم هەیە:

---

[3] ولیم ایغلتن الابن، جمهورية مهاباد – جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ترجمة و تعليق: جرجيس فتح الله المحامي، دار الطليعە، بيروت، سبتمبر ١٩٧٢، ٢٤٠ص. {دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ دا سەرلەنویَ چاپیکردوەتەوە}.

[4] بۆ نمونە لە ژمارە ٣ و ٤ی گۆڤاری (کوردستان تایمێز) دا بە دو بەش، دەقاودەق بڵاوکراوەتەوە. {تێبینی: ژمارە ٣ی ئەم گۆڤارە لە دێسێمبەری ١٩٩٣ و ژمارە ٤ یش لە نۆڤێمبەری ١٩٩٥ دا دەرکراوە}.

*یەکەم/* لە لێکۆڵینەوەی زانستییدا زۆربەی جار واباشترە کە لێکۆڵەر بەپێی (زنجیرەی مێژویی) لە ڕوداو و باسەکان بکۆڵێتەوە. نوسەری ئەم کتێبەش هەروەک لە لاپەڕە (١٤)دا ئاماژەی بۆکردوە، ویستویەتی هەمان میتۆد پەیڕەو بکات. بەڵام لە واقیعدا نەیتوانیوە بە دروستیی پەیڕەوی ئەو میتۆدە بکات. ئەگەر ئەوەی ڕەچاوبکردایە ئەوسا گۆڤارەکان بەجیا و ڕۆژنامەکانی بەجیا دانەدەنا! بەڵکو هەمویانی بەپێی زنجیرەی مێژوییان دادەنا و بەرودوا لێیانی دەکۆڵییەوە. تەنانەت بۆ گۆڤارەکانیش زنجیرەی مێژویی لەبەرچاو نەگرتوە، ئەگینا گۆڤاری هەڵاڵەی نەدەخستە دوای گۆڤاری هاواری نیشتمان و گۆڤاری «کوردستان»ی نەدەخستە کۆتایی! باشتر وابو کە سەرجەم گۆڤارو ڕۆژنامەکانی بەپێی مێژوی دەرچونی (یەکەمین ژمارە)یان ڕیز بکردایە، پاشان دەربارەی هەریەکەیانی بنوسیایە. بەو پێیە دەبوا گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەم جۆرە ڕیزبکرانایە:

(١) گۆڤاری «نیشتمان»: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٣٠ی پوشپەڕی ١٣٢٢ (١٩٤٣/٧/٢٢) دەرکراوە[5].

(٢) «نامەی هەفتەگی کوهستان»: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ (١٩٤٥/٢/٢٦)دا دەرکراوە.

(٣) گۆڤاری «هاواری کورد»: یەکەم ژمارەی لە ڕەزبەری ١٣٢٤ (کۆتایی سێپتێمبەر ـ سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥)دا دەرکراوە.

(٤) گۆڤاری «کوردستان»: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٥/١٢/٦دا دەرکراوە.

(٥) ڕۆژنامەی «کوردستان»: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/١/١٠دا دەرکراوە. {لەسەر خودی ئەو ژمارەیە ١١ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە، دیارە ئەوە هەڵەیە و لە چەند ژمارەی دواتریشدا ڕویداوە}[6].

---

[5] لەسەر بەرگی خودی گۆڤارەکە تەنها پوشپەڕی ١٣٢٢ نوسراوە، بەڵام لە «روژ ئەژمیری تایبەتی کومەلەی ژ. ک ١٩٤٤» دا نوسراوە: ٣٠ی پوشپەر سەرسالی گواری نیشتمان.

[6] لە ژمارەکانی سەرەتای «گۆڤاری کوردستان» و «ڕۆژنامەی کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ناوەکانیان بە «کوردوستان» نوسراوە. کە نوسینی ئەو (و)ە لەباری ڕێزمانی و زمانەوانییەوە هەڵەیە، هەروەک چۆن نابێت بنوسین: (پاکوستان، عەرەبوستان،

(٦) گۆڤاری «هەڵاڵە»: یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبروەری ـ سەرەتای مارتی ١٩٤٦) دا دەرکراوە.
(٧) گۆڤاری «هاواری نیشتمان»: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٣/٢١دا دەرکراوە. {پاشتر هاواری نیشتمان وەک ڕۆژنامە دەرچوە و لە یەکەم ژمارەوە دەستی پێکردوەتەوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٥/٩ دەرچوە}.
(٨) گۆڤاری «گڕوگاڵی منداڵانی کورد»: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٦/٤/٢١دا دەرکراوە.

*دوەم/* پێویست بو دوای گۆڤاری هاواری کورد، دەربارەی گۆڤاری «ئاوات»ی بنوسیایە، چونکە ئەم گۆڤارەش بەیەکێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ.ک. دادەنرێت و لە ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (ای خەزەڵوەری ١٣٢٤ ـــ ای ئابان ١٣٢٤) دا لەلایەن محەمەد شاپەسەندییەوە تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. {دواتر دەچمەوە سەر باسی ئەم گۆڤارە}.

*سێیەم/* لەهەندێک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەدا، لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا ناوی «ئاگر»یش هاتوە، بەبێ ئەوەی لە هیچکامیاندا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی نوسرابێت. گرنگترینی ئەو سەرچاوانە، کتێبەکەی ویلیام ئێگڵتۆنە[7]. دەبوا لەم کتێبەدا کە تایبەتە بە ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنج و ڕونکردنەوەیەک دەربارەی «ئاگر» بنوسرایە. لەو باوەڕەدام کە ویلیام ئێگڵتۆن لەخۆیەوە ئەو ناوەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان دا نەنوسیوە! بەڵکو ناوەکانی لە کەسانی شارەزای ئەو سەردەمە وەرگرتوە.

---

هیندوستان ...). جێی سەرنجە کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێک لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەی کۆڵیوەتەوە، دیقەتی ئەو (واو)ەی نەداوە و لە ڕوی (ڕێزمانی)یەوە ڕونکردنەوەیەکی لەبارەیەوە نەنوسیوە !
{وەکو خۆم دیقەتم داوە لە ژمارە (١) ی ڕۆژنامەی کوردستان هەتاکو ژمارە (٩) ی ناوەکەی بە (کوردوستان) نوسراوە، بەڵام لە ژمارە (١٠) بە دواوە بە (کوردستان) نوسراوە و (واو)ەکە لابراوە}.

7 William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of 1946 P.10I.

وای بۆ دەچم ئەم بڵاوکراوەیە ناوی «ئاگری» بو بێت و لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماردا دەرکرابێت. {شایانی باسە ساڵی ١٩٩٨ لە وتارێکی کورتدا سەرنجی ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی کوردم بۆ ئەوە ڕاکێشاوە}[8].

*چوارەم/* لە ژمارە ٦١ی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا کە لە ڕۆژی شەممە ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٢٢) دا دەرکراوە، لە لاپەڕە (٢)دا ئاگادارییەک لە لایەن «دلّشاد ڕەسوڵی»یەوە بڵاوکراوەتەوە و تیایدا ڕایگەیاندوە کە نیازی ئەوەی هەیە گۆڤارێکی مانگانە بەناوی «زانست»ەوە دەربکات، جا بەو بۆنەیەوە داوای هاوکاریی لە نوسەران کردوە کە بە بابەتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ گۆڤارەکە بنێرن. دەقی ئەو ئاگادارییە بەم جۆرەیە:

*بۆ زانین*

*زانست* *Zanist*

***گوواری زانست، گوواریکی زانستی، کومەلایەتی، تربیتی ئەدەبیە لە مانگی پووشپەری سالی ١٣٢٥ وە مانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی. لە نوسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ادبی زانستی کومەلایەتی تربیتی بە نشانی (وزارەت فەرهەنگ دەفتەری گوواری زانست) بومان بنیرن تا لە گوواری زانست دا دەرج بکری.***

***مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز***

***دلشاد رسولی***

ئەگەر بێت و پاش ئەم ئاگادارییە، ئەم گۆڤارە دەرکرابێت، ئەوا دەبێت ناوەکەی لە دوای «گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد» بنوسرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە نەدۆزراوەتەوە و دەستنەخراوە، ناتوانین لە خۆمانەوە ناوەکەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا تۆماربکەین، بەڵام پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین !

---

[8] جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەروشوێن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ١٩٩٨/٤/٢٣، ل١٠.

*پێنجەم/* لەم کتێبەدا کە دەربارەی «گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان»ە، زیاتر لە (٢٦) لاپەڕە دەربارەی «نامەی هەفتەگی کوهستان» نوسراوە (ل١٦٩ هەتاکو ل ١٩٥ و چەند لاپەڕەی دیکەش)، لە حالێکدا ئەو ڕۆژنامەیە لە (تاران) و بە زمانی (فارسی) دەرکراوە! بەڵام کەمتر لە (١٤) لاپەڕە دەربارەی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی کۆماری کوردستان نوسراوە! ئایا دەبێت لە کتێبێکی ئاوادا کە دەربارەی «گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان»ە، زیاتر لە (٢٦) لاپەڕە دەربارەی «نامەی هەفتەگی کوهستان» بێت، بەڵام (١٤) لاپەڕە دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان بێت! پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە ئەم بەشە لە نامەی دوکتۆراکە پێشتر (ساڵی ١٩٩٨) لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری «سەنتەری برایەتی»دا بلاوکراوەتەوە و لە باری زانستییەوە نەدەبوا تێهەڵکێشی نامەی دوکتۆراکە بکرێت!

شایانی باسە کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێک لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی کۆڵیوەتەوە، لە یەکەم پەرەگرافدا نوسیویەتی: «یەکێک لە کارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان لە ڕووی ڕۆشنبیری و کلتوورییەوە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، هەوڵدانێکی سەرکەوتوو بوو، بناغە دانانێک بوو بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی، کە ئەرکێکی قورس و توانایەکی ماددی و مەعنەوی زۆری گەرەکە ...».

باشە کە ئەو ڕۆژنامەیە هێندە گرنگ بوە، چۆن تەنها بەوەندە بەڕێکراوە! بەراوردێکی دیکە بۆ سەلماندنی ئەو لاسەنگییە ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان (١١٤) ژمارەی لێدەرکراوە، بەلاَم (نامەی هەفتەگی کوهستان) ٨٤ ژمارەی لێدەرکراوە.

جێی سەرنجە کە لەم کتێبەدا لەهەمو ئەو جێیانەدا کە ناوی ڕۆژنامەکە یان هەفتەنامەکە هاتوە، تەنها «کوهستان» نوسراوە! ڕاستییەکەی ناوەکەی «نامەی هەفتەگی کوهستان» بوە، نەک «کوهستان»! {پاشان دەچمەوە سەر ئەم باسە، لێرەدا هەر ئەمەندە بە پێویستدەزانم}.

*شەشەم/* وەکو دیقەتمداوە لەسەر هەندێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان مێژوە (زاینییەکان) بە هەڵە نوسراون. دەرکنەکردن بەم حاڵەتە زۆر کەس لەوانەی بە هەڵەدا بردوە کە دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیەیان نوسیوە ! تائێستا

کۆپیی (٦٤) ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەم دەستکەوتوە و سەرنج و تێبینیی جۆراوجۆرم دەربارە نوسیوە. لەسەر هەندێک ژمارە (بەتایبەت ژمارەکانی دوایی) تەنها مێژوی هەتاوی نوسراوە. لەسەر گەلێک ژمارەشی مێژوی هەتاوی و کۆچی و زایینیش نوسراوە. بەڵام لەسەر گەلێک ژمارەی مێژوە زایینییەکە بە هەڵە نوسراوە. لێرەدا (وەک نمونە) ئاماژە بۆ چەند دانەیەک لەوانە دەکەم:

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/١/١٠دا دەرکراوە، بەڵام لەسەر خودی ئەو ژمارەیە ١١ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە. ژمارە ٢ی لە ڕۆژی شەممە ١٩٤٦/١/١٢دا دەرکراوە، لەسەر ئەو ژمارەیە ١٣ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە. ژمارە ٥ لە ڕۆژی شەممە ١٩٤٦/١/١٩دا دەرکراوە، لەسەر ئەو ژمارەیە ٢٠ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە. هەروەها لە گەلیک ژمارەی دیکەشدا.

پێنجەم:

لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوە بەگشت زانیارییەکانیەوە، خاڵێکی گرنگە و دەبێت بەوردی ڕەچاوبکرێت. ئەگەر دیقەتی پەراوێز و سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بدەین، دەبینین هەندێک لە سەرچاوەکان بەتەواوی و دروستیی نەنوسراون. من لای خۆم چەند دانەم لەوانە دەسنیشانکردوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دوان لەوانە دەکەم:

١. لە ل(٢٥٩)دا بۆ ژیاننامەی دڵشاد ڕەسوڵی سودی لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیان وەرگرتوە و لە ل(٢٨٢)دا لە پەراوێزی ژمارە (٤٨)دا بەم جۆرە ئاماژەی بۆ کردوە: «گ بەیان، ژ ١٤٨، ١٩٨٨، ل٨٠». دەبینین نە ناوی نوسەر و نە ناوی وتارەکەی نەنوسیوە!

٢. لە ل(٥٥)، لە پەراوێزی (٩)دا ئاماژەی بۆ چەند سەرچاوەیەک کردوە، یەکێکیان وتوێژێکی ڕۆژنامەییە کە محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ «محەمەد شاپەسەندی»دا سازیانکردوە. لەوێدا سەرچاوەکەی بەم جۆرە دەسنیشانکردوە: «محەمەد شاپەسەندی، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٢٤، ١٩٩٢/٥/٢٤، ل٧». ڕاستتر و دروستتر بو کە بەم جۆرە بینوسیایە: «گفتوگۆیەک لەگەڵ سەربازی نەناسراو محەمەد شاپەسەندی، ئامادەکردنی: محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد، ڕۆژنامەی ئاڵای

ئازادی، خولی دوەم، ژمارە ٢٤، ١٩٩٢/٥/٢٤، ل٧». هەرچەند لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە ڕاستیدا ئەو وتوێژە دو بەشە، بەشەکەی دیکەی لە هەمان ڕۆژنامە، لە ژمارە ٢٥، ١٩٩٢/٥/٣١دا بڵاوکراوەتەوە. شایانی باسە محەمەد فەریق حەسەن لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»شدا دەربارەی ڕۆڵی محەمەد شاپەسەندی لە بواری کاری چاپەمەنییدا نوسیوە[9].

شەشەم:

لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوەی ئەو وێنە و دۆکۆمێنتانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سودیان لێوەرگیراوە خاڵێکی گرنگە و دەبێت بەئەمانەتەوە ڕەچاوبکرێت. لەم کتێبەدا ئاماژە بۆ سەرچاوەی هیچ کام لە وێنەکان نەکراوە. هەروەها لە ل (٥٢)دا کۆپیی بەیاننامەیەکی کۆمەڵەی ژ. ک. بەرچاودەکەوێت، بەبێ ئەوەی ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی کردبێت! وەکو من بزانم کۆپیی ئەو بەیاننامەیەی لە کتێبی «نگاهی به تاریخ مهاباد»، نوسینی: سەید محەمەد سەمەدی، وەرگرتوە[10]. هەروەها لە ل (٢٣)شدا کۆپیی وێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک.  بەرچاودەکەوێت کە ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی ئەویش نەکردوە! دڵنیام کە ئەو وێنەیەی لە ل (٦٥٩)ی کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی کەریمی» وەرگرتوە[11]. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاستییەک بخەمە ڕو، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وێنەیە و چەند وێنەی زۆر بەنرخی دیکە، کە زۆربەیان هی دەورانی چالاکیی (کۆمەڵەی ژ. ک.)ن، محەمەد شاپەسەندی پاش ساڵەها ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری پاراستبونی و نەیهێشتبو بفەوتێن، ساڵی ١٩٩٨ بە ئەمانەتەوە داینی بە من کە بە سکانەر وێنەیان لێبگرمەوە و گەورەشیان بکەم. پاشان لە دەزگای «خاک» لە هەر وێنەیەکیان چەند دانەیەکمان لێ کۆپیکرد و وێنە

---

[9] محەمەد فەریق حەسەن، محمدی شاپەسەندی شۆڕەسواری بواری چاپخانەو ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٨٤، ڕۆژی هەینی ١٩٩٣/٩/١٠، دوا لاپەڕە (ل١٦).

[10] سید محمد ڵمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد، انتشارات رهرو، ١٣٧٣، ص٥٥١.

[11] عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی «مامۆستا عولەما»، سوید، ١٩٩٩.

ئۆریگناڵەکان و هەندێک لە کۆپییە گەورەکراوەکانم بۆ محەمەد شاپەسەندیی گەڕاندەوە. دواتر بە ئاگاداریی خۆی کۆپیی (چەند) دانەیەکیانم بۆ عەلی کەریمی نارد، کە ئەودەم نیازی چاپکردنی کتێبەکەی هەبو. ئەوەبو پاشان وێنەکانی لە پاشکۆی کتێبەکەیدا دانابو، بەڵام بەهەر هۆیەک بو، ناوی محەمەد شاپەسەندی وەک «خاوەنی وێنەکان» لەبیرکرابو! ئەو وێنانە لە کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی»دا لە لاپەڕەکانی «٦٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠ و ٦٧٦»دا دانراون.

حەوتەم:

نرخ و بەهای لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بەوە زیاد دەکات کە بەرلەهەرچی بە شێوەیەکی ورد و زنجیرەیی ئاماژە بۆ (پێشینەی مێژویی) ئەو باسە بکرێت کە نوسەرەکە مەبەستێتی لێیبکۆڵێتەوە. لەم کتێبەشدا باشتر و زانستییانەتر بو کە لە سەرەتادا، ئەگەرچی بە کورتییش بوایە، لە دوتوێی چەند لاپەڕەیەکدا ئاماژە بۆ پێشینەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەرلە کۆماری کوردستان) بکرایە. هەرچەند لە هەندێک جێدا ئاماژەی لەو جۆرە بەرچاو دەکەون، بەڵام لە هیچ کامیاندا زانیاریی ورد و پێویست نەنوسراون و باسەکان بە شێوەی زنجیرەی مێژویی نین. بۆ نمونە لە ل (١٦٩)دا بەپشت بەستن بە چەند وتارێکی ئەحمەد شەریفی کە لە هەفتەنامەی «ئابیدەر»دا بڵاویکردوەتەوە، ناوی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی نوسیوە کە هەندێکیان نە لەدور و نە لە نزیک پەیوەندییان بە کوردەوە نییە و ئەحمەد شەریفی لە خۆڕایی لە نێو ڕۆژنامەنوسی کوردیدا جێی بۆکردونەتەوە ! {لەم ڕوەوە نامەم بۆ چەند کەسی شارەزا ناردوە. لەوەڵامی نامەکانمدا زانیاریی بەسود و باسنەکراویان بۆ نوسیوم، بەڵام بۆ ئەوەی لێرەدا باسەکە لەوە زیاتر درێژە نەکێشێت، هەڵیان دەگرم بۆ کات و شوێنی خۆیان}. هەروەها لە ل(٦٧)دا نوسیویەتی: «زۆربەی سەرچاوەکان، ڕۆژنامەنووسیی و چاپخانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕووی مێژووییەوە، دەدەنە پاڵ ئەو هەوڵە جوامێرانەیەی نەوەی بەدرخانیەکان و بە تایبەتی (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری (خوی)، کە لە ساڵی (١٩١٣)دا هەوڵیداوە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئێراندا بە ناوی (کوردستان) بڵاوبکاتەوە... ». لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت

که نوسەری ئەم کتێبە ئاگای لەوە نەبوە کە لە ساڵی ۱۹۰۹ دا میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی «کوردستان میشنێری» بە زمانی ئینگلیزیی دەرکردوە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بوون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەلێک ژمارەیدا وێنەی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە بە ئینگلیزیی بوە و لە ئەمەریکا چاپکراوە، بەڵام چونکە هەمو بابەتەکانی پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهابادەوە هەیە و بەشی زۆری وتار و وێنەکانی لە مەهاباد نوسراون و نێردراون، ناکرێت لە ڕیزی ناوی گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاماژەی بۆ نەکرێت. لە هەندێک سەرچاوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاپریلی ۱۹۱٤دا لە ورمێ گۆڤارێکیان بە ناوی «کوردستان»وە دەرکردوە.

لە ل(٦٧) و (٦٨)دا چەند دێڕێکی دەربارەی ڕۆژنامەی «کورد» نوسیوە کە لە ورمێ لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل ئاغای دا لەلایەن «مەلا محەمەد قزڵجی»یەوە دەرکراوە، لەوێدا نەینوسیوە ئەو ڕۆژنامەیە لە (چ ساڵ و مانگ و ڕۆژێک)دا دەرکراوە!

لێرەدا من بەکورتیی تیشکێک دەخەمە سەر ئەو ڕۆژنامەیە:

ڕۆژنامەی «کورد»، لەلایەن مەلا محەمەد تورجانی (مەهاباد، ۱۸۹٥/۷/۸ ـ بەغداد، ۱۹٥۹/۹/١٤) لە شاری ورمێ، لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل ئاغای دا دەرکراوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ۱۹۲۲/٦/۸ (۱۲ی شەوالی ۱۳٤۰ بەرامبەر بە ۱۷ی خرداد ۱۳۰۱) دا دەرکراوە. مەلا محەمەد تورجانی (کە پاشتر بە مەلا محەمەد قزڵجی ناسراوە)، مەلا ئەحمەد تورجانی زادە (برا بچوکی مەلا محەمەد قزڵجی)، مەلا حەسەن سەیفی قازی، محەمەد جەمالەدین هەکاریی و سەید عەبدوڵلای شەمزینی چەند کەسی دیکە بەشدارییان لە دەرکردنیدا کردوە. تەنها چوار ژمارەی لێدەرکراوە. تائێستا کلێشەی (دو) ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام کۆپیی هەردوکیان ناشارەزایانە وەرگیراون و نازانرێت کام ژمارەن و کەی دەرکراون! یەکەمیان لە کتێبی (محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول جهان یا تاریخ رضائیە،

**تهران، ١٣٥٠) و دوەمیان لە (گۆڤاری گرشەی کوردستان، ژمارە ٩، ١٣٦٠ (١٩٨١)، ل١١)[12].**

**ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکانی نێو کتێبەکە:**

*** لە ل(١٢)دا نوسیویەتی «کۆمەڵی ژێ. کاف لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢دا دامەزراوە». بەڵام لە ل(٢٤)دا (٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢)ی نوسیوە.**

**چەند ساڵ لەمەوپێش لە لێکۆڵینەوەیەکمدا لە ناوی تەواوی «کۆمەڵەی ژ. ک.» و مێژوی دامەزراندنی و ناوی دامەزرێنەرەکانیم کۆڵیوەتەوە[13]. لەوێدا بەبەڵگەوە سەلماندومە کە کۆمەڵەی ژ. ک. لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٤٢/٨/١٦ بەرامبەر بە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی دامەزراوە، نەک ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢. هەروەها دەبوا بیزانیایە کە ٢٥ی گەلاوێژ دەکاتە (١٦ی ئاب)، نەک (١٦ی ئەیلول)!**

*** لە ل(٢٤) و (٨٧)دا وای بۆچوە کە پیتی (ژ) و (ک)ی ناوی «کۆمەڵەی ژ. ک.» کورتکراوەی «ژیانەوەی کورد»ن. هەروەها لە دەیان لاپەڕەی دیکەشدا هەر «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»ی نوسیوە. لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کە دەربارەی «کۆمەڵەی ژ. ک.»ە لە ناوی تەواوی کۆمەڵەی ژ. ک. م کۆڵیوەتەوە. لەوێدا**

---

[12] کورتەیەکی ژیاننامەی مەلا محەمەد قزڵجی و هەندێک زانیارییم دەربارەی ڕۆژنامەی (کورد) لە گۆڤاری کاروان دا بڵاوکردوەتەوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، مەلا محەمەد قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٦، تەموزی ١٩٨٨، ل ٨ ـ ١٠}.

[13] سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ. ک. لێکۆڵینەوەیەکم نوسیوە، کاتی خۆی کورتەیەکیم لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکردەوە، پاشتر لە گۆڤاری (گزینگ)دا سەرلەنوێ بە هەندێک زانیاریی دیکەوە بڵاومکردەوە.

بڕوانە:

١. جوتیار تۆفیق، تیشکێک بۆ سەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژمارە ١٤٠١، دوشەممە ١٩٩٧/٤/٧، لاپەڕە ٦ و ١١.

٢. جوتیار، چەند ڕونکردنەوەیەک دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک.، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣١، بەهاری ٢٠٠١، ٣٦ - ٣٩. هەروها بڕوانە: ئەو لێکۆڵینەوەیەم کە دەربارەی (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان)ە و کورتەیەکیم لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە ١٩٨ (١٩٩٥/١٢/٣) و ژمارە ١٩٩ (١٩٩٥/١٢/١٠)دا بڵاوکردوەتەوە.

بەبەڵگەوە سەلماندومە کە کۆمەڵەی ژ. ک. کورتکراوەی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» بوە. ئەمەش دوان لە بەڵگەکان:

یەکەم ـ لە بەڵگەنامەیەکی نێو ئەرشیڤی یەکێتی سۆڤێتدا کە بریتییە لە وتوێژێکی نێوان سەرکونسوڵی سۆڤێت لە شاری ورمێ، لە ٩ی سێپتامبەری ١٩٤٤دا لەگەڵ دو نوێنەری کۆمەڵەی ژ. ک.، کە ئەوانیش «عەبدولڕەحمان زەبیحی» و «قاسم ئێلخانیزادە»ن، لەوێدا لە زمانی ئەو دو نوێنەرەوە نوسراوە: «... ئەم ڕێکخراوە (واتە کۆمەڵەی ژ. ک. - جوتیار) نزیکەی دو ساڵە پێکهاتوەو ناوی پارتی ژ.ک. بە مانای پارتی ژیانەوەی کوردستانە...»[14].

دوەم ـ عەبدولڕەحمان زەبیحی، کە یەکێک لە دامەزرێنەران و ئەندامە چالاک و دیارەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە، لە وتارێکی کورت و بەنرخدا کە ساڵی ١٩٦٠ بە عەرەبیی لە ڕۆژنامەی «خەبات»دا بڵاویکردوەتەوە، سەبارەت بە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک.، هەڵەی «ئارشێ ڕۆزڤێلت»ی ڕاستکردوەتەوە[15]. چونکە ئارشێ ڕۆزڤێلت لەو وتارەیدا کە ساڵی ١٩٤٧ لە «گۆڤاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست»دا بڵاویکردوەتەوە، ناوەکەی بەم جۆرە نوسیوە: «کۆمەڵە ـ ی ـ ژیان ـ ی ـ کورد»[16]. عەبدولڕەحمان زەبیحی لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئارشێ ڕوزڤێلت بەهەڵە ناوەکەی نوسیوە، ئنجا نوسیویەتی: «ناوی دروستی کۆمەڵەی ژ. ک. بەم جۆرەیە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە دەبێتە حزب احیاء کردستان،

---

[14] هێندێ بەڵگە و بۆچون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، وەرگێڕانی: ئەفراسیاو هەورامی، گۆڤاری ڕابون، سوید، ژمارە ٢٢، ساڵی ١٩٩٧، ل٥٣}.

[15] رد علی کراس السید ڕرشی روزفلت، بقلم: زەبیحی، جریدە خەبات، العدد ١٩٢، الجمعە ١٨ مارت ١٩٦٠، ل٣. هەروەها بڕوانە: (جوتیار حاجی تۆفیق، وەڵامی زەبیحی بۆ نامیلەکەکەی ئارشێ ڕۆزڤێلت و چەند ڕونکردنەوەیەک، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٤٠، ساڵی ٢٠٠٣، ل١٤٥ - ١٤٩). {شایانی باسە کە ئەو وتارەی عەبدولڕەحمان زەبیحی، نوسەر و لێکۆڵەر سدیق ساڵح لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی و لە گۆڤارەکەدا ناوی لەبیرکراوە، لەوێدا من تەنها ڕونکردنەوە و پەراوێزەکانم نوسیوە - جوتیار}.

[16] Archie Roosevelt, Jr., The kurdish Republic of Mahabad, P 250.

نەک ژیانی کورد»[17]. سەرنج دەدەین کە عەبدولڕەحمان زەبیحی ئەگەرچی وتارەکەی بە عەرەبیی نوسیوە، کەچی ناوەکەی بە کوردی و عەرەبیش نوسیوە، چونکە زانیویەتی گەلێک جار ناوەکەی بە هەڵە نوسراوە. دیارە تەنها مەبەستی ئەوە نەبوە کە هەڵەی ئارشێ ڕۆژڤێلت ڕاستبکاتەوە! بەڵکو ویستویەتی سەرنجی مێژونوس و ڕوناکبیرانی کوردیش بۆ ئەوە ڕابکێشێت و چیدیکە ئەو هەڵەیە چەندبارە نەبێتەوە!

* لە ل(٢٥)دا نوسیویەتی: «ئەوانەی لەدامەزراندنی (کۆمەڵە)دا دەوریان بوو، ئەمانە بوون:" (١) ڕەحمانی حەلەوی. (٢) موحەممەد ئەمین شەرەفی. (٣) موحەممەدی نانەوازادە. (٤) ڕەحمانی زەبیحی. (٥) حوسێنی فروهەر (زەرگەری). (٦) عەبدولڕەحمانی ئیمامی. (٧) قاسمی قادری. (٨) مەلا عەبدڵڵای داودی. (٩) ئەحمەد عیلمی. (١٠) عەزیزی زەندی. (١١) موحەممەدی یاهوو. (١٢) میرحاج»..

هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا، لە ل(٥٤)، لە پەراوێزی (٦)دا نوسیویەتی: «ویلیام ئیگلتۆن جونێر، کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، وەرگێڕانی سید محمد صمدی، ب١، ل١٤٤، و. ف، ل٢٤٤. لەوەرگێڕانە فارسی یەکەدا، لەناوەکاندا ناوی قادری مودەریسی تێدایەو ناوی عەزیزی زەندی تێدا نی یە».

دەبینین بۆ ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک. پەنای بردوەتە بەر وەرگێرانە کوردی و فارسییەکەی کتێبەکەی ویلیام ئێگڵتۆن، کە سەید محەمەد سەمەدی وەریگێڕاوە. لە حاڵێکدا ئەو دو وەرگێڕانە هەڵە و کەموکڕییان یەکجار زۆرە. سەید محەمەد صەمەدی لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا پاشکۆیەکی بۆ کتێبەکە زیادکردوە و چەند بەشی گرنگی کتێبە ئۆریگێناڵەکەشی فەرامۆشکردوە! ڕاستییەکەی ئەو ناوانەی کە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا نوسراون، لە زمانی «مەلا قادری مودەرسی»یەوە نوسراون و ئەو ناوانە نین کە ویلیام ئێگڵتۆن لە کتێبەکەیدا نوسیونی! {ئەم هەڵەیە بەسەر نوسەری ئەم کتێبەشدا تێپەڕیوە و دەرکی بەوە نەکردوە کە ئەو ناوانە لە زمانی مەلا قادری مودەرسییەوە تۆمارکراون!}. جیا لەوەش ئەوەی کە لە چاپە کوردییەکەدا

[17] جریدە خەبات، العدد ١٩٢، الجمعە ١٨ مارت ١٩٦٠، ص٣.

ناوی مەلا قادری مودەرسی نەنوسراوە، ئەوە هەڵەی سەید محەمەد سەمەدی بوە! لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی ئەگەر دەقە ئینگلیزییەکەی کتێبەکەی «ویلیام ئێگڵتۆن»ی لەبەر دەستدا بوایە، لایەنی کەم لەوە دڵنیا دەبو کە لەوێدا ناوەکان چۆن نوسراون!

ویلیام ئێگڵتۆن، لەپاشکۆی کتێبەکەیدا، لە لاپەڕە (١٣٣)دا، ناوی دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. ی بەم جۆرە نوسیوە:" «ڕەحمان حەلەوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد نانەوا زادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر (زەڕگەری)، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوللا داودی، قادر مودەریسی، ئەحمەد عیلمی، عەزیز زەندی، محەمەد یاهو، میرحاج ـ خەڵکی عیراق-»"[18].

بەڵام وەک من بەم باسەوە خەریک بوم و لێکۆڵیوەتەوە، چەند کەسێک لەوانەی کە ویلیام ئێگڵتۆن ناویانی لەڕیزی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدا نوسیوە، دواتر پەیوەندییان کردوە بەکۆمەڵەوە و لەدەستەی دامەزرێنەر نەبون، وەک: «ڕەحمان حەلەوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، ئەحمەد عیلمی، محەمەد یاهو». هەروەها کە ناوی میرحاج و هەندێک جار ناوی مستەفا خۆشناو لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەران نوسراوە، ئەوان ئەندام و نوێنەری «حیزبی هیوا» بون. تەنانەت «عیزەت عەبدولعەزیز» یشیان لەگەڵ بوە و بەمەبەستی ڕێنوێنی و هاوکاریی ڕوناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٢/٨/١٣ دەگەنە شاری مەهاباد و چەند ڕۆژێک لە ماڵی حوسێن فروهەر دەمێننەوە[19]. لە ڕێگای حوسێن فروهەر و عەبدولڕەحمان زەبیحیەوە چاویان بەدەستەیەک لە کەسە ڕوناکبیر و چالاکەکانی شاری مەهاباد دەکەوێت و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵدا دەکەن. ئەوان سەرەتا نیازیان دەبێت لقێکی «حیزبی هیوا» لە موکریان دابمەزرێنن.

---

[18] William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of 1946, P.133.

[19] دەربارەی حوسێن فروهەر، بڕوانە: (جوتیار تۆفیق، حسین فروهەر تێکۆشەرێکی گومناو، کوردستانی نوێ، ١٩٩٨/٤/١٩). هەروەها (جوتیار حاجی تۆفیق، حسێن فروهەر تێکۆشەرێکی گومناو، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ١٢، ساڵی ٢٠٠٠ ، ل١٣٦-١٤١). {ئەم گۆڤارە لە ستۆکهۆڵم، بە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی و بەپیتی لاتینی دەردەچێت}.

پاش وتویێژ و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکە، دەگەنە ئەو باوەڕەی ڕێکخراوێکی دیکە دابمەزرێنن کە لەگەڵ حیزبی هیوادا هاوبەرنامە و هاوئامانج بن. سەرەنجام ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٢/٨/١٦ کۆمەڵەی ژ. ک. «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» دادەمەزرێنن. حوسێن فروهەر بە سەرۆک و عەبدولڕەحمان زەبیحی بە سکرتێری کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێن. پاش سێ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام، لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک.، «حیزبی دیموکراتی کوردستان» دادەمەزرێنرێت.

«عەزیز زەندی»ش لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبوە، چونکە عەزیز زەندی بەر لەوەی کۆمەڵەی ژ. ک دابمەزرێنرێت، هەر ئەو دەم کە بەناوی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان»ەوە کاریان کردوە، لەگەڵ چەند کەسی هاوبیروباوەڕی خۆی لە حیزبەکە چونەتە دەرەوە و بەجیا تێکۆشاون[20].

* لە ل(١٣)دا وای دەربڕیوە کە توانیویەتی (لەسەدا نەوەدی ـ ٩٠%) گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەدەستبێنێت!! دەبێت ئەو ڕێژەیەی لە کوێ هێنابێت و چۆنی لێکدابێتەوە؟! ئاخۆ لە (١١٤) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان چەند ژمارەی دەست ئەو کەوتوە؟ یان لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان چەند ژمارەی دەست ئەو کەوتوە؟ هەروەها چەند ژمارەی (نامەی کوهستان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری

---

[20] عەزیز زەندی، کە بە عەزیز ئەڵمانیش ناسراوە، ڕوناکبیرێکی هەڵکەوتوی مەڵبەندی موکریان بوە. ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی قالوێی زەندان، کە دەکەوێتە نزیک شاری مەهابادەوە، لەدایکبوە. لە ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٨دا لەگەڵ چەند میسیۆنێرێکدا چوەتە ئەوروپا و ماوەیەک خوێندویەتی، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و بەکاری سیاسییەوە خەریک بوە. لەبەر ئەوەی لە یاسادا شارەزا بوە، پێیانگوتوە دوکتۆرعەزیز زەندی. زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسی و تورکی زانیوە. ساڵی ١٩٢٦ هەڵبژاردەیەکی لە ئایەتەکانی ئینجیل کردوە بە کوردی و ساڵی ١٩٤٥ چاپ کراوە و بڵوکراتەوە.

عەزیز زەندی خۆی بە نوێخواز و پێشکەوتنخواز زانیوە، بۆیە گەلێک جار لەگەڵ ڕوناکبیران و سیاسەتمەدارانی موکریاندا کەوتوەتە وتوێژی توندەوە. لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ دا ماوەیەک لە تەورێز بوە، پاشان چوەتە تاران و بوەتە دادوەر. ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٦ دا لە تاران کۆچیدواییکردوە.

نیشتمان، گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هەڵاڵە و گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد ...)ی دەستکەوتوە؟..

لەوباوەڕەدام کە ئەو ڕێژەیە، واتە (٩٠%)، زیادەڕۆیی تیادایە و زۆر لە ڕاستییەوە دورە. باشتر بو نوسەری ئەم کتێبە وردتر و ڕیالیستیانە ئەو لایەنەی لێکبدایەتەوە!

* لە ل(٢٢)دا نوسیویەتی: «لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤١دا سۆڤیەت و ئینگلستان بەناوی هێزی هاوپەیمانانەوە ئێرانیان داگیرکرد». ڕاستییەکەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا لە ڕۆژی دو شەممە ڕێکەوتی ١٩٤١/٨/٢٥ دا شاڵاویان کردە سەر ئێران، نەک ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤١.

* لە ل(١٢٣) دا دەربارەی گۆڤاری «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» نوسیویەتی: «ئەم گۆڤارە زۆر کەمی لە بارەوە نووسراوەو ئەوانەی کە نووسراویشن پڕ لە زانیاری هەڵەن و ئاماژەیان بۆ تاقە ژمارەیەکی کردووەو ئەوانی دیکەیان پشت گوێ خستووە. یان هەر ئاماژەیەکە، کە لەو ساڵەدا دەرچووەو هیچی تر...». ئەم زانیارییە دورە لە ڕاستییەوە و لە بێئاگاییەوە ئەوەی نوسیوە! بۆ نمونە دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ساڵی (١٩٧٣) لە گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد» دا زانیاریی دروست و پێویستی دەربارەی ئەو گۆڤارە نوسیوە و (دو) ژمارەی گۆڤارەکەی لەبەردەستدا بوە و کلێشەی بەرگی ژمارە (٢)ی بەجوانیی بڵاوکردوەتەوە[21]. شایانی باسە دوکتۆر کەمال مەزهەر هەمان ئەم وتارەی لە لاپەڕە (١٥٠)ی کتێبی «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد»دا بڵاوکردوەتەوە[22]. جێی سەرنجە دوکتۆر کەمال مەزهەر لەو لاپەڕەیەدا، (واتە

---

[21] بروانە: پاراستنی پاشماوەی کۆنمان لە کاری کۆڕدا ـ یەکەم گۆڤاری منداڵان بە کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ل ٤١٧ و ٤١٨. (سەرنج! دوکتۆر کەمال مەزهەر ناوی خۆی لەسەر ئەو وتارە نەنوسیوە، بەڵکو هەر بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاویکردوەتەوە).

[22] دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەغداد، ١٩٨٥، ل ١٥٠.

شایانی باسە کە دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبی «تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا» ساڵی (١٩٧٨) زانیاریی پێویستی دەربارەی ئەو گۆڤارە نوسیوە.

لاپەڕە ١٥٠) لە پەراوێزی ژمارە ٥٦ دا نوسیویەتی: «ژمارە ٢ و ٣ ی گڕوگاڵی منداڵانی کورد لای خۆم هەن، هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت. هەروەها وێنەیان لە کتێبخانەی کۆڕ هەیە». هەروەها عەبدوڵڵا سەمەدی لە گۆڤاری (ڕامان، ژمارە ٤١، ١٩٩٩/١١/٥)دا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی دەربارەی ئەم گۆڤارە نوسیوە و وەکو پێویست ناساندویەتی.

* لە باسی «باری پەروەردەو فەرهەنگی»ی کۆماری کوردستاندا لە ل (٣٨) و (٣٩)دا نوسیویەتی: «لە بواری ڕۆشنبیریدا جووڵانەوەی شانۆیی گڕو تینێکی تازەی بە خۆوە بینی و لەو ماوە کورتەدا سێ شانۆگەری کوردیی نمایش کران ... شانۆگەری صلاح الدین، لە نووسینی پێشەوا قازی محەمەدە، کە لە شاری مەهاباد پێشکەشکراوەو سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە ... شانۆگەری دووەم بەناونیشانی (دایکی نیشتمان)ە، کە لە نووسینی پێشەوا قازی محەمەدەو لەمەهاباد پێشکەشکراوە ...». لە ل(٤٠)دا نوسیویەتی: «شانۆگەری سێیەم، لە شاری سەقز، لە ١٩٤٦ لە دەبیرستانی شاهپوور بە ناوی (تەبیبی ئیجباری) لە نووسینی مۆلێیر پێشکەشکراوەو داهاتی شانۆگەرییەکەش بۆ خوێندکارە هەژارەکان بووە ... شانۆگەریی (دایکی نیشتمان) گومان هەیە لەوەی قازی محەمەد نووسیبێتی، من بۆ خۆم لە (کامەران موکری)م بیستووە لەشانۆگەری ناوبراودا ڕۆڵی بینیووەو لەمەهابادو شارەکانی دیکەدا پێشکەشیان کردووە».

لێرەدا چەند باس و ڕوداوێک تێکەڵکراون، هەوڵدەدەم هەندێکیان ڕونبکەمەوە:

یەکەم ـ شانۆگەریی سەلاحەدین و دایکی نیشتمان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پێشکەش نەکراون و بە هەڵە لەم کتێبەدا لە ڕیزی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆماردا دانراون!

بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی مێژویی دەوڵەتی ئێران کە کۆپییان لای من هەیە، لە چەند دانەیەکیاندا ناوی شانۆگەریی «سەلاحەدین» هاتوە و ئاماژە

---

(بڕوانە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ل٨٢، ٢٣٩ ـ ٢٤٠).

بۆ ئەوە کراوە کە لە مانگی فێبروەریی ١٩٤٢ (واتە بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک.) لە مەهاباد شانۆگەرییەک بەناوی «سەلاحەدین»ەوە پێشکەش کراوە. نوسراویشە کە لەو نمایشەدا سوکایەتیی بە سوپای ئێران کراوە، هەروەها باسی ئەوەش کراوە کە ئەو نمایشە لە ڕوی هونەری و ناوەڕۆکیشەوە لاواز بوە. شانۆگەریی «دایکی نیشتمان»یش لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٤٥ دا لە لایەن ئەندامانی «کۆمەڵەی ژ. ک.»ەوە سەرەتا لە شاری مەهاباد و پاشان لە نەغەدە و دواییش لە شنۆ پێشکەش کراوە. ویلیام ئێگڵتۆن لە لاپەڕە (٣٩ ـ ٤٠)ی کتێبەکەیداباسی ئەم نمایشەی کردوە و نوسیویەتی کەوا لە مارسی ١٩٤٥ دا لە مەهاباد پێشکەشکراوە و تەواوی خەڵکی مەهاباد دیویانە، پاش چەند مانگ، لە جولای ١٩٤٥ دا لە شاری شنۆ نمایشکراوە.

دوەم ـ ئەگەر لەوە دڵنیانەبوە کە تێکستی دایکی نیشتمان قازی محەمەد نوسیبێتی، دەبوا لە (٣٩)دا وا بەدڵنیاییەوە نەینوسیایە: «شانۆگەری دووەم بەناونیشانی (دایکی نیشتمان)ە، کە لە نووسینی پێشەوا قازی محەمەدەو لەمەهاباد پێشکەشکراوە».

سێیەم ـ زۆر ڕونکردنەوە هەن کە دەیسەلمێنن تێکستی شانۆگەریی «دایکی نیشتمان» لەباشوری کوردستانەوە بۆ مەهاباد نێردراوە. غەنی بلوریان کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لەئامادەکردن و دەرهێنانی ئەو شانۆگەرییەدا، لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: «سەرکردایەتی ژ. ک. نومایشنامەیەکی دەستکەوتبوو بەناوی «دایکی نیشتمان» کە من نەمزانی ئەو نومایشنامەیە لەکوێوە هاتبوو. دەگوترا لەگەرمێنەوە هاتووە، بەڵام من لام وابوو «میرحاج ئەحمەد» ئەوی لەسلێمانی هێناوە و داوییەتی بەکۆمەڵە»[23].

---

[23] غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک - بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ـ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٣٥.

غەنی بلوریان، لە وتارێکیدا نوسیویەتی: «لە ساڵی ١٩٤٣ی زایینی دا لە شاری مەهاباد لەلایەن ڕێکخراوەی لاوانی کورد، سەر بە کۆمەڵەی (ژێ کاف) نمایشێک بەناوی (دایکی نیشتمان) هاتە سەر شانۆ کە مەڵبەندی موکریانی ڕاتڵەکاند، ناوبانگی دەرکرد. ئەسڵی نمایشنامەکە لە گەرمێنەوە ناردبوو -واتە لە عێراق، بەڵام ناوەڕۆکی گۆڕانێکی، دیموکراتی بەسەردا هات». {بڕوانە: مامۆستا بلوریان و چەند بیرەوەریەکی تێکۆشان، گۆڤاری

---

کوردستان - گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ژمارە ٧، ئۆکتۆبەری ١٩٨٧، ل ١٩}. غەنی بلوریان لای دوکتۆر عەبدوڵڵا مەردوخ ئەوەی دوپاتکردوەتەوە کە تێکستی ئەو نمایشە لە لایەن «حیزبی هیوا»وە بۆ کۆمەڵەی ژ. ک. نێردراوە. {د. عەبدوڵڵا مەردوخ، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و کۆمەڵەی هیوا، بەشی دووەم و کۆتایی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧، ل٣٠ و ٣٤}.

غەنی بلوریان لە وتوێژێک لەگەڵ گۆڤاری (کوردستانی ئیمڕۆ)دا لە وەڵامی پرسێکدا سەبارەت بە تێکستی شانۆیی (دایکی نیشتمان)، گوتویەتی: «لەڕاستیدا تەکستی نومایشنامەکە نیشانیدەدا کە دەبێ زۆر قەدیمی بووبێ چۆن لە بەشی یەکەم لەدووایی روپەلی تەکستەکەدا لە کوردستاندا (مەلیک) چێ دەبوو و ئەمە نیشانی دەدا کە لەژێر تەئسیری چاخی حوکمداری شێخ مەحموددا هاتۆتە نووسین کە خۆی بە (مەلیکی کوردستان بووە ناساندن. بەڵام ئێمە ئەو تەکستەمان بە هێندێک گۆڕانکاری پێویست گۆڕی کە لەئاخری سەحنەکەدا کۆمار پێکدەهات. ناوەرۆکی نومایشنامەکە لە کوردستانی ئێراق و لەگەڵ بارزانیدا هێنرابوو و درا بە کۆمەڵەی (ژ . ک) کە رێبەرانی کۆمەڵە ئەویان بەمندا و ئێمە بە هاوکاری سازمانی جەوانانی کورد شانۆکەمان هێنایە سەر سەحنە...». {بڕوانە: رێزدار غەنی بلوریان بۆ کوردستانی ئیمڕۆ دەدوێ، ریپۆرتاژ: کاکشار ئورەمار، گۆڤاری کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە (٥ و ٦)، تەباخی ٢٠٠٠، ل٢٧ - ٢٨}.

{جێی سەرنجە کە غەنی بلوریان لە نامەیەکیدا کە لە ١٩٨٥/٨/٢١ دا بۆ کەریمی حسامی ناردوە، نوسیویەتی: «... گشت ئەوانەی لەگەلما شەریکی نومایشەکە بوون بە هیچ و پوچ دەرچوون. هێندێکیان بوون بە ساواکی ئیتر هەر باسیان ناکرێ تەنانەت فەراموش بکرین باشترە. تەنیا ناوی عبدلای نهری کە پارەکە ئەتو خوش لە بەر ئەوە رولی دایکی نیشتمانی هەبوو. پیاوێکی کارمەند بوو دنگ خۆش. ناوی ئەوم بردوە و شیاویەتی ...». بڕوانە: کەریمی حسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٨٥ ـ ١٩٨٨، بەرگی نۆهەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥، ل٤٣. کۆپی نامەکە لە هەمان ئەم کتێبەدا لە ل ٢٨٤ ـ ٢٨٥ دا بڵاوکراوەتەوە}.

هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شانۆیی «دایکی نیشتمان» بڕوانە:

١. برایمی فەرشی، کورتەیەک لەسەر شانۆی دایکی نیشتیمان، گۆڤاری گزینگ، ژمارە٧، بەهاری ١٩٩٥، ل٢٣ - ٢٨.

٢. ئەحمەد شەریفی، کێ دایکی نیشتمانی نوسی؟، گۆڤاری مهاباد، ژمارە ٤٩، ئاپریل ٢٠٠٥، ل ١٦ ـ ١٧. {تائێستا بەتەواوی ئەوە ساغ نەبوەتەوە کە نوسەری تێکستی دایکی نیشتمان کێ بوە. ئەحمەد شەریفی لەم وتارەیدا چەند ڕونکردنەوەی گرنگی نوسیوە و وادیارە کێشەکەی بەلایەکدا خستوە! پاش خوێندنەوەی ئەو وتارە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە نوسەری ئەو نمایشە «ئیبراهیم ئەحمەد»ی سیاسەتمەدار، ڕۆژنامەنوس و چیرۆکنوس بوە}.

چوارەم ـ لەبەر ئەوەی کە شاری (سەقز) نەکەوتبوە نێو قەڵەمڕەوی کۆماری کوردستانەوە، ناکرێت چالاکییەکی ڕۆشنبیریی کە لەو دەمەدا لەو شارەدا ئەنجام درابێت، وەک چالاکییەکی ڕۆشنبیریی کۆماری کوردستان لێکبدرێتەوە!

پێنجەم ـ ئەوەش کە نوسیویەتی: «من بۆ خۆم لە (کامەران موکری)م بیستوە لەشانۆگەری ناوبراودا ڕۆڵی بینیوەو لەمەهابادو شارەکانی دیکەدا پێشکەشیان کردوە». زانیارییەکی تەواو هەڵەیە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە!

لە هیچ جێیەکدا نەم خوێندوەتەوە و نەمبیستوە کە کامەران موکری لەو ساڵانەدا چوبێتە مەهاباد! تەنانەت من خۆم لەنزیکەوە ناسیومە و گەلێک جار بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بۆ گێڕاومەتەوە، بەڵام هەرگیز لێمنەبیستوە کە لەسەردەمی چالاکیی کۆمەڵەی ژ. ک. دا چوبێتە مەهاباد. بەڵام گەلێک جار باسی ئەوەی بۆ کردوم کە لەشانۆگەریی «لەڕێی نیشتماندا» وەک ئەکتەر بەشداریی کردوە. ئەو شانۆگەرییە مانگی ئۆگوستی ساڵی ١٩٤٦ لە سلێمانی پێشکەشکراوە و دواتر براوەتە شاری هەولێر و چەند ڕۆژ لەوێش نمایشکراوە[24].

شەشەم ـ لە ل(٥٥)، لە پەراوێزی (١١)دا نوسیویەتی: «نمایشی (دایکی نیشتمان)، ئیگلتۆن ئەو ڕۆژگارەی بە چاوی خۆی لە مهابادێ دیویەتی و باسی کردووە ...». ڕاستییەکەی ویلیام ئیگلتۆن ساڵی ١٩٦١ چوەتە مەهاباد،

---

[24] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شانۆگەریی (لە ڕێی نیشتماندا) بڕوانە:

١. مستەفا ساڵح کەریم، شانۆنامەی لە ڕێی نیشتمان دا، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە ٢٧، ئاپریلی ١٩٩٠، ل٣٨ ـ ٣٩.

٢. یاسین قادر بەرزنجی، ڕۆژنامەی عیراق، ژمارە ١٣٠٦، ١٩٨٠/٦/٩.

٣. حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، بەغداد، ١٩٨٥، ل٥٨ - ٥٩.

٤. یاسین قادر بەرزنجی، شانۆگەرییەکانی سلێمانی لە ساڵانی (١٩٢٦ - ١٩٦١)دا، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٧ - ٤٩.

٥. د. فەرهاد پیرباڵ، مێژوی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٨٧).

ئەویش ئەو کاتەی کە وەک کۆنسولی ئەمریکی لە شاری تەورێز کاریکردوە. سەردانەکەشی بۆ ئەوە بوە کە زانیاریی دەربارەی کۆماری کوردستان و کەسایەتییەکانی ئەو دەمە کۆبکاتەوە. چونکە ئەو چەند ساڵ لەوەپێش بیرۆکەی لێکۆڵینەوە لە کۆماری کوردستانی کەوتوەتە سەر. ویلیام ئیگڵتۆن لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لەکاتی سەردانی مهاباددا زۆربەی کات «سیرۆس حەبیبی» لەگەڵ بوە[25]. سیرۆس حەبیبی دایکی ئەمریکی و باوکی کورد و خەڵکی مەهابادە و ئێستا لە ئەمەریکا دەژی. ئەو لە نمایشی «دایکی نیشتمان»دا ڕۆڵێکی دیاری هەبوە. بێگومان ویلیام ئیگڵتۆن لە زمانی ئەوەوە دەربارەی ئەو نمایشەی نوسیوە، نەک بەچاوی خۆی دیبێتی!

* لە ل(٢٧٠)دا کورتەیەکی ژیاننامەی محەمەد شاپەسەندی نوسیوە کە چەند هەڵەی زەقی تێدا بەدیدەکرێت. لەوێدا ناوی نهێنیی محەمەد شاپەسەندی لەنێو کۆمەڵەی ژ. ک دا بەم جۆرە نوسیوە: «م.اذر». ڕاستییەکەی ناوەکەی بەم جۆرە بوە: «م. ش. اذر ٨٢١». ئینجا نوسیویەتی: «ئەم ڕوناکبیرە، لەساڵی (١٩٣٢ز)دا لەشاری مەهاباد لەدایک بووە». محەمەد شاپەسەندی چەندین جار بەدەمی پێیگوتوم و لەو نامانەشیدا کە بۆی نوسیوم، ئەوەی دوپاتکردوەتەوە کە لە «پایزی ساڵی ١٩٢٠» دا لەدایکبوە[26]. ئەگەر وەک لەو کتێبەدا نوسراوە ساڵی (١٩٣٢) لەدایکبوبێت! کەواتە ئەو دەمەی چوەتە نێو کۆمەڵەی ژ. ک. ەوە تەمەنی (١١) ساڵ بوە!

پاشان هەر لە ل(٢٧٠)دا نوسیویەتی: «لەسەرەتادا لەگۆڤاری (نیشتمان) دەستی بەکاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیی کردووە، پاشان لەسەردەمی کۆماردا لەپاڵ سەید موحەمەدی حەمیدی و قادری مودەڕیسی دا ئەرکی

---

[25] دەربارەی ژیاننامەی «سیرۆس حەبیبی» بڕوانە: سید محمد ڵمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، ل٢٥٣.

[26] ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/١/٢٩ کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ ـ بەکاتی سوید ـ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ سلێمانی کرد و لەگەڵ محەمەد شاپەسەندی قسەم کرد و سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانیی پرسیارم لێکرد. لە نێو قسەوباسدا جارێکی دیکە لەبارەی مێژوی لەدایکبونیەوە پرسیارم کرد و هەمان وەڵامی چەند ساڵ لەمەوپێشی دامەوە و دڵنیایکردم کە لە پاییزی ١٩٢٠دا لەدایکبوە و ئەو مێژوە ڕاست و دروستە.

بەڕێوەبردنی چاپخانەی لەئەستۆ بووە لەپێش ئەوەشەوە هەر وەکو خۆی دەڵێ هەوڵیداوە گۆڤاری (ئاوات)ی دەرکردووەو بە نازناوی (ڕەمزی) نووسیوویەتی و سێ ژمارەی لێ چاپ کردووە».

لەبەرئەوەی زۆر کەسی دیکەش زانیاریی هەڵەیان لەبابەت ئەم گۆڤارەوە نوسیوە، لێرەدا کورتەیەک دەربارەی دەنوسم: گۆڤاری ئاوات: لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە: (گوواریکی ادبی و تاریخی و کومەلایەتی کوردی یە)، (خاوەن امتیاز و مدیری مسئول: محمد اذر). لە ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ (ای خەزەڵوەری ١٣٢٤) بە کوردی و فارسی لە شاری مەهاباد بە ئامێری چاپەکەی کۆمەڵەی ژ. ک. دەرکراوە. پێوانەکەی (١٥ بە ١٩,٥ سم). وێنەی شێخ عەبدولقادری شەمزینی لەسەر بەرگەکەی چاپ کراوە. زۆربەی بابەتەکانی محەمەد شاپەسەندی بە ناوی (محمد اذر)، (اذر) و (م. ا.)ەوە نوسیونی. دو شیعری هێمن، شیعرێکی هەژار بە نازناوی (ر. هــ.) و شیعرێکی (اشکەی) و وتارێکی فارسی لە لایەن (م. ح.) لەم گۆڤارەدا بلاوکراونەتەوە. تەنها ئەم تاقە ژمارەیەی لێدەرچوە[27]. پاش بڵاوبونەوەی ئەو ژمارەیەی

---

[27] محەمەد شاپەسەندی سەبارەت بەم گۆڤارە گوتویەتی: «ئەوسا ئەوەندەی ئەقڵم پێدەشکا خولیای ئەوەم هەبو مجەلەیەکی وەک (خواندنیها) سازبکەم. خواندنیها شتی کەم دەنوسی، بەڵام باسی هەمو جەریدەکانی ئێران دەرەوەی تیادا بو». {بڕوانە: هانا، مامۆستا محەمەد شاپەسەندی - پیتچن و نووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان، (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، ژمارە ٢٥٧، ١٩٩٨/٤/٢٢، ل٩} {سەرنج! قادر وریا لە ئێمایلێکیدا کە لە ٢٠٠٦/٤/١٠ دا بۆی ناردوم، نوسیویەتی: من ئەو بابەتەم بەناوی «هانا»وە بڵاوکردوەتەوە. واتە «هانا» قادر وریایە}.

دەربارەی گۆڤاری ئاوات بڕوانە:

١. جمال خزندار، رابەری رۆژنامەگەریی کوردیی، بەغداد، ١٩٧٣، ل٤٨.

٢. عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، کەرکوک، ١٩٧٠، ل١٤٣.

حەسەن قزڵجی لە گۆڤاری «هەڵاڵە» دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە هەژار شیعری لەگۆڤاری «ئاوات»دا بڵاوکردوەتەوە، بڕوانە:

ح. قزڵجی، شاعری ملیی و بەناوبانگی کورد هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥، ل١٨. هەروەها هێمن لە (تاریک و ڕوون)، ل٢١ دا نوسیویەتی: «کۆمەڵە گۆواری ئاواتیشی چاپ کرد و من لەویشدا نووسیم».

ئاوات، چەند کەس لەبەرپرسانی کۆمەڵەی ژ. ک.، محەمەد شاپەسەندییان بانگ کردوە و ڕەخنەیان لێگرتوە کە چۆن بەبێ ڕەزامەندیی ڕابەرانی کۆمەڵە، گۆڤارێکی بەو ئامێر و کەرەستانەی کۆمەڵە دەرکردوە! ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باسکردون و ڕەخنەکەیانی قبوڵکردوە. ئیدی نەیتوانیوە لەسەری بەردەوام بێت و ژمارەی دیکەی لێدەربکات!

محەمەد شاپەسەندی، چەندین جار باسی چۆنێتی دەرکردنی ئەم گۆڤارەی بۆ کردوم و تەئکیدی کرد کە لە (یەک ژمارە) زیاتری لێدەرنەکردوە و بەهەڵە لەهەندێک کتێب و تاردا نوسراوە (سێ) ژمارەی لێدەرکراوە.

* لە ل(٢٥٧)دا کورتەیەکی ژیاننامەی عەبدولڕەحمان زەبیحی نوسیوە و نوسیویەتی: «لە ١٩٢٠ز دا لەدایک بووە».

ساڵی ١٩٩٧ هونەرمەند زاهیر سدیق لەسلێمانی پەیکەرێکی بۆ عەبدولڕەحمان زەبیحی دروستکرد. لەودەمەدا پرسیاری لە من کرد، لەژێر پەیکەرەکەدا چی بنوسین؟ منیش بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە عەبدولڕەحمان زەبیحی ساڵی ١٩١٨ لەدایکبوبێت. ئیدی لەژێر پەیکەرەکەدا نوسیمان: «تێکۆشەرو ڕوناکبیری گەورەی کورد عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) ١٩١٨ - ١٩٨٠» بۆ دڵنیابون لەوەی کە ١٩١٨ زیاتر جێیباوەڕە، چەند بەڵگەیەکم هەیە:

١. هەژار لە «چێشتی مجێور»، ل(١٨)دا نوسیویەتی: «زەبیحی بە تەمەن لە من باوخۆشتر بوو»[28]. بەو پێیەی کە هەژار لە ١٩٢١/٤/١٥دا لەدایکبوە. کەواتە زەبیحی چەند ساڵێک پێش ئەو ساڵە لەدایکبوە.

٢. محەمەد شاپەسەندی، چەندین جار ئەوەی لای من دوپاتکردوەتەوە کە زەبیحی دو تا سێ ساڵ لەو گەورەتر بوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ

---

* سوپاسی بەڕێز عەبدوڵڵا سەمەدی دەکەم کە لە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٦ ی دێسێمبەری ٢٠٠٥ دا لە ڕێگای ئێمایلەوە کۆپیی هەمو لاپەڕەکانی (گۆڤاری ئاوات) ی بۆ ناردم. بەوەش کۆمەڵێک کێشەمان بە چارەسەر گەیشت و مێژوی دەرچون و ناوەڕۆکی گۆڤارەکەمان بۆ ڕونبوەوە. {دەستخستنی ئەم گۆڤارە لەلایەن عەبدوڵڵا سەمەدییەوە جێی ڕێز و پێزانینە و شایەنی ستایشی تایبەتییە}.

[28] هەژار، چێشتی مجێور، پاریس، ١٩٩٧، ل١٨.

کرد، محەمەد شاپەسەندی لە (پایزی ساڵی ١٩٢٠)دا لەدایکبوە. {بەڵگەی دیکەش لەو بارەیەوە زۆرن بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە بە پێویست دەزانم}.

* لەم کتێبەدا ناوی هەندێک کەس بەهەڵە یان بەشێوەی جۆراوجۆر نوسراون. لێرەدا من ئاماژە بۆ چەند ناوێک لەوانە دەکەم:
لە ل(٦٠) دا نوسیویەتی: «مرادو عەبدوڵڵای ڕازماوەر...». ڕاستییەکەی «مراد ڕەزم ئاوەر و عەبدوڵڵا ڕەزم ئاوەر»ە.
ناوی «دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ»ی سەرپەرشتیاری نامەی دوکتۆراکەی بە چەند جۆر نوسیوە: « د. عیزەددین ...، د. عیزەدین ...، د. عیززەدین ...».
ناوی «عەلادین سجادی»ی بە چەند شێوە نوسیوە: «علاءالدین سجادی، عەلائەدین سەجادی، علاءالدین سەجادی».
ناوی «سدیق ئەنجیری ئازەر»ی بە چەند شێوە نوسیوە: « ڵدیق ئەنجیری ئازەر، سەدیق ئەنجیری ئازەر ...».
لە ل(٣٠٩) دا نوسیویەتی: «یوسف مەلیک». «یوسف مەلیک» هەڵەیە، «یوسف مەلەک» ڕاستە. «یوسف مەلەک» ڕۆژنامەنوسێکی ناسراوی ئاشوری بو. لە ١٨٩٩/٣/١٥ دا لە بەغداد لەدایکبوە. لە قوبروس و بەیروت و گەلێک شوێنی دیکە وەک ڕۆژنامەنوسێکی تێکۆشەر و ئازا بەرگریی لە مافەکانی گەلی ئاشور و سریان... کرد و لە وتار و نوسینەکانیدا هەمیشە هاوسۆزیی خۆی بۆ نەتەوەی کورد دەربڕیوە. لە ١٩٥٩/٦/٢٦ دا لە بەیروت کۆچیدواییکردوە.

* لە ل(٢٤٥)دا کورتەیەکی ژیاننامەی «هێمن»ی نوسیوە و باسی ڕۆڵی «مەلا ئەحمەد فەوزی»ی لە پەروەردەکردنی «هێمن»دا کردوە. پاشان لەدرێژەی ئەو باسەدا، لە ل(٢٨٠) و لەپەراوێزی ژمارە (٢٤)دا نوسیویەتی: «لەبارەی مەلا ئەحمەد حاجی عەلی هەڵەبجەییەوە علاالدین سجادی هەر ئەوەندەی نووسیووە، کە لەسابلاغ دانیشتوەو لەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٣دا مردوە». سەیر ئەوەیە هیچ لەوەی نەکۆڵیوەتەوە کە ئەو ساڵە تا چ ڕادەیەک دروستە! باشە ئەگەر وا دابنێین کەئەو ساڵە ڕاستە، کەواتە دەبێت هێمن کە لە ١٩٢١/٥/٥دا لەدایکبوە، بە «دو ساڵیی» لای ئەو خوێندبێتی !

سەبارەت بە ژیان و شیعرەکانی مەلا ئەحمەد فەوزی هەندێک زانیارییم لای خۆم تۆمار کردوە و لەچەند وتارو لێکۆڵینەوەمدا کورتەیەکیم بڵاوکردوەتەوە[29]. لێرەدا پوختەیەکی دەخەمە بەرچاو: مەلا ئەحمەد فەوزی ساڵی ١٨٧٥ لە گوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایکبوە. لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموددا یەکێک بوە لە منەوەرەکانی ئەو دەمی سلێمانی. پاش لەناوچونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، سلێمانی بەجێ دەهێڵێت و لە ناوچەی موکریان، لە گوندی حاجی کەند دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردە وفێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرەوە خەریک دەبێت. قازی محەمەد، هێمن، حەسەن قزڵجی و گەلێک ڕوناکبیر و تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بون و شانازییان بەوەوە کردوە کە فەوزی مامۆستایان بوە.

هێمن لە سەرەتای دیوانی «تاریک و ڕوون»دا، لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویە: «فەوزی بە بڕوای من یەکێکە لەگەورە پیاوانی مێژووی کوردستان، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتان و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لە سەردەمی پاتشایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی دا... ئازایانە کوردایەتیان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کەشاگردی فەوزی بووە. مەلا ئەحمەد فەوزی یا مەلای سولیمانی کێ بوو؟ چکارە بوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببوو؟ نازانم... دەیان گوت خەڵکی شاری سولیمانی یە و لەکوردستانی عیراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا ... هاتۆتە موکریان. پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارەکردبۆوە و کچێکی لێ هەبوو... بۆ خۆی لەساڵی ١٩٤٣-١٣٢٢ دا

---

[29] دەربارەی مەلا ئەحمەد فەوزی بڕوانە:

١. جوتیار حاجی تۆفیق، حەسەنی قزڵجی دڵێکە لەلێدان ناکەوێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ١٩٩٧/٢/١٩، پەراوێزی ٣.

٢. جوتیار حاجی تۆفیق، کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٨٢-٩٢، پەراوێزی ٤. {ئەم گۆڤارە لە ستۆکهۆڵم، بە دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی و بەپیتی لاتینی دەردەچێت}.

لەگوندی حاجی کەند مردو لەخانەقای شێخی بورهان نێژراوە»[30].
{جێی سەرنجە کە لە «تاریک و ڕوون»دا ساڵە زاینییەکە بەدروستیی نوسراوە. بەڵام ساڵە هەتاوییەکە بە هەڵە بوەتە (١٩٢٢). ڕاستییەکەی ساڵی (١٣٢٢)ی هەتاوییە}.
* لە ل(٢٦٧-٣٦٩) و چەند لاپەڕەی دیکەشدا هەندێک زانیاریی کورتی دەربارەی سەید محەمەد حەمیدی نوسیوە، بەڵام هیچی دەربارەی بیۆگرافیی ئەو نەنوسیوە، کە لەکاتێکدا سەید محەمەد حەمیدی یەکێک لەناسراوترین نوسەران و ڕوناکبیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرنوسەری گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان بوە. دەبوا لەم کتێبەدا تا ڕادەی پێویست دەربارەی ژیاننامەی بنوسرایە.

من لای خۆمەوە بەنامە و ئیمایل و فاکس، پەیوەندیم بەچەند کەسەوە کردوە و هەندێک زانیاریم سەبارەت بەبیۆگرافیی سەید محەمەد حەمیدی لای خۆم یاداشت کردوە. هەروەها ئەحمەد شەریفی لەوتارێکی بەنرخیدا کورتەیەکی ژیاننامەی ئەوی نوسیوەتەوە[31].
* لە ل(٤٢)دا ناوی «سدیق ئەنجیری ئازەر»ی هێناوە و لە ل(٦١)، لە پەراوێزی ژمارە (٣٨)دا نوسیویەتی: «ئەم ڕووناکبیرە لەساڵی ١٩٦٨ دا تیرۆر کرا». پاشان لە ل(٦٢)دا بەپێی سەرچاوەیەکی دیکە نوسیویەتی: «هێدی پێی وایە لە ساڵی ١٩٦٦دا لە مامەڕووت لە کوردستانی باشوور لە ئەنجامی سەرەڕۆیی ئەحمەد تۆفیق دا تێدا چووە«. لە ل(٩٩)شدا نوسیویەتی: «سەدیق ئەنجیری ئازەر یەکێک بوو لە تێکۆشەرەکانی سەردەمی کۆمارو پاشتریش وەکو مامۆستای قوتابخانە، دوور خراوەتەوە بۆ تاران و لەوێ پەرەی بە خوێندن داوەو بووەتە مامۆستای زانستگا... پاش ڕووخانی کۆمار ئاوارەی کوردستانی باشوور بوو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ حیزبی (تودە)ی مارکسیدا کاری کرد».

---

[30] هێمن، تاریک و ڕوون، لەبلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل١١.

[31] بڕوانە: ئەحمەد شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل١٧-٢١.

لێرەدا چەند هەڵەی زەق بەرچاو دەکەون:

١. بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە سدیق ئەنجیری ئازەر لە سەرەتای مانگی مای ١٩٦٦دا بە بریاری ئەحمەد تۆفیق «عەبدوڵڵا ئیسحاقی» و بەدەستی سەید حەسەن ئیسحاقی (برازای ئەحمەد تۆفیق) تیرۆرکراوە. چەند کەسی دیکەش دەستیان لەوکارە تیرۆریستییەدا هەبوە کە هەندێکیان مردون و ئەوانی دیکەش لە ژیاندان!

٢. سدیق ئەنجیری ئازەر «مامۆستای زانستگا» نەبوە، بەڵکو کارمەند «فەرمانبەر» بوە لە وەزارەتی فەرهەنگ!

٣. سدیق ئەنجیری ئازەر پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان نەهاتوەتە باشوری کوردستان، بەڵکو دوای ڕوخانی کۆمار خۆی گەیاندوەتە تاران و لە گوندی (گلندوک) کە دەکەوێتە نزیک تارانەوە، بوەتە مامۆستا و بەوجۆرە خۆی گومکردوە و لەگرتن و زیندان ڕزگاریبوە. ئیدی هەر لەتاران ژیاوە هەتاکو ساڵی ١٩٦٤. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٤دا لەسەر داوا و پێشنیاری «سلێمان موعینی» بۆ بەشدارییی لە دوەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە تارانەوە هاتوەتە ناوچەی قەڵادزێ و دواتر نەیتوانیوە بگەڕێتەوە و ویستویەتی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات. سەرەنجام ئەحمەد تۆفیق سەرنوگمی کردوە[32].

[32] شایانی باسە محەمەد خزری ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی سوید کتێبێکی بە ناوی «لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٨ی حیزبی دیموکراتی کوردستان» بڵاوکردەوە کە بەشی زۆری دەربارەی ژیان و تێکۆشانی «سدیق ئەنجیری ئازەر»ە و تیایدا ڕۆشنایی خستوەتە سەر دوا ساڵەکانی ژیانی و چۆنێتیی سەرنگومکردنی. {بەداخەوە ئەو کتێبە هەڵەی چاپی زۆرە، ئەگینا باسەکانی بەنرخ و گرنگن و ڕاستگۆیانە نوسراون}.

* گۆڤاری هاواری نیشتمان، یەکەم ژمارەی ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٣/٢١ لەلایەن سدیق ئەنجیری ئازەرەوە دەرکراوە.

* عەلادین سجادی، ساڵی (١٩٥٢) لە کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی) دا نوسیویەتی: «هاواری نیشتمان: تاقە ژمارەیەکی بە گوڤار و ئەوانیتری بە وینەی روژنامە لە لایەن لاوانی کوردوستانەوە لە سابلاخ لە ١٩٤٥- ١٩٤٦ چەن ژمارەیەکی لی دەرچوە». {بڕوانە: علاءالدين سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپخانەی معارف، ١٩٥٢، ل٥٥٧}.

**٤. «حیزبی (توده)ی مارکسی» هەڵەیە، «حیزبی تودەی ئێران» ڕاستە.**

*** لە ل(٢٣١)دا کورتەیەکی ژیاننامەی «حەقیقی» شاعیری نوسیوە، لەوێدا ساڵی لەدایکبون و مردنی ئەوی بەم جۆرە نوسیوە: (١٩٠٢ ـ ١٩٩٥ز). ڕاستییەکەی حەقیقی لە ١٣٧٥/١٠/٢٨ (١٩٩٧/١/١٧)دا لە بۆکان کۆچیدواییکردوە، نەک ١٩٩٥.**

*** لە ل(٢٣٤)دا کورتەیەکی ژیاننامەی «سەید کامیلی ئیمامی» شاعیری نوسیوە، بەڵام نەیزانیوە کەی کۆچی دواییکردوە و لە جێی مێژوەکە نیشانەی پرسیاری داناوە. سەید کامیلی ئیمامی لە ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٢٧ (١٣٦٨/٦/٥)دا کۆچیدواییکردوە.**

*** لە ل(٢٥٠)دا کورتەیەکی دەربارەی ژیاننامەی «خالید ئاغای حسامی» نوسیوە. لەوێدا نوسیویەتی: «هێدی ١٩٢٧ ـ ؟ ز». دەبینین لە جێی ساڵی (مردنی) نیشانەی پرسیاری داناوە! کە لە حاڵێکدا خالید ئاغای حسامی**

---

* محەمەد تۆفیق وردی ساڵی (١٩٦٩) سەبارەت بە (هاواری نیشتمان) نوسیویەتی: «ڕوژنامەیەکی هەفتەیی و بلاوکەرەوەی بیری لاوانی کوردستان بو. لە لایەن (شەهید لەدیق ئەنجیری) لە (سابلاخ- مەهاباد) بلاوئەکرایەوە، دوای چەند ژمارەیەک ئەنجا بە وینەی گوڤار چاپ ئەکرا. (محمد توفیق وردی) سەرەک نووسەری بوو، هەر لە سالی (١٩٤٦) دا پەکی کەوتوە». {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی - النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل٤٣}.

* {سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/١٨ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ لەندەن کرد و لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی (مامە قالەی دەباغی) سەبارەت بە هەندێک باسی پەیوەند بە کۆمەڵەی ژ. ک. و گۆڤاری هاواری نیشتمان و سدیق ئەنجیری ئازەر وتوێژمان کرد، مامە قالە سەبارەت بە گۆڤاری هاواری نیشتمان گوتی: «سدیق ئەنجیری ئازەر ئەم گۆڤارەی بە پارەی خۆی و بە تیراژی ٢٠٠ دانە چاپکرد. لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا سدیق ئەنجیری ئازەر وەک دۆست و لایەنگری حیزبی تودەی ئێران ناسرابو، لەو گۆڤارەشیدا هەندێک بابەتی لەو جۆرەی بلاوکردبوەوە، ئیدی خەڵک پێشوازیی لە گۆڤارەکە نەکرد و هەرچەند کەمیشی لێ چاپکردبو، بەڵام زۆربەی لای خۆی مایەوە و بۆی نەفرۆشرا. سدیق ئەنجیری ئازەر بەر لەوەی گۆڤارەکە چاپ بکات بە قازی محەمەدی گوتبو نیازم هەیە گۆڤارێکی لەو جۆرە و بەو ناوەرۆکەوە دەربکەم. قازیش گوتبوی: باشە، هیچ مانیعێک نییە، بەڵام دەبێت تۆ بڕوات بە دیموکراتیی هەبێت و ئەگەر ڕەخنە لە ناوەرۆکی گۆڤارەکەت گیرا نیگەران نەبیت و ڕەخنەی خەڵک قبوڵ بکەیت ...).

ئێستا له شاری هەولێر دەژی، تەنانەت نوسەری ئەم کتێبەش ئەو ڕاستییەی زانیوە و لە ل(٢٥٢)دا نوسیویەتی: «تا ئەمڕۆیش لە ژیاندا ماوەو لە شیعر نوسینیش بەردەوامە». مادام خالید ئاغای حسامی هەتاکو ئێستا لەژیاندایە، دەبوا تەنها ئاماژەی بۆ مێژوی لەدایکبونی بکردایە و نەدەبوا نیشانەی پرسیار لەجێی مێژوی مردنی دابنێت ![33]

* لە ل(١٧٠)دا نوسیویەتی: «ڕۆژنامەی کوهستان یەکەمین ژمارەی لە دوو شەممە ٧ی ئاداری ١٩٤٤دا دەرچووە».

لێرەدا چەند ڕونکردنەوەیەک بە پێویست دەزانم:

یەکەم ـ یەکەمین ژمارەی (نامەی هەفتەگی کوهستان)، ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ بەرامبەر بە(٢٦ی فێبروەری ١٩٤٥) دەرکراوە، نەک (٧ی ئاداری ١٩٤٤) !!

دوەم ـ جێی سەرنجە لە چەند لاپەڕەدا، لە پەراوێزەکاندا مێژوی دەرچونی هەندێک ژمارەی (نامەی هەفتەگی کوهستان)ی بەهەڵە نوسیوە، بۆ نمونە لە ل (٢١٩)دا لە پەراوێزی ژمارە (٢١)دا نوسیویەتی: «کوهستان، ژ (٢)، ١٤ی شوباتی ١٩٤٤». باشە ئەگەر (یەکەم) ژمارەی (نامەی کوهستان) لە ٧ی ئاداری ١٩٤٤دا دەرکرابێت، {وەک لەم کتێبەدا نوسراوە}، چۆن (دوەمین) ژمارەی لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٤ دا دەرکراوە! خۆ بەرەودواوە نەڕۆیشتوە! (ڕاستییەکەی ژمارە (٢) لە ١٩٤٥/٣/٥ دا دەرچووە).

هەروەها لە ل(٢٢٠)، پ (٤٢) دا نوسیویەتی: «کوهستان، ژ ٦٦، ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤٦»، بەڵام لە ل(٢٢١)، پ (٥٨) نوسیویەتی: «کوهستان، ژ ٦٦، ٢٩ی تەمووزی ١٩٤٦». دەبینین ژمارە (٦٦) جارێک بە (٢٩ی حوزەیران) و جارێکی دیکە بە (٢٩ی تەمووز) دراوەتە قەڵەم.

لە ل(٢١٩) دا لە پەراوێزی ژمارە (١٩) نوسیویەتی: «کوهستان، ژ ٣٥، ٢٨ تشرینی دووەمی ١٩٤٥». ڕاستییەکەی ژمارە ٣٥ لە ١٩٤٥/١١/١٩ دا دەرکراوە. هەر لە ل(٢١٩) دا لە پەراوێزی (٢٦) دا نوسیویەتی: «کوهستان، ژ ١٥، ١٤ی

---

[33] خالید ئاغای حسامی لەسەردەمی کۆماردا بە نازناوی «شێواو» و پاشتر بە نازناوی «هێدی»یەوە شیعرەکانی خۆی بلاوکردوەتەوە.

مایسی ١٩٤٥». ڕاستییەکەی ژمارە ١٥ لە ١٩٤٥/٦/٤ دا دەرکراوە. هەروەها مێژوی دەرچونی چەند ژمارەی دیکەشی بە هەڵە نوسیوە.
* لەم کتێبەدا لە ل(١٧١) و هەندێک لاپەڕەی دیکەدا چەند ڕونکردنەوەی کورت دەربارەی «دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان» نوسراوە. هەروەها لە ل(٣٢١ ـ ٣٢٣) دا نامەیەکی جەلیل گادانی بڵاوکراوەتەوە کە لە (١٣٧٦/٥/٣١ ـ ١٩٩٧/٨/٢٢)دا نوسیویەتی و تیایدا بەشێوەیەکی گشتیی دەربارەی دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵانی نوسیوە. نە لەو نامەیەدا و نە لە لاپەڕەکانی دیکەدا زانیاریی گرنگ و پێویست دەربارەی بیۆگرافیی دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان نەنوسراوە.
* لە ل(٢٥٩) و (٢٦٠)دا چەند دێڕێکی دەربارەی دڵشاد ڕەسوڵی نوسیوە، بێ ئەوەی توانیبێتی گۆشەیەک لە بیۆگرافیی ئەو ڕونبکاتەوە. لەوێدا لە زمانی (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ەوە نوسیویەتی: «... لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەستی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا تێکەڵکردو بە دەستی شۆڕش لە ١٩٦٥دا کوژرا». سەیر ئەوەیە کە دوان لەو سەرچاوانەی نوسەری ئەم کتێبە سودی لێوەرگرتون، هەندێک زانیارییان سەبارەت بە ژیانی دڵشاد ڕەسوڵی تێدایە، بەڵام چونکە بە وردیی نەیخوێندونەتەوە، ئاگای لەوە نەبوە! یەکێکیان کتێبی (چێشتی مجێور)ی هەژارە، کە نوسەری ئەم کتێبە لە ل(٢٩٦)دا (وەک یەکێک لە سەرچاوەکان) ئاماژەی بۆکردوە. هەژار لەو کتێبەیدا، لە ل(٤٤٨)دا کورتەیەکی دەربارەی دڵشاد ڕەسوڵی نوسیوە و باسی دواساڵەکانی ژیانی ئەوی کردوە. ئەوی دیکەیان کتێبی «نگاهی به تاریخ مهاباد»، نوسینی (سەید محەمەد سەمەدی)یە، کە لە ل(٥٤) و چەندین لاپەڕەی دیکەدا وەک سەرچاوە سودی لێوەرگرتوە. سەید محەمەد سەمەدی لەو کتێبەیدا لە ل(١٧٤ ـ ١٧٧)دا لە زمانی عەبدولڕەحمان ڕەسوڵی (برای دڵشاد ڕەسوڵی)یەوە، کورتەیەکی ژیاننامەی دڵشاد ڕەسوڵی نوسیوەتەوە و تاڕادەیەک ناساندویەتی. سەید محەمەد صەمەدی لەو کتێبەیدا، لە ل(١٧٧)دا نوسیویەتی: «دلشاد در حدود سال ١٣٤٧ شمسی به دست افراد بارزانی کشته شد». ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی دەکاتە ١٩٦٨[34].

---

[34] کورتەیەکی ژیاننامەی «دڵشاد ڕەسوڵی»م لای خۆم نوسیوەتەوە و لە دەرفەتێکدا بڵاویدەکەمەوە. هەروەها محەمەد شاپەسەندی وێنەیەکی زۆر بەنرخی ئەوی داومەتێ کە کاتی خۆی دڵشاد ڕەسوڵی وەک هاوڕێیەکی نزیکی بۆ یادگاریی پێشکەشی کردوە.

* له ل(١٠٩) و (٢٦٣)دا نوسیویەتی: «حەسەنی قزڵجی له ١٩٨٥دا شەهید بووه».
وەکو من له ژیاننامەی «حەسەن قزڵجی»م کۆڵیوەتەوه، گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٣دا شەهیدکراوه. جێی سەرنجە کە نوسەری ئەم کتێبە لە ل١٦٠، لە پەراوێزی (٤٤) و لە ل٢٨٢ ـ ٢٨٣، پ (٥٣)دا نوسیویەتی: «بۆ ژیانی شەهید حەسەنی قزڵجی بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، ح د ک ا، ژ ٢٥٧، ١٩٩٨، ل١٠».
کاتێک ئەم ئاماژەیەم خوێندەوه، سەرمسوڕما کە چۆن لەو ژمارەیەی «کوردستان» دا ژیاننامەی حەسەن قزڵجی نوسراوه و ئەوه بەسەر مندا تێپەڕیوه! کە لەکاتێکدا خۆم لە ڕێگای «جەلیل گادانی»یەوه بەشدارییەکی بچکۆلانەم لەو ژمارەیەدا هەبوه و پاش دەرچون لە چاپ چەند دانە بۆ من نێردرا هەتاکو بیاندەم بەو ئەدیب و نوسەرانەی سلێمانی کە بایەخ بە مێژوی ڕۆژنامەنوسیی کوردی دەدەن. خۆشبەختانە ئێستا لە کتێبخانە بچکۆلەکەی خۆمدا ژمارە (٢٥٧)ی ڕۆژنامەی کوردستانم هەیە. ئەو ژمارەیە لە ١٩٩٨/٤/٢٢ دا دەرکراوه و تایبەتە بە جەژنی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی. لە لاپەڕە (١٠)ی ئەو ژمارەیەدا وێنەیەکی حەسەن قزڵجی و پەرەگرافێکی (یەک ستونی)ی زۆر کورت هەیە کە هیچ زانیارییەکی دەربارەی ژیاننامەی حەسەن قزڵجی تیادا نییە!

بەر لە دەرچونی ئەو ژمارەیەی کوردستان و ساڵانێکی زۆر لەوەپێش، لەگەڵێک گۆڤار و ڕۆژنامەدا وتار و لێکۆڵینەوەی تایبەت سەبارەت بە بیۆگرافیی حەسەن قزڵجی بڵاوکراوەتەوه، وادیارە نوسەری ئەو کتێبە ئاگای لە هیچ کام لەوانە نەبوه، بۆیە بۆ ژیاننامەی حەسەن قزڵجی سەرنجی خوێنەری بۆ ئەو پەرگرافە کورتە ڕاکێشاوه!! لێرەدا (هەر بۆ نمونە) ئاماژە بۆ چوار وتار دەکەم کە تایبەتن بە ژیاننامەی حەسەن قزڵجی و بەر لە ژمارە (٢٥٧)ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراونەتەوه:
١. عوسمان مەحمود ئەحمەد، لە یادی نەمراندا «حەسەن قزڵجی»، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ل١٧ ـ ١٩.
٢. جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا - هیڤی، ژمارە ٤، ئەیلوولی ١٩٨٥.

٣. کەریم حسامی، شەهیدی نەمر حەسەن قزڵجی، گۆڤاری پەیڤ، لەندەن، ژمارە ٣، ١٩٨٦.

٤. جوتیار حاجی تۆفیق، حەسەن قزڵجی دڵێکە لەلێدان ناکەوێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ١٩٩٧/٢/١٩.

* نوسەری ئەم کتێبە (دو) کەسایەتیی نەتەوەکەمانی لێبوە بە (یەک) و خۆیان و نوسراوەکانیانی تێکەڵ کردوە! ئەو دو کەسایەتییە بریتین لە: «عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج» و «عومەر محەمەد ئەحمەد بابان». ئەم دیاردەی تێکەڵکردنە لە لاپەڕەکانی (٢٠٠، ٢١٠، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٣٣٤)ی کتێبەکەدا بە ڕۆشنیی دیارە.

عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج و عومەر محەمەد ئەحمەد بابان هەردوکیان خەڵکی شاری سلێمانین و هاوڕێ و دۆستی یەکترن. هەردوکیشیان بەشدارییان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا کردوەو لەو ڕێیەدا توشی دەربەدەری و گێرمەوکێشە هاتون. لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا پێکەوە لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەیان بە ناوی محەمەد عەبدوڵڵا چون بۆ مەهاباد و بەشدارییان لەو کۆمارەدا کردوە.

عومەر محەمەد ئەحمەد بابان، لە ١٩٣٠ دا لە گەڕەکی مەڵکەندیی شاری سلێمانی لەدایکبوە. شیعر و وتار و بەرهەماکانی بەنازناوی (هۆمەر، عولە، مام هۆمەر، ع. م. ا. و ژیلەمۆ) بڵاوکردوەتەوە، لە ساڵی (١٩٨٦)ەوە لەگەڵ خێزانەکەی لە سوید دەژی[35].

ساڵی ١٩٨٨ بەشێک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانی بەناوی «ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا» لە سوید بڵاوکردوەتەوە[36]. ساڵی ٢٠٠٠

---

[35] عومەر محەمەد ئەحمەد بابان جیا لە نامیلکەی «ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا» چەند بەرهەمی دیکەشی بڵاوکردوەتەوە، لەوانە:

١. جەنگیزخان لەناوبەری گەلان، ١٩٧٢، وەریگێڕاوە.

٢. ڕاسپۆتین قەشەیەکی داوێن پیس و فێڵباز، ١٩٨١، وەریگێڕاوە.

٣. کڵپەی دەروونی ئاوارە، شیعر، ١٩٩٤، سوید، ١٥٠ لاپەڕەیە.

[36] بڕوانە: عولە (ع. م. ا.)، ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز.

ئەم کتێبە لە هەولێر چاپکراوەتەوە[37]. شایانی باسە کە لە کتێبی «ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧»دا (کە من ئەم لێکۆڵینەوەیەم دەربارە نوسیوە) ناوی ئەم نامیلکەیە بەم جۆرە نوسراوە: «ساڵێک بوو کورد ئازاد نەژیا» {بۆ نمونە بڕوانە لاپەڕەکانی: ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٩٤}. ڕاستییەکەی «ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا»یە نەک (نەژیا) !!

عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج، ساڵی ١٩٢٨ لە گەڕەکی سابونکەران، لە سلێمانی لەدایکبوە. ساڵی ١٩٩٥ کورتەیەکی بیرەوەرییەکانی خۆی لە نامیلکەیەکدا بە ناوی«سەبازێکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردا» بڵاوکردوەتەوە. هەرچەند خۆی لە سلێمانی دەژی، بەڵام نامیلکەکە لە هێلسینکی ـ فینلەندا، لەلایەن «کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان»ەوە چاپکراوە. ساڵی ٢٠٠٣ سەرلەنوێ بیرەوەرییەکانی خۆی بە ناوی «سەبازێکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردستاندا» بڵاوکردوەتەوە. عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی[38].

* لە ل١١٠ دا دەقی ئەو زانیارییانەی دوکتۆر کەمال ئەحمەد مەزهەر کە لە کتێبی «تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل ٢٣٩» دا دەربارەی گۆڤاری «هەڵاڵە»ی نوسیوە، وەکو خۆی ڕاگواستوە. پاشان سەبارەت بە زانیارییەکانی دوکتۆر کەمال نوسیویەتی: «ئەم ناساندنەی دکتۆر کەمال مەزهەر ناتەواوەو من وای بۆ دەچم تا ئەو کاتە ژمارەکانی گۆڤارەکەی نەدی بووبێ. چونکە نەینووسیووە چەند ژمارەی لێ چاپکراوە»[39].

---

[37] بڕوانە: عولە (ع. م. ا.)، ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز.

[38] نوێترین بابەتی کە بلاویکردوەتەوە و من خوێندومەتەوە، وتارێکە لە هەفتەنامەی «هەواڵ» دا بڵاوکراوەتەوە. {بڕوانە: حاجی عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج، بەهاددین نوری دوێنی چی ووتووەو ئێستا چی دەڵێ..؟!، هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە ١٥١، ١/١٠/٢٠٠٥، ل٦}. هەروەها بڕوانە: ئەو وتوێژەی کە هەفتەنامەی هەواڵ لەگەڵیدا سازیداوە و لە ژمارە ١١٦، ٢٥/١/٢٠٠٥، ل٦ دا بلاوکراوەتەوە).

[39] نوسەری ئەم کتێبە لە چەند لاپەڕەی دیکەشدا سەرنجی لەو جۆرەی دەربڕیوە و وای زانیوە (لە خۆی) بەولاوە کەسی دیکە گۆڤار و بلاوکراوەکانی کۆماری کوردستانی نەدیوە و ئەوانەی

وەڵامی ئەم بۆچونە ناڕاستە بە چەند خاڵێک دەدەمەوە:

١. یان نوسەری ئەم کتێبە ئاگای لێنەبوە، یاخود بە ئەنقەست پشتگوێی خستوە، دوکتۆر کەمال مەزهەر لە هەمان سەرچاوەدا (واتە تێگەیشتنی ڕاستی، ل٨٢) دەربارەی گۆڤاری «هەڵاڵە» نوسیویەتی: «ژمارە یەکی بەر مانگی ڕەشەمێی ساڵی ١٣٢٤ دەکەوێ، واتە سەرەتای مارتی ١٩٤٦، لە بۆکان چاپ دەکرا. ژمارە ٢ی مانگی خاکەلێوە و ژمارە ٣ی مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ (نیسان و مایسی ١٩٤٦) چاپ کراون. مودیری ئیدارەی ح. قزڵجیی بوو». دەبینین دوکتۆر کەمال مەزهەر ساڵی ١٩٧٨ ئاماژەی بۆ هەر «سێ» ژمارەکەی گۆڤاری هەڵاڵە کردوە و مێژوی دەرچونیانی بە دروستیی نوسیوە!

٢. دوکتۆر کەمال مەزهەر، لە هەمان کتێبیدا (لە ل٢٣٩) دا پێوانەی گۆڤارەکەی نوسیوە کە (٢٣سم بە ١٥سم بوە). ئایا بەر لەو کەسی دیکە پێوانەی ئەو گۆڤارەی نوسیوە؟ ئایا ئەگەر دوکتۆر کەمال گۆڤارەکە یان کۆپییەکەی لەبەردەستتدا نەبوبێت دەیتوانیی لە خۆڕا و لەگۆترە پێوانەکەی وا بە دروستیی بنوسێت!

٣. ساڵانی ١٩٨٥ ـ ١٩٨٩ ئەو دەمەی کە لە زانکۆی بەغداد، لە کۆلیژی ئاداب دەمخوێند، هەرکە بمزانیایە دوکتۆر کەمال مەزهەر لە ژورەکەی خۆی دانیشتوە و کاتی هەیە و کەسی لا نییە، دەچومە لای و سەبارەت بە زۆر باس

---

کە وتار و لێکۆڵینەوەیان لەو بوارەدا نوسیوە (لەگۆترە) بەو باسانەوە خەریکبون! {بۆ دڵنیایی بڕوانە: «ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧، لاپەڕەکانی ٩٢، ٩٩، ١٢٣، ١٣١ ـ ١٣٢». ڕاستییەکەی ساڵانێکی زۆر بەر لە کتێبەکەی ئەو، دەیان نوسەر و لێکۆڵەری نەتەوەکەمان لەو بوارەدا وتارو لێکۆڵینەوەی سەنگینیان نوسیوە و بێئەمەکییە کە چاو لە ئاست ڕەنجی ئەو هەمو کەسە دڵسۆزەدا بنوقێنرێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە شوێنی خۆیدا ئاماژەم بۆ گەلێک لەو وتار و لێکۆڵینەوانە کردوە. لێرەشدا هەر بۆ نمونە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە نەوشیروان مستەفا ئەمین ساڵی ١٩٩٣ لە کتێبی «حکومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤێتدا»دا زانیاریی وردی دەربارەی گەلێک لە گۆڤارەکانی سەردەمی کۆمار و پێش کۆمار و ڕۆژنامەی کوردستان تۆمارکردوە و گەلێک وتار و پەرەگرافی لێیانەوە ڕاگواستوە و کلێشەی گەلێکیانیشی بڵاوکردوەتەوە. گومانی نییە ئەگەر ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە (یان کۆپییەکانیانی) لەبەردەستدا نەبوبێت، نەیدەتوانی پەرەگرافیان لێوە ڕابگوێزێت و کۆپیی بەرگەکانیان چاپبکات.

و کەسایەتیی نەتەوەکەمان پرسیارم لێدەکرد و ئەویش وەک مامۆستایەکی میهرەبان و دڵسۆز زۆر بە وردی و خۆشحاڵییەوە وەڵامی دەدامەوە و سەرچاوەی بۆ دەهێنام و ڕێنوێنیی دەکردم. تەنانەت چەند وتاریشی بۆ ڕاستکردمەوە و تێبینیی زۆر بەجێ و بەنرخی دەربارەیان بۆ نوسیم. جارێکیان سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. و کۆمار پرسیارم لێکرد. لە وەڵامدا گوتی: «من لە کتێبی تێگەیشتنی ڕاستی دا بە پێی ئەو ژمارانەی کە هەتاکو ئەوکاتە دەستم کەوتبون زانیارییم دەربارەی زۆربەیان نوسیوە، کاتی خۆیشی کە من لە کۆڕی زانیاریی کورد کارم دەکرد، هەندێک لەو گۆڤار و بڵاوکراوانەمان پەیداکرد و لە کتێبخانەکەیدا دامان نان بۆ کەسانێک کە کاری لێکۆڵینەوە دەکەن، جا نازانم ئێستا ماون یان نا؟!».

ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢١ سەردانی دوکتۆر کەمالم کردەوە، گوتی: «باش بو هاتیت، دانەیەکی کتێبی «تێگەیشتنی ڕاستی»م بۆ هێناویت و پێشکەشتی دەکەم». سوپاسم کرد و وەکو دیارییەکی زۆر بە نرخ لێموەرگرت. تا ئێستاش ئەو کتێبەم وەک یەکێک لە کتێبە سەنگینەکانی کتێبخانە بچکۆلەکەم هەر پاراستوە و لەم دورە وڵاتییەش هەر هاوڕێمە. ئیدی بەشوێن گوتەکەی دوکتۆر کەمالدا بە هاوکاریی مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم و دلێری کوڕی مامۆستا عەلادین سجادی و چەند کەسی دیکە توانیم لە نێو کتێبخانە بێنازەکەی کۆڕدا، کۆپیی گەلێک ژمارەی (گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گروگاڵی منداڵانی کورد، گۆڤاری کوردستان...) بدۆزمەوە و لە ماوەی چەند ڕۆژدا توانیم بیانخوێنمەوەو زانیارییەکی زۆر دەربارەیان بنوسم. تەنانەت ڕێگای ئەوەشیاندام کە چەند لاپەڕەیان لێکۆپیی بکەم.

* هەرچەند من نیازم نییە هیچ دەربارەی لایەنی زمانەوانیی و ڕێنوس و خاڵبەندیی ئەو کتێبە بنوسم، بەڵکو ئەوە جێدەهێڵم بۆ کەسانی پسپۆڕی ئەو بوارانە، بەڵام لە دوا سەرنجمدا چەند تێبینییەکی زۆر کورت دەخەمە بەرچاو:

١. لە چەند لاپەڕەدا وشەی «سەرانی» بۆ ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان بەکارهێناوە. بۆ نمونە لە ل(٤٩)دا ناوی سەرباسەکەی بەم جۆرە نوسیوە: «دادگایی و لە سێدارەدانی سەرانی حکومەت».

لای هەمومان ڕۆشنە کە لە زمانی سیاسیی و ڕۆشنبیریماندا وشەی «سەران» وشەیەکی نێگەتیڤە و بۆ بەرەی دوژمنان و ناحەزان بەکاریدەهێنین. بۆ نمونە لەباری مۆراڵییەوە جوان نییە بنوسین «سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان». ئەگەر نوسەری ئەم کتێبە پێیوایە کە ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان لەبەرەی گەلدا بون و دژی داگیرکەرانی کورد و کوردستان بون، دەبوا وشەی وەک: «ڕابەرانی، سەرکردەکانی، بەرپرسەکانی ... » بەکاربهێنایە نەک «سەرانی»!

٢. چ «هێمن» و چ «هەژار»یش لە کتێب و شیعر و بەرهەمەکانیاندا کاتێک ناوی خۆیان نوسیوە، تەنها «هێمن» و «هەژار»یان نوسیوە. کەچی لەم کتێبەدا، لە دەیان لاپەڕەدا «هێمن موکریانی» و «هەژار موکریانی» نوسراوە. لە حاڵێکدا هەردوکیان، بەرلەهەرچی، خۆیان بە «کوردستانی» زانیوە نەک «موکریانی»!

٣. هەروەها لە دەیان لاپەڕەدا دەستەواژەی: «کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشور، کوردستانی باکور ...»ی بەکارهێنراوە. ئەگەر نوسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە دەستەواژەی «کوردستانی ئێران، کوردستانی عیراق، کوردستانی تورکیا ...» داننانە بە پارچەپارچەیی کوردستان و دەستەواژەیەکن کە بە قازانجی داگیرکەرانن، بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا (کەمتر) بەکاریهێناون! ئەوا دەبوا بیزانیایە کە دەستەواژەی «کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشور، کوردستانی باکور ...»یش داننانێکی تەواوە بە پارچەپارچەیی کوردستاندا!

بۆ کەسێک کە کوردستان بە یەک وڵات بزانێت، باشترین و دروستترین دەستەواژە بۆ ئاماژەکردن بۆ بەشە جیاجیاکانی ئەوەیە کە بنوسێت: «باشوری کوردستان، باکوری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان»، واتە کوردستان یەک وڵاتە و بەشێکی کەوتوەتە باشورەوە، بەشێکی دیکەی کەوتوەتە باکورەوە ... هتد.

جیا لەم هەڵانەی کە لێرەدا ئاماژەم بۆ کردون و ڕاستمکردونەتەوە، چەندین هەڵەی دیکەی نێو ئەو کتێبەم لای خۆم دەستنیشانکردوە. هەروەها زۆر باس و لێکدانەوەی نوسەرەکەی مایەی لێدوان و شیکردنەوەی زیاترن،

بەڵام بەپێویستی نازانم لێرەدا لەوە زیاتر درێژە بەم باسە بدەم. مەبەستی سەرەکیشیم لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە ئەوەیە کە ئەو چەشنە هەڵە و کەموکوڕییانە بەسەرماندا تێنەپەڕێت و چیدیکە ئەو زانیارییە ناڕاست و نادروستانە لێرە و لەوی «چەند بارە» نەکرێنەوە و هەرچی زیاتر هەوڵ بدەین مێژووی نەتەوەکەمان بەبێ هەڵە و بەڕاستی و دروستیی بنوسنیەوە.

تێبینی:

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا هەر ڕستە و پەرەگرافێکم لە کتێبی «ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧» وەرگرتبێت، وەکو خۆی نوسیمەتەوە و بە هیچ جۆرێک دەستکاریم نەکردوە.

* ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە سەرەتای مانگی جێنیوەری ٢٠٠٥ دا نوسیوە. پاشتر لە چەند کاتێکی جیاجیادا پیایدا چومەتەوە و گۆڕانکاریم تیادا کردوە.

## پاشکۆی سێیەم* :

# گۆڤارو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە

کۆمەڵە لە ساڵیانی سەرەتای پێکهاتنیدا گۆڤارو نوسراوەکانی دەسنووس بوون و، بە هۆی هەلومەرجی دیکتاتۆری ڕژیمی شا لە ژومارەیەکی کەم دا بڵاودەکرانەوە. ئەم نوسراوانە بە زمانی فارسی بوون، کە دەتوانین ئاماژە بە چەند نامیلکە بەم ناوانەی خوارەوە بکەین.

"چرا پراکندە ایم و چگونە متشکل شویم" واتە "بۆچی پەرش و بڵاوین و چلۆن ڕێکخراو بین" و "توطئە جدید علیە خلق کرد" واتە "پیلانێکی تازە دژی گەلی کورد" کە تایبەت بوون بە ئاکامەکانی رێککەوتنی شا و سەدام لە ئەلجەزایێر.

گۆڤاری "بسوی انقلاب" واتە "بەرەو شۆرش" کە چەند ژمارەیێکی لێ دەرچوو. هەروەها ژومارەیەکی دیکە نامیلکە لەسەر کێشە تایبەتییەکانی، خەباتی دژی دەرەبەگایەتی لە کوردستان، وەکوو زەرینەو گەچێنەو دارسێران و، هەروەها نامیلکەیەک لە سەر مانگرتنی کرێکارانی کارخانەی ئاسن تواندنەوە لە ئەسفەهان.

هەمووی ئەو گۆڤار و نامیلکانە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٨ دەرچوون. لە مانگەکانی کۆتایی ١٩٧٩دا، کۆمەڵێک ڕاگەیاندن و نامیلکە لەژێر ناوی "هاوڵاتیانی تێکۆشەر" بڵاودەکرایەوە، کە دوای سەرکەوتنی شۆرشی دژی پاشایەتی لە ئێران، جێگای خۆیدا، بە گۆڤارێکی خەبەری بە ناوی "خەبەرنامە". خەبەرنامە، بە دوو شێوە دەردەچوو. شێوەیەکی مەحەللی بوو، کە لە شاری سنە ئامادە دەکراوەو، شێوەیەکی سەرتاسەری کە لە شاری مەهاباد ئامادە دەکراو لە هەموو کوردستان بڵاودەکرایەوە،

---

* بە باشمان زانی بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چالاکی ڕۆژنامەوانی کۆمەڵە، بە داوای لێبوردنەوە لە کاک جوتیار تۆفیق، ئەم نووسینەی بەرێز ئیبراهیمی عەلی زادە بکەینە پاشکۆیەکی تر.

بەدوای هێرشی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەورەی بڵاوبوونەوەی "خەبەرنامەی کۆمەڵە" لە شاری سنە کۆتایی پێهات و، "خەبەرنامەی کۆمەڵە"، بە شێوەیەکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستان بڵاودەکرایەوە، کە لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان دا چاپ دەکرا. تەمەنی ئەم خەبەرنامەیەش هەتا دامەزراندنی ڕادیۆی کۆمەڵە، بە ناوی "دەنگی شۆڕشی ئێران" درێژەی هەبوو.

لەگەڵ ڕووخانی ڕژیمی شا، کە مەجالی دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێب لە ئاستێکی بەرین دا پەیدا بوو، یەکەم گۆڤاری کۆمەڵە لەژێر ناوی "شورش"، بە زمانی فارسی لە بەهاری ١٩٨٠ دا بڵاوکرایەوە. کە تەنیا دوو ژومارەی لێ دەرچوو، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم ژمارەی گۆڤاری پێشرەو، بە زمانی فارسی دەرچوو و ساڵێک دواتری ئەو گۆڤارە، هاوکات بە زمانی فارسی و کوردی بڵاوکرایەوە. دەورەی یەکەم، لە ١٩٨١ تا ١٩٨٣ کاتی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دەورەی دوهەم، لە ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٩١، کاتی یەکەم جیابوونەوەی ناو کۆمەڵەو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دەورەی سێهەم، لە ساڵی ١٩٩١ەوە، هەتا ئێستا کە بەردەوام دەرچوو و ٢٣١ عەدەدی لێ بڵاوکراوتەوە.

جیا لە گۆڤاری پێشرەو، کۆمەڵە دوو گۆڤاری دیکەشی هەبوو، یەکێکیان گۆڤاری " پەیام"، بە زمانی فارسی بوو، کە ٧٩ عەدەدی لە ساڵی ١٩٨٧ تا مانگی گوڵانی ١٩٩١ لێ بڵاوبۆتەوەو ئەوی تریان گۆڤاری ئەدەبی و هونەری "پێشەنگ"ە، کە ئەویش لە دەورەی یەکەمدا لە پاییزی ١٩٨٥ تا مانگی خاکەلێوەی ١٩٩٣ی زایینی خایاند کە ١٥ ژومارە بوو و، کە لەگەڵ هەر ژمارەیێکی بە کوردی ژمارەیکی بە فارسیش دەردەچوو. دەوری دوهەمی، گۆڤاری پێشەنگ بەهاری ٢٠٠٣ی زایینی دەستی پێکردەوەو، تا ئێستا بەردەوامەو، سەرجەم ١٣ ژمارەی لێ دەرچووە .

لە گەڵ هیوای سەرکەوتنتان

**ئیبراهیمی عەلی زادە**